چەند دەقێکی شانۆیی

# ڕاكشان لة تةنيشت تارمايي نيشتمانةوة

نووسینی:

عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ)

کەرکوك – 2011


لیژنەی سەرپەرشتیاری چاپ

بورهان ئەحمەد

حەمە سەعید زەنگنە

سەباح ئیسماعیل

نەوزاد عەلی شێخانی



ناوی کتێب: ڕاکشان لە تەنیشت تارمایی نیشتمانەوە

بابەت: چەند دەقێکی شانۆیی

نووسەر: عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ)

دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید

لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی کەرکووك ژمارە (127)

چاپخانە: کارۆ

چاپی یەکەم- 2011

تیراژ: (500) دانە

**پێشکەشە بە :**

- ئاڵای کچم کە سەلیقەیەکی هونەری بەرزی هەیە لەوێنە کێشان و ئیستاتیکا.
- ئەو هونەرمەندانەی کە لە ڕۆژە دژوارەکانی سەدەی ڕابردوو بناغەی شانۆی کوردییان لە کەرکوک دانا.
- ئەو هونەرمەندانەی کە ئەمڕۆ مێژووی شانۆی کوردی لە کەرکوک بە توانا بەرزەکانیان دەنەخشێنن.
- کاک قادر حەسەن محەمەد بەرزنجی(باوکی دارەوان) کە پڕە لە وەفا و خۆشەویستی.

## لەڕوانگەی ئەم دەقانەوە ئەمەوی بڵێم چی؟

ئەمەوێ ئەوە بە خوێنەر بڵێم کە من نە کادیرێکی شانۆییم و نەئەکتەر. لەژیانمدا نەچوومەتە سەر شانۆ بۆ نواندن و قەت بینەرێکی باشی شانۆگەریش نەبوومە. چونکە کەرکوک لەدوای ساڵی 1975 وە کە بەعس چنگی تەعریبی لە گەرووی گیرکردبوو، هیچ بوارێکی بۆ بزووتنەوەی ئەدەبی و هونەری لەو شارە نەهێشتبۆوە تا بتوانێ گەشە بکات و بەرەو پێش بچێ. سانسۆرکردنی دەقی شانۆیی و هونەری نواندن و نمایش لەکەرکوک کاریگەری بەهێزی دانا لەسەر کوردی دانیشتووی کەرکوک نەتەوەکانی تر تا نەبنە بینەرێکی جیددی و بەسەلیقەی شانۆ. دیارە منیش وەک کەرکوکییەک لەدەرەوەی ئەم هاوکێشەیە نەبووم. بزووتنەوەی شانۆی کوردیش لەکەرکوک دووچاری هەلومەرجێکی نالەبار و سەخت بۆوە.
شانۆی کوردی لە کەرکوک نەک هەر وەستا،بەڵکو بەعس تەفرو تونای کرد. هونەرمەندانی کوردیش پەرتەوازە بوون کە



هەندێکیان ڕوویان لەشارەکانی تری کوردستان کرد و بەناچاری لەوێدا و شانبەشانی هونەرمەندانی تری کورد درێژەیان بە کاروانی شانۆی کوردیدا و هەندێکی تریشیان بەرەو هەندەران ڕۆیشتن بۆ هێنانە دی خەونەکانی شانۆی کوردی و هەندێکی کەشیان بەناچار لە کەرکوک مانەوە.
شانۆی کوردیی لە کەرکوک هەر بەو جۆرە نەمایەوە. دوای کۆمیدیای پڕۆسەی ئازادی، شانۆکارانی کورد لەپێناو هەڵسانەوە و بەرەو پێش بردنی شانۆی کوردیی لە کەرکوک دەستیان کردەوە بە ئارایشتدانەوەی بزووتنەوەکە و وەگەڕخستنی تەواوی تواناکان لەپێناو گەشەپێدانی چۆنییەتی شانۆی کوردیی لە کەرکوک و بەدەستەوە گرتنی گوتارێکی ڕەخنەیی تا بتوانن ڕابردوو و ئێستای پێ بخوێننەوە. تیپی شانۆی ئەزمونگەری کوردی و گۆڤاری شانۆکار گەواهی ئەو ڕاستییەن. بوونی پەیمانگای هونەرە جوانەکان- بەشی شانۆ لەکەرکوک و بەرهەمهێنانی کادیری هونەری و شانۆیی و هەروەها بوونی چالاکییە شانۆییەکان، فەراهەمهێنان و زەمینە ڕەخساندنی ئارایشتدانەوەی بزووتنەوەی شانۆیین لە کەرکوک. منیش کە لەئەوسەری گۆی زەوییەوە خەریکی گوزەراندنی ژیانێکی بێدەنگ و تەنیام، دوور لە شانۆی کوردی، دوور لە بینینی

بەرهەمە بەپێزەکان و تەنانەت دوور لە
شانۆکارانیش ئەمەوێ لەڕێگەی وەرگێڕانەکانم و
نووسینی ئەم دەقانەوە بەشدارییەکی بچووکی
ئەو خۆشەویستییە بکەم بەپێی دەڵێن عەشقی
شانۆی کوردی.
لەم گۆشەنیگایەشەوە بوو کە لەسەرەتادا
گووتم بینەرێکی باشی شانۆگەری کوردی
نەبوومە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە هیچ
پەیوەندییەکم بە شانۆوە نەبووە،نا. منیش
شانۆم وەک چەکێکی کاریگەری خەبات و
وشیارکردنەوە زانیوە و لەم دیدگایەشەوە لێم
ڕوانیوە. بۆیە لە ساڵی 1984 شانۆگەرییەکی
کورتم نووسی بەناوی"شەهید" و ئەمە جگە لە
نووسینی ژمارەیەک ئۆپەرێت کە لە چەند
ژمارەیەکی گۆڤاری "ڕابەر" بڵاو کرانەوە.
ئەم پەیوەندییەی من و شانۆ کە جگە
لەخۆشەویستی هیچی تر نییە، هەر لەنێو
دووتوێی دڵی خۆمدا هێشتمەوە تا لەم
ساڵانەی دوایی لە کەنەدا بواری ئەوەم بۆ
ڕەخسا کە لەنزیکەوە بە شانۆی ئینگلیزی ئاشنا
بم. لەخوێندنەوەی شانۆگەرییەکان و،
بەتایبەتیش لەسەرسامیمەوە بە شانۆگەری
"ماکبێس" ی شەکسپیر بڕیارمدا جارێکی تر
بچمەوە لەدەرگای ئەو دۆستە دێرینەم بدەمەوە.
لەو بوارەشدا دوانزە شانۆگەری کورتم بۆ
مێردمنداڵان بە ناوی"ئاکشن" لە ئینگلیزییەوە



وەرگێڕاو و هەروەها شانۆگەری"دڵی سەربازی
دەیڤد فرێنچم هەر لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە بۆ
کوردی و ئەمە بێجگە لە وەرگێڕانی چەندین
کورتە شانۆگەری ئێدوارد ئەلبی و هارۆڵد پینتەر
و سامۆیل بێکت و بێتی کیلەر و ئۆجین ئۆنێل و
ئۆجین یۆنیسکۆ و هەروەها وەرگێڕانی
شانۆگەری" فیفۆخان و هاوڕێکانی لە نووسینی
ماریا ئرینا فۆرنیس و...تاد. بەڵام هێشتا وەڵامی
ئەو پرسیارانە ڕوون نین کە ئەم دەقانە بۆ
نووسران؟ ئایا ئازادییە تاک و کۆمەڵایەتییەکان
لەکوێی ئەم دەقانەوەن؟ ئەی خەمی کۆمەڵ
بەرەو کوێ بەین ئەگەر ئەدەب دەرگای خۆیمان
لەسەر دابخات؟ من لەم دەقانەدا هەوڵمداوە
لەدەرەوەی ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراو و
بەسیاسەتکردنی دەقەوە خەمەکانی ژیان ببینم
و بیان نووسمەوە. لەوێوە لەدەرەوەی وروژان و
هەڵچوونە کاتییەکانەوە دەست بۆ هونەر بەرم و
لەدەرگای شانۆ بدەم. بێئەوەی ترسم لەوە
هەبێت ناوەڕۆکی دەقەکانم چین و سەر بەچ
گورزبەندییەکی فیکرین. چونکە لەوە دڵنیام
لەکوێوە دەست پێدەکەم و ئەوەشم لا ڕوونە کە
بۆ من نووسینی شانۆگەری شانبەشانی شیعر
ڕێگایەکی ترە بۆ گوزارشتکردن لە خەمەکانی
خۆم و ژیان. لەم دەقانەدا لەگەڵ کێشەی
بوونگەرایی مرۆڤ لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە
لەگەڵ دەرکەوتە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان

دەرگیرم. دیاردەی گەندەڵی و خستنە ژێرپێی ڕابردوو و تێکۆشان لەپێناو پارە و سەروەت و سامان، پێشێکردنی ئازادی سیاسی و تیرۆرکردنی قوربانی بەدەستی جەللاد و مەسەلەی ژن و بێبەزەیی ژیان و ئازاری گەنج و تاد ئەو کڵاوڕۆژنانەن کە لێیانەوە دەڕوانم و دەقەکانم هەڵوەستەیان لەسەر دەکات و بەسەریان دەکاتەوە. خەمی ئەم دەقانە خەمی مرۆڤن، خەمی خەون بینینی مرۆڤە بەژیانێکی جوانتر و قەشەنگتر لەوەی کە هەیە. لێرەوە بوو پێم بەجەرگی خۆمەوە ناو و گووتم "ترسم نییە لەوەی ناوەڕۆکی دەقەکانم سەر بەچ گورزبەندییەکی فیکرین" بەڵام ترسی گەورەم لەو شێوازە هونەرییانەدایە کە دەقەکانم پێنووسیون . من لەوە ئەترسم نەمتوانیبێت حیسابی وردم بۆ چێژی خوێنەر کردبێت. ترسم هەیە دەقەکانم لەئاستێکی هونەری وادا نەبن و وەک دەقی شانۆیی لەخوار هێڵی داهێنانەوە بن.

من تێکۆشاوم تا ئەو جێگەیەی توانام بەسەریدا شکابێت و بەپێی ویستی دەقەکان دەست بەرم بۆ ئەو ئامڕازە هونەرییانەی کە دەقێکی شانۆیی دەکەنە دەقێکی هونەری. من دەستکاری زمانی کارەکتەرەکانم نەکردووە، ویستوومە کارەکتەرەکان خۆیان وەک چۆن هەن ئاوا بدوێن، بۆیە گەڕان بەدوای شوناسی کارەکتەر لەڕێگەی زمانەوە ڕەنگە خوێنەر بگەێنێتە دەرئەنجامێکی



دروست لەناسینی کارەکتەرەکان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووریان. جووڵە و بەکارهێنانی جەستە و تەنانەت دۆزینەوەی جەستەش پەیوەستن بە جووڵە و دۆزینەوەی جەستەی کارەکتەری ڕۆژهەڵاتی. چونکە کارەکتەرەکانی ئەم دەقانە کارەکتەری ڕۆژهەڵاتین بۆیە مەیل و ئارەزووی بەکارهێنانی جەستەش جگە لە حاڵەتی بەکارهێنانی توند و تیژی زیاتر جەستەیەکی سست و ناچالاکە و ئەمەش لەجووڵەکی کارەکتەرەکانی نێو دەقەکاندا دەبینرێن. دەنگ و مۆسیقا پانتاییەک داگیر دەکەن لەدەقەکان. لەنێوان دەنگ و جوولەی جەستەشدا "وچان" و بێدەنگی و پشووی کورت سێبەر دەخەنە سەر چەند دیمەنێک. ڕەگەزی بۆشایی بەدرێژایی دەقەکان لەهەوڵی ئەوەدایە ئەتمۆسفیری دەقەکان بپارێزێت و جووڵەی ئازادیش فەراهەم بهێنێت. میزاجیش توند گرێدراوەتەوە بە ناوەڕۆکی دەقەکە و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەوە.

تا ئەم خاڵە من لەسەر دەقەکانی خۆم قسە ئەکەم و زیاتر نابێژم. لێرەوە دەقەکان جێئەهێڵم بۆ خوێنەران و ڕەخنەگران. چونکە دواجار ئەم هەوڵەی منیش پێویستی بە خوێندنەوە و ڕامانی ڕەخنەگرانە هەیە تا هەموو پێکەوە بتوانین لەپرۆسەیەکدا لەخاڵە گەشەکانی داهێنان نزیک ببینەوە. من لام ڕوون نییە ئەم دەقانە چەند بڕ

دەکەن و دەگەن بەکـوێ؟ نـازانم تـا چەنــد وەک دەقی شانۆیی لەبەردەم خوێنەرانـدا دەتـوانن خـۆ نمـایش بـکەن؟ بەڵـام ئومێـدم وایە ئەو پەیـامەی مەبەسـتمە گەیاندبێتم.

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)
کۆتایی 2010
ڤانکۆڤەر – کەنەدا

شانۆگەری

# ماڵئاوا ئەی خەون

کارەکتەرەکان

پەرژین : تەمەنی لەدەوروبەری سیوپێنج ساڵە. قژی ڕەش، باڵای مامناوەندییە. غەمبارە و خەمی لەدەستدانی هاوسەرەکەی پێوە دیارە و نیگەرانیی لە چاوانیدا بەدی دەکرێت. پانتۆڵێک و کراسێکی لەبەردایە.

کازم : هاوڕێی پەرژین و براکەکەی بوو. تەمەنی سیوهەشت ساڵێك دەبێت. مامۆستایە و نیگارکێشە. تۆزێک لاوازە. کابۆیەک و تیشێرتێکی لەبەردایە.

شوێنکات

ئێوارەیەکی درەنگی ڕۆژێکی مانگی ئازارە و خۆر لە ئاوابووندایە. ژووری مێوانی ماڵی پەرژینە. لەلای ڕاستی شانۆوە قەنەفەکی درێژ و دوو ئەسکەمیلی پلاستیک دانراون و مێزێکی بچووکی قاوەش لەبەردەم قەنەفەکەیە کە یەک



دوو کتێب و گۆڤار و مۆبایلێک و ڕۆژنامەیەکی لەسەرە. لەلای چەپیشەوە دەرگایەک هەیە کە بۆ پشتەوەی شانۆ دەڕوات. گۆشەی لای دەرگاکە هەندێک تاریکە. بەڵام لای ڕاستی شانۆ ڕووناکە. کتێبخانەیەکی بچکۆلانەی پڕ لە کتێب لەنزیک دەرگاکەوەیە. بەدیواری بەرامبەر جەماوەریش سەعاتێک هەڵواسراوە لەگەڵ وێنەیەکی لەچەرچووپە گیراوی نیزام و پەرژین کەلە ئاهەنگی هاوسەرگیری گرتوویانە. ڕووناکی بەزۆری لەسەر ناوەڕاستی شانۆیە.

پەردە لا دەدرێت

(**پەرژین لەسەر لایەکی قەنەفەکە دانیشتووە و ڕۆژنامەیەکی لەبەردەمدایە و لە وێنەی نیزامی هاوسەری ورد دەبێتەوە کە هەفتەی ڕابردوو خۆی کوشتووە. لەناکاو لە زەنگی دەرگا دەدرێ و ڕائەچڵەکێ**)

پەرژین : ( **ڕوو لە بینەران دەکات.**)ئای دڵم داخورپا..دەبێ کێ بێ بۆ ئەم تەنیاییەی من بانگهێشت کرابێ؟ یان ئەوە کێیە کە دەیەوێت بەشدارییەکی بچووکی ئەم پرسە بێکەسەم بکات.

**(پەرژین بەرەو لای گۆشە تاریکەکەی شانۆ دەڕوات و لە دەرگاکە دەچێتە دەرێ و پاش چەند چرکەیەک دەگەڕێتەوە و کازمی لەگەڵدایە.)**

پەرژین : کاک کازم. بەخێر بێی. فەرموو دانیشە.

کازم : **(لەسەر لای چەپی قەنەفەکە دادەنیشێت)**سوپاس پەرژین خان. بەهیوام نەبمە سەرئێشە و کات بەفیڕۆدانت. من گومانم لە بێدەنگی دوو سێ ڕۆژی ڕابردووی خۆم کرد بەتایبەتی دوای تەواوبوونی پرسەکە و گووتم تۆ بڵێی پەرژین ئێستا پێویستی بە یارمەتیم نەبێت؟

پەرژین : **(لەلای ڕاستی قەنەفەکە دادەنیشێ.)** نازانم کازم منیش ئەو پرسیارەم لە خۆم دەکرد کە ئاخۆ هۆی چییە دیار نیت؟ دەمگووت تۆ بڵێ لەدوای نیزام ئەویش ئاوڕێکمان لێنەداتەوە و جێمان بێڵێ.

کازم : نا پەرژین قەد ئاوا بیر مەکەرەوە. من چۆن نیزام و تۆ لەبیر ئەکەم. **(وچانێکی کورت.)** نیزام بۆ من هەر هاوڕێیەک نەبوو، بەڵکو ڕێنیشاندەر و ڕێنوێنیکەر بوو.



پەرژین : ئەی بۆچی دیار نەبوویت؟ **(پەرژین لەجێگاکەی هەڵدەستێتە پێ.)** بەڕاست تینووت نییە؟

کازم : تینووم نییە، سوپاس. ئەمەش بزانە هەر بەتەنها لەبەر خاتری تۆ بوو کە دیار نەبووم.( **وچانێکی کورت.)** ئاخر دەترسام ناڕەحەت بیت و ببمە باعیزی کولانەوەی برینەکەت. دەترسام بەبینینی من ئازارەکانت بەرەو سەرەوە هەڵکشێن.( کازم **لەسەر قەنەفەکە هەڵدەستێتە پێوە و ڕوو بە پەرژین دەوەستێت.**)

پەرژین : بەنیازی بڵێی دوای مردنی نیزام خۆم بدەمە دەست قەدەر؟ **(پەرژین بەسەر شانۆکە هاتوچۆ دەکات و لە جووڵەی دیارە کە نیگەرانە.)**

کازم : ( **بەجۆرێک لە خەجاڵەتییەوە.)** نا...پەرژین...نا.خۆت دەزانی پەیوەندی من و ئێوە چۆن بووە و دواتریش چاک دەزانی نیزام چ سەرچڵی و یاخیبونێکی مەزنی فێرکردووین.( **تۆنی دەنگی خەمبارانەیە.)** نەئەبوو ئاوا زوو بەجێمان بێڵێ.

پەرژین : (**هەناسەیەکی سارد هەڵدەکێشێ.)** ئەو ڕوحی بەرەو ڕەهایی تەواو وەک باڵندەی لەقەفەس ئازادکراو، لەشەقەی باڵیداو فڕی. (**بێدەنگییەکی کورت.**) ئەو ئێستا چاوەڕوانی ئێمەدایە. ئەو ئێستا لەکەرنەڤاڵی نەمری ڕاستەقینەدا سەرگەرمی سەفا و ئاهەنگ گێرانە.

کازم : ئەو بەپەرۆش بوو بۆ ئەو ساتەی بەرەو ڕەهایی تەواو کۆچ بکات. لەمێژ بوو ئامادە بوو بۆ ئەو سەفەرە. بەڵام تۆش بەشێک بووی لەسەفەری ئەو.

پەرژین : من تەنها دەمژمێری سەفەرەکەیم دواخست. ( **پەرژین خەیاڵێک دەیباتەوە. دەچێتەوە سەر قەنەفەکە و دووبارە لە ڕۆژنامەکە و وێنەکەی نیزام ورد دەبیتەوە.**) لەچەند ڕۆژی پێش سەفەرەکەی بەردەوام نقومی خەیاڵ دەبوو جار بە جاریش لەژێر لێوەوە زەردەخەنەی دەهاتێ. (**پەرژین ڕۆژنامەکە لەسەر مێزە بچکۆلانەکە دادەنێتەوە.)** ئەتوانم بڵێم زۆر ئاگای لە خۆی نەمابوو.

**( مۆسیقایەکی هێمن و غەمگین.)**



کازم : بەڵام لەیادت نەچێت تۆ لەهەموو کەس زیاتر وردکارییەکانی دوایین هەفتەی ژیانی ئەو ئاگاداری. **( لەسەر ئەسکەمیلێک دادەنیشێت و جگەرەیەک دەردەهێنێ و دەیەوێت دایگیرسێنێ. جگەرەکە لەنێو پەنجەکانی دادەنێ و چەرخەکەشی بەدەستەوەیە،**) پەرژین ئەتوانی دواساتی ماڵئاوایی نیزام باس بکەی؟

پەرژین : پڕوات بێ تاقەتی باسکردنیم نییە.

کازم : ئەی کەی دەتوانی باسی بکەیت؟

پەرژین : ئێستا ناتوانم.**( لەسەر قەنەفەکە هەڵدەستێت.)**

کازم : ئاخر خۆت دەزانی ئەو بەوپەڕی هۆشیارییەوە سەفەرەکەی خۆی کرد. ئێ من و تۆ لە کەسە نزیکەکانی ئەوین. تۆ بۆ دوایین ساتەکانی سەفەرەکەیم پێنالێیت؟ ( **لەسەر ئەسکەمیلەکە هەڵدەستێت.)**

پەرژین : کەکاتی هات خۆم هەموویت بۆ باس ئەکەم.

کازم : بەڵام تابلۆکەی من تواناى سەفەرکردنی نابێت تا تۆ ئەو ڕاز و نهێنییانەم لا نەدرکێنیت. **(جگەرەکەی دادەگیرسێنێ.)**

پەرژین : **(بەسەرزەنشتکردنەوە)** چییە کازم ئەتەوێ سەفەرەکەت بۆ ڕەهایی تەواو لەڕێگەی جگەرەوە بکەیت. دەتەوێت بەسواری پاپۆڕی نیکۆتین لەدەریای نێوان ژیان و ڕەهایی تەواو بپەڕیتەوە؟ ( **پێدەکەنێ**.)

کازم : ( **جگەرەکەی دەکوژێنێتەوە.)** نا..پەرژین **(دەکۆخێ.)** خۆتدەزانی من جاروبار جگەرە دەکێشم، پێشم وانییە سواری پشتی وەهم ببم بۆ گەیشتن بەڕەهایی تەواو.

پەرژین : عاجز نەبیت کازم. مەبەستم نەبوو بتشڵەژێنم. خۆ لەباری دەروونیشەوە هونەرمەندان زۆربەیان ناسەقامگیریی دەروونیان هەبووە و هەیە. ئێ خۆ تۆش هونەرمەندی.

کازم : سوپاس بۆ دڵدانەوەکەت.( **جگەرەکەی دەخاتەوە ناو پاکەتەکەی و چەرخەکەش دەخاتەوە گیرفانی.)** بەڵام مەبەستی من گەیشتنە بە دوا ساتی



سەفەرەکەی ئەو کەچارەنووسی تابلۆکەی منیشی پێوە بەندە.

پەرژین : ( **لەکازم نزیک دەبێتەوە ڕوو بەڕووی دەوەستێ.)** ئەزانم بەدوای چییەوەی؟ دەتەوێت دوا نیگا، دوا هەناسە، دوا بزەیت بۆ باس بکەم. (**پەرژین پشت لە کازم دەکا و بڕێک دوور دەکەوێتەوە.)**

کازم : بەڵێ ڕێک هەر ئەوەم دەوێت. هەر ئەمانەشن دەتوانن ڕوح بە تابلۆکەم ببەخشن و پەیامەکەش بگەێنن. **( هەنگاوێک لە پەرژین نزیک دەبێتەوە.)** ئادەی بۆم باس بکە.

پەرژین : ( **بە جۆرە نازێکەوە، زۆرزانانە دەیەوێ خۆی لە وەڵامەکە بدزێتەوە.**) ئێ ئەوە نییە هەواڵەکە لە ڕۆژنامەدا بڵاو بۆتەوە.

کازم : ئەوە تۆ باسی چی دەکەی؟ ڕۆژنامەی چی و هەواڵی چی؟ بۆچی وا ئەزانی خوێندەواریم نییە.خۆت هەڵمەخەڵەتێنە.چاک دەزانی چیم دەوێت. بیریشت نەچێت ئێمە هەردووکمان قوتابی ئەوین.

پەرژین : ( **مۆرەیەک لە کازم دەکات و پاشان سەری دادەخات و چەند چرکەیەک بە بێدەنگی دەگوزەرێ.**) سەختە زۆر سەختە. ( **مۆسیقایەک.**)

کازم : ( **ئەچێتە بەردەم پەرژین و ورد لەچاوانی دەڕوانێ.**) چی سەختە پەرژین، چی سەختە؟

پەرژین : (**پشتی تێدەکا و بڕێک دوور دەکەوێتەوە.**) سەختە گێڕانەوەی دوایین هەناسە.

کازم : پەرژین خۆت دەزانی گەلێ نیزام و کازم و پەرژینی تر هەن چاوەڕوانی ئەم پەیامەن پێیان بگات. (**بەماندوو بوونەوە دەست دەنێتە سەر پشتی ئەسکەمیلێک و ڕادەوەستێت.**)

پەرژین : ( **دەچێتەوە نزیک مێزە بچکۆلەکە و ڕۆژنامەکە هەڵدەگرێت و لە وێنەکەی نیزام ورد دەبێتەوە.**) نزیکەی سەعات دەی شەو بوو، نیزام لەسەر مێزی کۆمپیتەرەکە هەستا. من تەماشای تەلەفیزیۆنم دەکرد، هاتە لام و گووتی "پەژە گەیشتومەتە دوا



بڕیار. سەفەرەکەم دەست پێدەکەم. سەفەر بەرەو ڕەهایی تەواو. دەڕۆم و تۆش بەو قەدەرە دەسپێرم. هەموو شتێک ئامادەیە. ئیتر مانەوەم لێرە بێهوودەیە. "منیش پێمگووت" ئاخر ئاوا چۆن دەبێ نیزام گیان. گووتی" نا پەژە گیان، سەفەرکردن بەرەو ڕەهایی هیچی ناوێت، جگە لە بوێری و ئازایەتی، جگە لە باوەڕ. ئەوانەی بە ویستی خۆیان سەفەر دەکەن بەرەو ڕەهایی ئازاترین مرۆڤێکن. ئەوانەشی لەمەرگ دەترسن هێشتا نەبوونەتە مرۆڤی کامڵ. ناشزانن گەیشتن بەکەماڵیی لەو سەفەرەدایە."

کازم : ( **بەپەرۆشییەکەوە.**) ئێ چیتر. چیتری گووت؟

پەرژین : دەیگووت " مرۆڤ بەئەندازەی دەستڕۆیشتویی و زاڵبوونی بەسەر ئەم هەسارەیە دونیایەک دوژمنی بۆخۆی دروست کردووە. سروشت،تەکنەلۆژیا، ئایین و زۆر شتی تر کە ڕێگرن لەبەردەم گەیشتنی مرۆڤ بە خەونە مەزنەکەی، کەئەویش سەفەرە بەرەو ڕەهایی تەواو." بۆیە ئەو شەوە نیزام وەکو منداڵێکی بچووکی لێهاتبۆوە و بەشەوقەوە لەچاوەکانی دەڕوانیم وەک ئەوەی بڵێ تۆش وەرە لەگەڵم.

ئای ئەو شەوە هەستم بەبەرائەتی نیزام دەکرد.

کازم : ( **لەسەر لایەکی قەنەفەکە دادەنیشێ و ورد گوێی گرتووە.)** ئەێ بەردەوامبە.

پەرژین : دەیگووت" بەختەوەری لەم ژیانەدا نییە. بەختەوەری ڕاستەقینە وا لەڕەهایی دایە. وا لە سەفەرێکدایە کە مرۆڤ لێی تۆقیوە. مرۆڤ بۆ ئەوەی بگات بەو بەختەوەرییە دەبێ یەکەمجار ڕوحی لەزیندانی جەستەدا ئازاد بکات." دەیگووت" خۆشترین سەفەر ئەو سەفەرەیە کە ئازادانە و بەویستی خۆت هەڵیدەبژێری تاموچێژێکی بێوێنەی تێدایە. بۆیە دەمەوێت ڕوحم لەو لەزەتە بێبەش نەکەم. " منیش پێمگووت" ئەی دەربارەی شیعرەکانت؟ " گووتی" شیعرەکانم هەموو هێمای ئەو سەفەرەن. من شیعرم بۆ ڕەهایی تەواو گووتووە و شیعرەکانم بەشێکن لە گەشتی ڕوحم."

کازم : ئەی دوایی چیتری گووت؟

پەرژین : دۆش دامابووم لەنێوان نیزامێک کە هاوسەرمە و دەیەوێت سەفەر بکات لەگەڵ



نیزامێکی مێردمنداڵ کەلەڕەهاییەکی تەواودا سەمای دەکرد. هەردوکیانم خۆشدەویست و دەمویست هەردوکیان لەباوەش بگرم. پڕێک گومانم لە تواناییەکانی خۆم هەبوو، بەڵام هەر زوو لەناخەوە دوودڵییەک دەستەمۆی کردم. لاوازییەکانیشم لێرەوە دەستی پێکرد.

کازم : (**هەڵدەستێتە سەر پێ و لەپەرژین نزیک دەبێتەوە.**) دوودڵی لاوازی نییە، بەڵکو ڕۆچوونە نێو ڕاستییەکانە، ئەو ڕاستییانەی کە من و تۆ و نیزام و دەیانی تر دەرکیان پێدەکەین. دوودڵی سەرەتای ڕێیەکی ڕەوان بەڵام دژوارە بۆ هەڵگێڕانەوەی ڕاستییەکان. چونکە ڕاستی ئەو حەقیقەتە نییە کە دەیبینین، بەڵکو لەپشت ئەو حەقیقەتەوە ڕاستی ڕاستەقینە هەیە کەتەنها مرۆڤی لێوانلێو بە دوودڵی دەیبینێت. ئەێ ئینجا باسەکەم بۆ تەواو بکە.

پەرژین : جۆش وخرۆشی سەفەر نیزامی وەک منداڵێک لێکردبوو. من ئەم جۆرە نمایشانەم چەند جارێکی تر لێبینیبوو. پێموابوو ئەمجارەش وەکو جارەکانی تر دەبێت. ( **بێعەجمانیەک لەسیمایدا دەردەکەوێ**.)

ئیتر فەلسەفە بەدەردی من ناخوات. کام فەلسەفەی زۆر بەهێزە ناتوانێت دڵێک زیندوو بکاتەوە. کام ئایین هەیە بتوانێت یەک ڕۆژ تەمەنی مرۆڤێک درێژتر بکاتەوە. ڕووتبوونەوە لەبەردەم فەلسەفە و سەفەری ڕەها جگە لەخەون هیچی تر نییە!.

کازم : ( **بەسەرسوڕمانەوە لەپەرژین نزیک دەبێتەوە و دەستی دەگرێ.)** ئەوە ئەڵێی چیێ؟

پەرژین : هەموو شتێک دوو دیوی هەیە. دیوی تاریک و دیوی ڕووناک. منیش زۆربەی کات سەرنجم لە دیوە تاریکەکەی ژیان داوە. سەرنجم چۆتە سەر هیچ بوونی ژیان. بەڵام بەدیوەکەی تریدا جوانییەک هەیە کەبەڕەوای نازانم ئەو جوانییە بکوژین.

کازم : **( بەدەنگێکی نیمچە نووساوەوە)** تۆ ئاوڕێک لە مێژوو بدەرەوە. سەیری شارستانیەتەکانی ڕابردووی مرۆڤ بکە..دڵدارەکان ئەوانەی دڵیان پڕ لە خۆشەویستی بوو، یان ئەوانەی بەناکامی سەریان نایەوە. یان سەیری دەستپرۆیشت و هەژار،پاشا و گەدا، زیرەک و



دەبەنگ، هێمن و شەڕانگێز، ئازا و ترسنۆک ، باوەڕدار و بێباوەڕ، بکە کەجگە لە مشتێ خۆڵ و هەندێ ئێسک و پروسک هیچی تر نین و تەنانەت کەسێکیش ناتوانێت بچووکترین هەستێک کەهەیانبووە بخوێنێتەوە. ( **لەپەرژین نزیک دەبێتەوە.)** دواجار پەرژین ئێمەش هەروەک ئەوان دەبینە مشتە خۆڵێک و ئیتر پێمناڵێی ئەو جوانییەی ژیان چییە کە تۆی سەراسیمە کردووە.

پەرژین : تروسکەیەک...تروسکەیەک سەراسیمەی کردووم. تروسکەیەک کەهەر دەڵێی چرایەکی گەشە. نەک هەر وەک خۆر ڕووناکە و ڕەنگەکانی ژیانم نیشاندەدا و بۆنە خۆشەکانم بۆ دەهێنێ، بەڵکو هەناسەکانم بەهێزتر دەکات و دڵم پڕ جۆشتر دەکات. کازم تۆ ئەمە بە لەزەتی کاتی تێدەگەی، بەڵام لای من جوانییەکی بێوێنەیە. جوانییەکە کەئیتر دژایەتیکردنی جگە لە"هیچ"بوون شتێکی تر نییە.

کازم : ئازیزم ژیان لەهەر گۆشەنیگایەکەوە بۆی بڕوانی دواجار تەنها لەغەیری دیمەنی فەنائبوون هیچیتر نییە. مەسەلەکە تەنها کاتە.( **لەم کاتەدا زەنگی مۆبایلی پەرژین لێدەدا.**

**پەرژین مۆبایلەکەی هەڵدەگرێ تا وەڵام بداتەوە**.)

پەرژین : ( **بەدەم کردنەوەی مۆبایلەکەی .)** کاک کازم بەیارمەتی خۆت.

کازم : ( **بەدەست هێمای فەرموو بوون دەکات.)** فەرموو .( **کازم لەسەر ئەسکەمیلێک دادەنیشێ.)**

پەرژین : ( **وەڵامی تەلەفۆنەکە دەداتەوە.)**
ئەلوو..پەرژین قسە دەکات. ( **وچانێک.)**
تۆ چۆنی ئازیزم .( **وچانێک.)**
زۆر سوپاست دەکەم .( **وچانێکی درێژ.)**
هیوادارم خەم نەیەتە ڕێت. ( **وچانێک.)**
(**بەگەرووی پڕ لەگریانەوە**) نیزام پەپوولە بوو، پەپوولە. قسەو شیعرەکانی گەواهی ئەو ڕاستییەن (**وچانێکی درێژ**)
سوپاست دەکەم و دەستت خۆش بێت بۆ تەلەفونەکەت. ( **وچانێک)**
کاتێکی خۆش و هەر بژیت.

(**پەرژین مۆبایلەکەی دادەخاتەوە و لەسەر مێزەکەی دادەنێتەوە**)



پەرژین : ( **ڕوو لەکازم دەکات.)** ببوورە.

کازم : ئاساییە. **( کازم هەڵدەستێتە سەر پێ و پێوەی دیارە کە دەیەوێت بڕوات.)**
پەرژین ..تۆ پێویستیت بەحەوانەوەی زیاترە و ماندوویت و من جێتدەهێڵم.

پەرژین : من لەحەوانەوەیەکی بەردەوامەوە گەیشتومەتە نائارامییەکی مەزن...من پێم وابوو نیگەرانی لە ژیان دەمگەێنێتە ئارامییەکی ڕەها بەڵام بەلەدەستدانی نیزام هاوکێشەکەم پێچەوانە بۆوە.

کازم : ( **بەسەرسورمانەوە.)** هەر قەدەرێ پێش ئێستا خۆت گووتت" نیزام ڕوحی بەرەو ڕەهایی تەواو وەک باڵندەی لەقەفەس ئازادکراو لەشەقەی باڵیدا و فڕی. ئەو چاوەڕوانی ئێمەیە. ئەو ئێستا لە کەرنەڤاڵی نەمری ڕاستەقینەدا سەرگەرمی سەفا و ئاهەنگێڕانە." کەچی ئێستا باس لە پێچەوانەبوونەوەی هاوکێشەکەت دەکەیت. من تێت ناگەم!

پەرژین : ئاخر ئەمە ئەو شڵەژان و نائارامییەیە کەلەدوای لەدەستدانی حەوانەوەیەکی دەروونی، دووچاری بوومە.

(**مۆسیقایەک.)**

(**پەرژین بەدەستی چەپی دوو پەنجەی دەخاتە سەر چاوەکانی و سەری دادەخات. کازم دەیەوێ دەست بخاتە سەرشانی پەرژین تا ئارامی بکاتەوە.)**

کازم : ئەوە چیتە پەرژین؟

پەرژین : ( **خۆی ڕادەپسکێنێ و دوور دەکەوێتەوە و بەتوندی و جۆرێک لە تووڕەبوونەوە.)** وازم لێبێنە. من بەرگەی ئەم نەهامەتییە ناگرم.

( **مۆسیقایەک.)**

کازم : ( **بەهێمنییەوە.)** پەرژین پێدەچێت زۆر ماندوو بیت. من بەجێت دەهێڵم تا پشوو بدەیت. جارێکی تر قسان دەکەین.



پەرژین : نا...نا..ناڕۆی تا وەڵامی ئەو پرسیارەت نەدەمەوە کە بۆی هاتووی. بۆ ئەوەی بتوانی ئەو پەیامەی کەپروات پێی هەیە بیگەێنی، بۆ ئەوەی تابلۆکەت بگاتە ئەنجام. ئەم ئێوارەیە من دەبێت ئەو نهێنییەت بۆ باس بکەم.

کازم : خۆشحاڵ دەبم.

پەرژین : **( دەچێتە لای چەپی شانۆکەوە.)** وەک گووتم نزیک بە دەمژمێری دەونیوی شەو دەبوو. نیزام لەسەر کۆمپیتەرەکەی هەستا و کەوتە قسەکردن لەگەڵما لەسەر سەفەرەکەی. منیش وەک جارانی پێشوو گوێم بۆ گرت و پێموابوو دوای قسەکردنەکە دەچین دەنووین و بۆ سبەینێش لەخەو هەڵدەستین و دەچین بۆ کار. ئەو شەوە پرێک ماندوو بووم، زووتر شەوشادم کرد و چوومە ژووری نوستنەکەمان. کە بەجێم هێشت نیزام هەر تەماشای وێنەکانی نێو ئەلبومەکانی دەکرد. (**پەرژین بێدەنگ دەبێت.**)

کازم : ئێ پاشان؟

پەرژین : پاشان لەسەر جێگەکەم خەوم زڕا و کەوتمە تەماشاکردنی تەلەفیزیۆن. ئەو

تەلەفیزیۆنە بچووکەی لەژووری نووستنەکەماندایە.

کازم : ئێ..دوایی؟

پەرژین : من بەتەماشاکردنی تەلەفیزیۆنەوە خەریک بووم و وامدەزانی نیزام هەر تەماشای وێنەکانی نێو ئەلبومەکان دەکات. چونکە نیزام بەردەوام و هەمیشە لەپاش من دەنووست. شەوان نیزام زۆرتر خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامە، تەماشاکردنی وێنە، هەڵدانەوەی هەندێ لاپەڕەی کتێب، یان نووسینی شتێک دەبوو.

کازم : ( **بەپەرۆشییەوە گوێی گرتووە.**) ئێ پەرژین تەواوی بکە.

پەرژین : ( **بەدڵتەنگییەوە.**) من هەر چاوەڕوان بووم و نیزام هەر دەرنەکەوت. گووتم با نارەحەتی نەکەم تا خۆی دێت. ئیتر قەدەرێکی تر چاوەڕوان بووم و نیزام هەر دیار نەبوو. منیش کەوتمە گومانەوە. لەهەڵسانا بووم بزانم چی دەکات. هێشتا لەسەر تەختەخەوەکەمان بووم و پێم نەگەیشتبووە زەوی،گوێم لە تەپەیەکی بەرز بوو. بەپەلە



ڕامکرد بۆ ئەم ژوورە، ئینجا بۆ دەرەوە. وەی خوا گیان چیم بینی.

(**پەرژین قورگی پڕ لەگریان دەبێ...وچانێک**)

کازم : پەلە مەکە، لەسەرەخۆ پەرژین. لەسەرەخۆ بۆم تەواو بکە.

پەرژین : نیزامم بینی پەلەقاژەی بوو.(**پەرژین لەسەر لایەکی قەنەفەکە دادەنیشێ و درێژە بەقسەکانی دەدات**) نیزام پێشتر ئامادەکاری تەواوی کردبوو. سێ مەتر گوریسی ئەستووری کڕیبوو، سەرێکی لە ستارەکەی سەربان قایم کردبوو و سەرەکەی تریشی توند لەملی خۆی گرێدابوو. ئەوجا خۆی هەڵدابوە خوارێ. (**وچانێک.**) کەبینیم جەستەی دەلەرایەوە (**وچانێک**) ئینجا هاوارێکی گەورەم کرد و قیژاندم.

کازم : تۆ سیمای نیزامت چۆن بینی؟ چیدەکرد؟ ترسی پێوە دیاربوو یان ئاسوودە بوو؟ پەشیمانی نیشان دەدا یان بێباکی؟ پێدەکەنی یان چی؟

پەرژین : من ئێستاشی لەگەڵدا بێت تێنەگەیشتم ئەوە پەلەقاژەی مەرگ بوو یان ڕاکردن و پەلەکردن بوو بۆ ڕەهایی.
بەڵام هەردوو دەستی لەسەر سنگی دانابوو. بەچاوێکی کراوەوە لێی دەڕوانیم وەک ئەوەی داوای لێبووردن بکات و ئیتر ئاگام لەخۆم نەما.

کازم : نیزام توانی دواجار خۆی لەتەواوی مەینەتەکانی سەر زەوی، لەترس، لەخەم و نیگەرانی ، لەگومان ڕزگار بکات و ڕوحیشی لەزیندانی جەستە ئازاد بکات. (**ڕوو لە بینەرانی نێو هۆڵەکە دەکات.**) بەڵێ ئەو بەرەو ڕەهایی ئەبەدی سەفەری کرد.

پەرژین : کەچاوم کردەوە ماڵمان یەک کەسی تری نەدەگرت. پوورە گوڵە دراوسێمان ئاوی ساردی دەپرژاندە دەموچاوم و
پیاوەکانیش تەرمی نیزامیان داگرتبوو.

**(مۆسیقایەک)**

کازم : ئەی نامەکە؟ نامەکە چۆن دۆزرایەوە؟ نیزام کەی نامەکەی نوسیبوو و چی تێدا نووسیبوو؟



پەرژین : نامەکەی لەنێو ئەو گۆڤارە نابوو کە خەریکی خوێندنەوەی بوو. لیژنەی بەدواداچوون دۆزیبۆوە **( مۆسیقایەک)**

کازم : ئەی نامەکە چی بەسەر هات؟

پەرژین : نامەکە پیشانی من و کاکە سمکۆم درا. ئەگەر ئەو نامەیە نەبوایە ئەوا بۆ ماوەیەک گلیان دەداینەوە.(**پەرژین بەجۆرێک لە سوپاسگوزارییەوە.**) باش بوو ئەو نامەیەی نووسیبوو.

کازم : ئەی نامەکە لەکوێیە؟

پەرژین : نوسخەی ئەسڵی لای بەرێوەبەری پۆلیسە بەڵام کۆپی نامەکەم لا هەیە. پۆلیس بەمەرجێ کۆپی نامەکەیان داپێم کە تا تەحقیق تەواو نەبێ پیشانی کەسی تری نەدەم. هەر یەکەم ڕۆژیش تەحقیق تەواو بوو.

کازم : دەتوانم نامەکە ببینم؟ زۆر موشتاقی بینینی ئەو نامەیەم.

پەرژین : بەمەرجێ دوای خویندنەوەی بمدەیتەوە.

کازم : ڕازیم. (**خۆشییەک لە سیمایدا دەردەکەوێ.)**

پەرژین : ئێستا دەیخوێنیتەوە و یەکسەریش دەمدەیتەوە.

کازم : دڵنیابە هەر ئێستا دوای خوێندنەوەی دەیدەمەوە دەستت.

پەرژین : ( **نامەکەی نیزام لە نێوان دوو کتێبی کتێبخانە بچکۆلەکە دەردەهێنێ و دەیداتە دەست کازم.)** فەرموو ئەمە نامەکەیە.

کازم : زۆر سوپاس. ( **نامەکە وەردەگرێ و ڕوو لە بینەرانی ناو هۆڵەکە دەکات و بەدەنگی بەرز دەست دەکات بە خوێندنەوەی.)** ( **مۆسیقایەکی نزم و هێمن.)**

بۆ هەموو ئەوانەی ئەم نامەیە ئەخوێننەوە و زۆر بەتایبەتیش بۆ پەژە و کاسوکار و هاوڕێکانم... مەرگ ئەو شتە نەناسراوە نییە کە تووشی سەرسوڕمان و سەرسامیمان بکات. مەرگ بەمانای نابووت بوونی جەستەیە، بەڵام لەهامان کاتدا ئازادکردنی



ڕوحیشەوە لەزیندانی جەستە. ڕوح توانای ئازاد بوونی نییە و ناشتوانێت ئازاد بێت تا لەنێو زیندانی جەستەدا گیری خواردبێت. مردن بۆیە لای زۆربە ناشیرین و قێزەوەنە چونکە مرۆڤ لەململانێیەکی توند و بەهێزدایە بۆ گلدانەوەی ڕوح و ئەسیرکردنی. بەڵام کاتێک مرۆڤ خۆی بەویستی خۆی دەرگا لەسەر ڕوح واڵا دەکات، ئەو کاتە مەرگ شیرینە و جوانە. ئەو کاتە شتێک نییە قەشەنگتر لە مەرگ. من بەویستی خۆم دەرگا لەسەر ڕوحم دەکەمەوە و دەمەوێ بڕۆم بەرەو ڕەهایی هەتاهەتایی. من چاوەڕوانتان دەبم تا ئێوەش پەیوەست بن پێمەوە و لەو ئەبەدییەتە ئاهەنگی نەمری بگێڕین. تکایە کەس تاوانبار مەکەن... چونکە تاوانباری ڕاستەقینە خودی وجودمانە. بەنەمانی وجودمان تاوانبار نامێنێت و گوناهبار و ستەم و نادادپەروەری نامێنن. تکایە لەبری پرسە ئاسوودە بن چونکە من ئاسوودەم. چاوتان ماچدەکەم و بەنیازی دیدار.

نیزامی حاجی عەلادین
1986-03-23

( **مۆسیقاکە کۆتایی دێت.)**

**(کازم دڵتەنگانە نامەکە دەپێچێتەوە و دەیداتەوە دەست پەرژین.)** زۆر سوپاس ئیتر من وەڵامم خۆمم وەرگرت.

پەرژین : ( **نامەکە وەردەگرێ و دەیخاتە گیرفانی.)** ئێستاش دوودڵم لەوەی کە ئایا نیزام ئاسوودەیە یان نا؟

کازم : گومانی تێدا نییە.( **ڕوو لە پەرژین دەکات.)** لێت دەگەڕێم پشوو بدەیت. سوپاس بۆ هەموو شتێک. بەنیازی دیدار.

( **بەرەو گۆشە تاریکەکەی شانۆ دەڕوات.)**

پەرژین : ( **ورد لێی دەڕوانێ .)** و بەنیازی دیدار. دەتبینمەوە.

**( هەر لەگەڵ ڕۆیشتنی کازم شڵەژانێکی دەروونی پەرژین هەراسان دەکات. مۆسیقایەکی تەژی لە ترس و زاڵ بەسەر ئەتمۆسفیری شانۆ دێتە بەرگوێ. پەرژین دێتە لێواری شانۆکە و سەیرێکی گۆشە تاریکەکەی شانۆ دەکات، وەک ئەوەی بڵێ ئێستا کازمیش دەڕوا خۆی دەکوژێ ودەچێتە لای**



**مێزە بچکۆلەکە و تەماشایەکی وێنەکەی نیزام دەکات و ئەوجا بەپەلە و بەڕاکردن بەرەو گۆشە تاریکەکەی شانۆ دەڕوات و هاوارێک دەکات.نا..نا..نا.)**

پەردە دادەدرێتەوە.
2009

شانۆگەری

# ڕۆژە مردووەکان

کارەکتەرەکان

لێپرسراو : تەمەنی لەدەوروبەری پەنجاوپێنج ساڵی دایە، باڵا مامناوەندییە، ورگێکی بچووکی هەیە. سەرحاڵ و تەندروست، بەڵام نیگەران دیارە.

ڕاوێژکاری یەک : تەمەنی چل ساڵ دەبێ، قاتێکی ڕەشی چاکەت و پانتۆڵی لەبەردایە و بوینباغێکی هەناری لەمل بەستووە، قژ ڕەش، ڕیش و سمێڵ تاشراو، چوست و چالاک، شارەزا لە بواری کاروباری کۆمەڵایەتی و ژنان.

ڕاوێژکاری دوو : تەمەنی لەسەرەتای چلەکان دایە. قات و بۆینباغی لەبەردایە. قژ ماش و برنج، ڕیش و سمێڵ تاشراو، شارەزا لەبواری ئابوری و بازرگانی.



ڕاوێژکاری سێ : تەمەنی شەست ساڵ دەبێ. قات و بۆینباغی لەبەردایە، ورگی گەورە، ڕیش تاشراو، بەڵام سمێڵێکی مەیلەو سپی داناوە. شارەزا لەبواری کاروباری سیاسی.

کات

کاتژمێر دەی سەرلەبەیانی ڕۆژی هەینی ناوەڕاستی مانگی نیسانی ساڵی هەزار و نۆسەد و نەوەد و نۆیە.

شوێن

ژووری پێشوازی ماڵی لێپرسراوە.

پەردە لادەدرێت

لێپرسراو لەسەر قەنەفەیەکی گەورە و جوان دانیشتووە. چاویلکەیەکی زەڕەبینی لەچاودایە و گۆڤارێکی ڕەنگاوڕەنگی بەدەستەوەیە و لە وێنە گەورە ڕەنگاوڕەنگەکەی خۆی دەڕوانێ کەلەگەڵ چاوپێکەوتنەکەیدا بڵاوکراوەتەوە. قاتێکی چاکەت

و پانتۆڵی لەبەردایە و بۆنیباغێکی سوور و کراسێکی سپی لەژێرەوە پۆشیوە. قژی شانەکراو، پاک و خاوێن، سمێڵە بۆیاغکراوەکەی بەئاشکرا نهێنی تەمەنێکی لەوە زیاتر دەدرکێنێ کەپێوەی دیارە. هەر سێ ڕاوێژکارەکەشی لەسەر ڕیزە قەنەفە دانیشتوون.لێپرسراو و هەر سێ ڕاوێژکار یەکی پەرداخێ شەربەتیان لەبەردەمە. لەسەر دیواری شانۆکە و لەپشت سەری لێپرسراو وێنەیەکی سەرۆکی وڵات هەڵواسراوە. کاتژمێرێکی سەر دیواریش لەملای وێنەکەوەیە و ئەمە جگە لە چەند پێویستییەکی تر وەک گوڵدان و تەلەفۆن و تەلەفیزیۆنێکی مۆدێرنی گەورە. دیواری لای چەپی شانۆ دەرگایەکە و ڕووەو دەرەوە دەڕوات و لای ڕاستیش دەرگایەکی ترە بەرەو ژوورەکانی تری ماڵی لێپرسراو. ڕووناکی بەچڕی لەسەر لێپرسراو و ڕاوێژکارەکانە.

لێپرسراو : ( **گۆڤارەکە لەسەر مێزەکە دادەنێ و بەلەخۆبایی بوونەوە.)** ئەو هەتیوە حەقی ئەوەیە گوێچکی ببڕدرێ.

ڕاوێژکاری دوو : ( **بەنەوازشەوە.)** قوربان کێ دەڵێی؟



لێپرسراو : ( **دەست بۆ گۆڤارەکە درێژ دەکات.)** ئەو هەتیوەی کە مانگی ڕابردوو چاوپێکەوتنی لەگەڵمدا سازکرد. ئەو هەتیوە زیاتر لە دە وێنەی گرتم کەچی ئەم وێنەیەی داناوە.

ڕاوێژکاری یەک : ( **بەجۆرێک لەنەوازش و ترسەوە.)** قوربان ئەو وێنەیە هیچ عەیبی نییە و ماشەڵڵا زۆر بە شان و شکۆ دەرکەوتووی. هەر کەسێک لەو وێنەیە وردبێتەوە هێمای سەرکەوتن لە ڕوخسارتدا دەبینێ.

ڕاوێژکاری دوو : دوای ئەوەش قوربان وێنەکە بەقەوارەیەکی گەورە دانراوە و نیو لاپەڕەی گۆڤارەکەشی بۆ تەرخان کراوە،

لێپرسراو : ( **بەلەخۆبایی بوونەوە.)** من بەو ڕۆژنامەگەرییەم گووت کە وێنەکەم لەلاپەڕەیەکی تەواودا بێت و هەروەها لەسەر بەرگی گۆڤارەکەش دابنرێ.

( **بێدەنگییەکی کورت.)**

ڕاوێژکاری سێ : ( **بەترس و شەرمەوە.)** ببورە گەورەم ڕۆژنامەگەری پێناڵێن، بەڵکو ڕۆژنامەوان یان ڕۆژنامەنووسی پێدەڵێن. ئەو هەتیوەش پەیامنێرە لەو گۆڤارە.

لێپرسراو : ( **ڕوو لە ڕاوێژکاری سێ دەکات.)** چییە تۆش لێمان بووی بە مامۆستا. ( **بە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕی قێزەوەنەوە.)** بۆ نایەی فێری سیاسەتیشمان بکەی. (**هەردوو ڕاوێژکاری یەک و دووش بەدەم پێکەنینەکەی لێپرسراوەوە، پێدەکەنن.)**

ڕاوێژکاری دوو : (**ڕوو لە لێپرسراو دەکات.)** قوربان(**وچانێک.)** مەبەستی ئەوە نییە خوا نەخواستە مامۆستایی بکات، بەڵام ویستی فریای ئەو هەڵەیە بکەوێت بۆ ئەوەی جەنابتان لە جێگەی تر و لەکاتی تردا تووشی شەرمەزاری نەکات.

لێپرسراو : ( **بە توورەییەوە.)** وەڵڵا بابە جوانە. تۆش بۆی پینە دەکەی و دەتەوێت بڵێیت کەمن بەو ئەندازەیە گەمژەم کە نەزانم قسە بکەم.



ڕاوێژکاری یەک : ( **دەیەویت لێپرسراو هێور بکاتەوە.)** قوربان جەنابتان ڕاست دەکەن. چاوپێکەوتنەکانتان لە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و گۆڤار و ڕۆژنامەکان شایەدی قسەزانی و سیاسی بوونی جەنابتان و مێژووی پڕ لەتێکۆشانتن.

( **بێدەنگی.)**

ڕاوێژگاری سێ : ( ڕوو **لە لێپرسراو دەکات.)** قوربان من حەددی ئەوەم نییە لەبەردەم جەنابتان هیچ بڵێم. تۆ خۆت ڕێنوێنیکەر و رابەرمان بوویتە و ئیستاش گوێ قوڵاخ لەچاوەڕوانی ئامۆژگارییەکانی جەنابتم.

لێپرسراو : ( **تۆزێک توورەییەکەی دادەمرکیتەوە و پاڵ بە قەنەفەکەوە دەدا و ڕوو لە ڕاوێژکاری یەک دەکات.)** پێم بڵێ لەگەڵ ئەو ژنە قسەت کرد؟

ڕاوێژکاری یەک : بەڵێ قسەم لەگەڵدا کردووە و سەربەخۆمانە و ئامادەشە هەر کاتێک جەنابتان بفەرموون دەتوانن ببیینن.

لێپرسراو : ئاوها..زۆر باشە. گوزەرانیان چۆنە؟ مێردەکەی ئیشی چی دەکات؟

ڕاوێژکاری یەک : قوربان مێردەکەی مامۆستای قوتابخانەی سەرەتاییە و گوزەرانیان لەخوارە.

( **بێدەنگییەکی کورت.)**

لێپرسراو : زۆر باشە زەوی و پارەی دەدەمێ ( **وچانێک.)** ئیتر هەموو شتێک بەدڵی خۆمان دەبێت.

ڕاوێژکاری سێ : ئاسانە قوربان، ئەمڕۆ بەپارە هەموو شتێک ڕایی دەکرێت.

لێپرسراو : ( **سەر دەلەقێنێ.)** وایە..وایە..( **ڕوو لە ڕاوێژکاری دوو دەکات.)** تۆ وەرە پێشەوە و پێم بڵێ بازاڕ چۆنە؟ دۆلار بەچەندە؟ غەریب نەگەڕاوەتەوە؟

ڕاوێژکاری دوو : ( **دەچێتە نزیک لێپرسراوەوە و دەفتەرێکی بچووک و قەڵەمێک لەگیرفانی چاکەتەکەی دەردەهێنێ.)**
قوربان وەزعی بازاڕ لەبەرز و نزم بوونەوەدایە. پێرێ شانزە بلۆکمان کردە دینار و پڕیاریشە سبەی بیگۆڕینەوە بە یورۆ. یورۆ لە دابەزینە و بەپێی لێکدانەوەکەمان دەبێت دوو دەفتەر زیاتر قازانج بکەین.



هەروەها غەریبیش لەم یەک دوو ڕۆژە دەگەڕێتەوە و ئەویش دەفتەرێک قازانجی پێیە.

لێپرسراو : ( **بەجۆرێک لە خۆشحاڵییەوە.)** بەڵام دوو سێ دەفتەر بەشی چی دەکات. (**وچانێک.)** خۆتان دەزانن ئێستا وەکو جاران نییە. جاران پاکەت و شقارتەیەک و قەڵەم جافێک و چەکەکەم پێبوو، بەڵام شوکور هەموو شتێک لە پەرەسەندن و گەورە بووندایە. دەبێ ئۆتۆمبێلی تازە و پاسەوانی زۆر و ماڵ و خانووی گەورە و باغ و زەوی و هەروەها بەکاربردنی سەدەها کەس بۆ ئیش و کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری. ئەمانە هەمووی بەپارە دەکرێن. ئەمڕۆ ڕۆژانی خەباتی چەکداری و پێشمەرگایەتی نییە . (**لێپرسراو پەرداخە شەربەتەکەی بەردەمی هەڵئەقوڕێنێ و ئینجا قرقێنەیەکی دێتەوە)** ئەو ڕۆژانە بەسەرچوون کە چاومان لە دەستی خەڵکی ڕەش و ڕووت بێت. تازە ئەو ڕۆژانە مردن و هەرگیز ناگەڕێنەوە.

ڕاوێژکاری سێ : ڕاستە قوربان ،ڕاست دەفەرمووی، ئەو ڕۆژانە مردن.

لێپرسراو : ( **ڕوو لە ڕاوێژکارەکان دەکات.)** ئەمە سەرباری ئەوەی کە شەو ڕۆژم خستۆتە سەر یەک بۆ خزمەتکردنی ئەم میللەتە زوڵملێکراوە، کەچی ئەو ڕۆژەش ڕژابوونە سەر جادە و داوای شتی قۆڕیان دەکرد. ( **پێدەکەنێ.)** ئێ باوکم.. نەبوونی کارەبا خەتای منی تێدا نییە. من بەڕێوەبەری فەرمانگەی کارەبا نیم و هەروەهاش ژێرخانی وڵات بەسەریەکدا وێران بووە و زۆری دەوێت تا چاکی دەکەینەوە. ( **مۆسیقایەکی کورت و ڕوو لە ڕاوێژکاری یەک دەکات.)** ئەرێ ڕاسپاردەکەت گەیاندە جێ؟

ڕاوێژکاری یەک : بەڵێ قوربان ڕاسپاردەکەی جەنابتان گەیشتۆتە شوێنی مەبەست و حاجی سەفەر بەگیش بەوەڵامێکی خۆشەوە ئەمڕۆ دێتە خزمەت جەنابتان و گوتی گفتی لەباوکی کچەکەش وەرگرتووە و کچەکەش ڕازییە.

لێپرسراو : ( **دڵخۆش دەردەکەوێ.)** زۆر باشە با حاجی سەفەر بەگ هەر بەخێر بێت. بەڕاستی حاجی پیاوێکی مەرد و تێکۆشەرە و هاوڕێی دێرینمە.



ڕاوێژکاری سێ : ئەی قوربان سەبارەت بە وتارەکەی هەفتەی داهاتووت لەخولی دەرچوانی ئەفسەراندا چیدەکەی؟ خۆتی بۆ ئامادە ناکەی؟ با هەڵەی ساڵی پار دووبارە نەبێتەوە.

لێپرسراو : ( **بە جۆرێک لە خەجاڵەتییەوە**.) ساڵی پار پەیوەندی بە وتەبێژەکەوە هەبوو. ئەو هەتیوە چووبوو لەبری کۆپییە چاکراوەکە، کۆپییەکەی پێشتری لەناو فایلەکە دانابوو و منیش خوێندمەوە. ( **ڕوو لە ڕاوێژکاری سێ دەکات.)** هەوڵ بدە وتارەکە کورت بێ چونکە تاقەتی لەبەرکردنی وتاری درێژم نییە.

ڕاوێژکار سێ : وتارەکە سێ تەوەر لەخۆ دەگرێ. یەکەم...

لێپرسراو : ( **قسەکەی پێدەبڕێ.)** من تەوەرە و مەوەرەم بۆ گرنگ نییە. سادە و ڕەوان و کورت دایبڕێژە و تەواو.

ڕاوێژکاری سێ : بەسەرچاو قوربان، دوای نیوەڕۆ ئامادەی دەکەم.

لێپرسراو : ( **ڕوو لە ڕاوێژکار یەک دەکات.)** پەیوەندی بکە بە رێستۆرانتی بەهار پێی بڵێ ئێوارە بۆ نانخواردن لەگەڵ حاجی سەفەر بەگ و برادەرانی تر دەڕۆین بۆ ئەوێ.

ڕاوێژکاری یەک : بەسەرچاو قوربان، بەسەرچاو هەر ئێستا.

( ڕاوێژکاری یەک **لە دەرگاکەی لای چەپی شانۆ وە دەچێتە دەرەوە.)**

لێپرسراو : ( **ڕوو لە ڕاوێژکاری سێ و دوو دەکات.)** ئێوەش بڕۆن بەلای ئیش و کاری خۆتانەوە.

**( ڕاوێژکاری سێ و دوو دەچنە دەرەوە.)**

(**لێپرسراو بەتەنها دەمێنێتەوە و لەبەر خۆیەوە دەدوێت.)** ئای..های..ڕۆژگارێک لەترسی کۆپتەرەکانی بەغدا جێم پێ جێ نەبوو ،کەچی ئەمڕۆ بەفڕۆکەی تایبەتی هاتوچۆی پایتەخت دەکەم و ئەو ڕۆژانە دە دینارم لە گیرفان نەبوو، ئەمڕۆ سەدەها بلۆک یۆرۆ و دۆلارم هەیە .کورە چی بکەین



هەلومەرجەکە گۆڕاوە و کوڕ ئەو کوڕەیە بزانێ بیخوات.

پەردە دادەدرێتەوە

2009

شانۆگەری

**پرسیارە سەرمەدییەکان**

کارەکتەرەکان

کارەکتەری یەک : تەمەنی سی ساڵێک دەبێ. چوست و چالاکە، جلێکی سادەی وەک پانتۆڵ و کراسێکی لەبەردایە.

کارەکتەری دوو : تەمەنی لەسەرەتای چلەکاندایە. جلی سادەیە. قژی سپێتی تێکەوتووە. کلیبۆردێکی بەدەستەوەیە و پێنوسێکی ڕەشی بە لا گوێوەیە. گیرفانی کراسەکەشی دوو تا سێ قەڵەم جاف و ڕاستەیەکی بچووک و هایلایتێکی تێدایە.

کات

کاتژمێر یانزەی سەرلەبەیانی ڕۆژێکی مانگی حوزەیرانە.

شوێن

شوێنی کارکردنی کارەکتەرەکانە لە کۆمپانیایەکی خانوو دروستکردن لە شارێکی کوردستان.

پەردە لادەدرێت



دیمەن : شانۆ ڕووناک و چۆڵە و هیچ نیشانەیەکی ژیان بەدی ناکرێت جگە لە کابینەیەک و ئۆتۆمبیلێک نەبێت کەلەسەر دیواری پشتەوەی شانۆ دەبینرێن. لەناوەڕاستی شانۆ پارچە نایلۆنێکی دوو مەتر بە دوو مەتر دانراوە و قۆمەتێک خۆڵی لەسەرە. لەتەنیشتیشیەوە دەزگایەکی لێقڵ ڕاگیراوە و کۆمپرێسەرێکی بچووکی پشکنینی خۆڵ و هێڵەگێک و چەمچەیەک و خاکەناسێکی کورت و ستڵێکی بچووکیش لە نزیک دەزگاگەوە دانراون. کارەکتەری دوو جاربەجار لە دووربینی دەزگاکەوە دەڕوانێ و شتێک لەسەر کلیبۆردەکە دەنووسێ و بەدەستیشی ئاماژە دەکات بەو کەسەی کە مەستەڕە درێژەکەی بۆ گرتووە تا بجوڵێ. (**ئەم کردارە دوو سێ جار دووبارە دەکرێتەوە.**)

کارەکتەری دوو : ( **هەناسەیەک هەڵدەکێشێ کە ماندوو بوونی پێوە دیارە و بە دەستڕەکەشی ئارەقەی لاجانگی دەسڕێ.**) باش بوو دواجار خاڵەکانمان تەواو کرد. (**وچانێک.**) پشکنینی خۆڵەکەش بۆ سەرمەد جێ دەهێڵین. (**پشوویەک. دەچێتە نزیک قۆمەتە خۆڵەکە و لەسەر چینچکان**

**دادەنیشێ و مشتێ**
**لە خۆڵەکە هەڵدەگرێ و لێی دەڕوانێ.)**
ئاخۆ ئەمە دەبێ خۆڵی ئێسک و پروسکی چ مرۆڤێک بوویێت؟ نێر بووە یان مێ؟ جەوان بووە یان پیر؟ دڕندە بووە یان دلۆڤان؟ تۆ بڵێی عاشق نەبوبێت و چەندین شەوانی بە ڕوانینی ئەستێرەکانەوە ڕۆژ نەکردبێتەوە؟ دەبێ بۆنی چەند گوڵی کردبێ؟ چەند سبەینان لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا ئاوات و خۆزگەی تازەی لەدڵدا چەکەرەی دەرکردووە؟

**(کارەکتەری یەک لەلای چەپ یان ڕاستی شانۆ لەناو بینەرانەوە دێتە سەر شانۆ و مەستەڕەیەکی دارینی درێژی بەدەستەوەیە کە بۆ پێوانەی خاڵ بەکار دێت و مەستەڕەکە بەدیواری شانۆکەوە هەڵدەپەسێرێ و لەتەنیشت کارەکتەری دوو دەوەستێت.)**

کارەکتەری یەک : بەڕاستی ماندوو بووین. ( **پشوویەک. ڕوو لە کارەکتەری دوو دەکات.)** لەم هەرێمەدا گەرما و خۆڵ هەراسانی کردووین. دەبێ ڕۆژی دووجار خۆ بشۆیت، ئەگەر نا ئەوا دەبینە



پەیکەری قوڕ. ( **وچانێک.**
**بەدەست تۆزی پانتۆڵەکەی دەتەکێنێ.**
**پاشان ڕوو لە کارەکتەری دوو دەکات.)** تۆ چیت کرد، هەموو خاڵەکانت یاداشت کرد؟

کاراکتەری دوو : ( **مشتەخۆڵەکەی هەر بەدەستەوەیە و ڕووی دەکات.)** ئا..بەڵێ یاداشتم کردوون. پشکنینی خۆڵەکەش بۆ کاک سەرمەد جێدەهێڵین.( **پشوویەکی کورت. ڕووی دەم لە کارەکتەری یەک دەکات و هەڵدەستێتە سەرپێ.)** ئەزانی چی؟

کارەکتەری یەک : نەوەڵڵا، فەرموو.

کارەکتەری دوو : کە تۆ هاتیەوە خەیاڵم لە شوێنێکی تر بوو.

کارەکتەری یەک : ( **دەچێتە لای دەزگاکەوە و بە گاڵتەکردنەوە.)** ئێ..دەی پێمان بڵێ بەتیری چ جوانێک پێکراوی؟ بڵێ عاشقم و (**بێدەنگییەکی کورت.**) خۆ قژ کورتەکەی پێرێ نییە کە فایلەکانی لێوەرگرتی؟

کارەکتەری دوو : ( **پشت لە کارەکتەری یەک دەکات و ئەڕوانێتە خۆڵەکە.)** کوڕە عاشقی چی و شتی چی. ئەوە تۆ باسی چی....

کارەکتەری یەک : (**یەکسەر پێی دەپڕێت.**)

دڵم ئێستا کورەی عەشقە
ئەڤینیشت بۆتە سێبەر
دەبێ منیش وەک دێوانە ببمە
ئاوی داری بێبەر

کارەکتەری دوو : ( **ڕوو لە کارەکتەری یەک دەکات.)** تکایە مەیکەرە فشقیات. من باسی شتێکی تر دەکەم.

کارەکتەری یەک : ( **لە کارەکتەری دوو نزیک دەبێتەوە و تۆنی دەنگی پڕێک جیددی تر دەنوێنێ.)** ببورە. فەرموو بزانم باس لە چی دەکەی؟

کارەکتەری دوو : دەڵێم دەبێ ئەم خۆڵە ئێستا چ تێکەڵییەک بێت لە دڵ و هەست؟ دەبێ گەردی پاشماوەی چ مرۆڤێک بێت؟

کارەکتەری یەک : بۆ پێت وایە ئێمە نامرین؟ ئێمەش نابین بە گەرد و تۆز؟



کارەکتەری دوو : ( **سەتڵەکە هەڵدەگرێ و دەچێتە لێواری شانۆکە.)** بەڵێ دەمرین.(**وچانێک.**) ڕەوڕەوەی زەمەن وەستانی مەحاڵە و ئێمەش لە چرکەیەک لە چرکەکان تەواو دەبین وەکو ئەو ملیۆن مرۆڤانەی کەبەر لە ئێمە تەواو بوون.

کارەکتەری یەک : **(دەرگای لێڤڵەکە دەکاتەوە و پێیەکان دەبەستێت و لای دیواری شانۆکە دایان ئەنێ.)** پێتان وا نییە خۆ خەریک کردن بەم پرسیارانەوە دەبێتە هۆی کاڵبوونەوەی ئەندێشەی جوانیمان بۆ ژیان؟

کارەکتەری دوو : (**ئەگەڕێتەوە لای تۆمەتە خۆڵەکە**) ئەوە تۆ ئەڵێی چی؟ من باس لە زوڵمێک دەکەم کەدەرهەق بە مرۆڤایەتی کراوە و ئەو زوڵمەش وەستانی نییە.

کارەکتەری یەک : زوڵمی مەرگ.

**( مۆسیقایەکی غەمگین)**

کارەکتەری دوو : زوڵمی بە خۆڵ و گەرد و تۆز بوونی عەشق و خۆشەویستی و جوانی بینینی ژیان.

کارەکتەری یەک : ( **دەگەڕێتەوە لای دەزگاکە.)** دەشێ لە داهاتوویەکی دووریشدا کەسانێک وەکو ئێمە بێن و گەرد و تۆزی پاشماوەی ئێمە هەڵگرنەوە و هەمان ئەم پرسیارانەی ئێمەش بکەن.

( **بێدەنگی)**

کارەکتەری دوو : ( **دەگەڕێتەوە لای قۆمەتە خۆڵەکە و مشتێک خۆڵ هەڵدەگرێت.)** ئەی ئەو دڵەی کە تۆش دەیان پرسیاری بێ وەڵامت لەگەڵ خۆتدا کردووە بە خۆڵ، و دەچوویتە نێو چیرۆک و داستانەکان. دواجار مەرگ ئافەریدەی کردی **(وچانێک. خۆڵەکە بەهێمنی دادەنێتەوە و پرێک دڵتەنگ دیارە.)** مەرگ دڕندەترین تەلیسمە و دزێوترین پرسیارە کە کەس وەڵامەکەی نازانێت چییە.

کارەکتەری یەک : ( ڕوو **لە کارەکتەری دوو دەکات و دەیەوێت هێمنی بکاتەوە و بە جۆرێک لە گاڵتەوە.)** تۆ واز لەمەرگ



بهێنە. ئادەی بزانم لەبری خاڵ و پێنج مارکەکان نەتنووسیوە دڵ، عەشق،خۆشەویستی، ئەڤین، جوانی.

کارەکتەری دوو : ( **بزەیەک دەکەوێتە سەر لێوەکانی.)** نا..نا.. ئەوانەم نەنووسیوە.

کارەکتەری یەک : دەباشە، زەنگێک بۆ سەرمەد لێبدە و پێی بڵێ کە ئێمە تەواو بووینە و ئامادەی ڕۆیشتنین. با بێت بۆ پشکنینی خۆڵەکە.

کارەکتەری دوو : (**هەناسەیەک هەڵدەکێشێ**) پشکنینی دڵ و هەستەکان.

کارەکتەری یەک : (**بەگاڵتە کردنەوە**) کوڕە مردووت مرێ ئەوە چیتە واز بێنە و با بڕۆین بەلای کارەکانمانەوە.

کارەکتەری دوو : بەڵێ دەڕۆین...بەڵام لەیادت نەچێت ئەو دڵانەش وەکو دڵی تۆ گەرم بوونە و بەئەندازەی تۆش ژیانیان خۆشویستووە.

کارەکتەری یەک : ژیان خۆشەویستە. هەموو کەس ژیانی خۆش دەوێ، بەڵام خۆ خەریک

کردن بەم تاریکی و ڕەشـاییەی مـەرگ دەبێتـە هـۆی لـەدەسـتدانی هەلی وردبوونـەوە لـە جـوانی ژیـان. جـا باشـترە بیر لەجوانی ژیان بکەینەوە.

کارەکتـەری دوو : مـن بـۆ سـاتێکیش نـاتوانم بیـر لەمەرگ نەکەمەوە.

( **وچانێکی کورت.)**

کارەکتەری یەک : ( **پشت لە کارەکتـەری دوو دەکات.**) منیش ناتوانم بۆ ساتێک بیر لە جـوانی ژیان نەکەمەوە.

(**کـارەکتـەری دوو و یـەک لەتەنیشت یەکتـرەوە ڕائەوەسـتن و ڕوو لـە بینەران دەکەن و بەیەکەوە.)** ئـەی ئێوە دەڵێن چی؟

**( لەگەڵ مۆســـیقایەکی غەمگـــین، ڕوونــاکی لەســـەر کــارەکتەری یەک و دوو هێواش هێواش کز ئەبێ و دوای نزیکەی نیو خولەک مۆسـیقاکە تەواو ئەبـێ و ڕوونــاکیش بەتەواوی کـــز ئەبـــێ و شـــانۆ تاریک دادێ)**



پەردە دادەڕێتەوە

2009

شانۆگەری

## کرتە

کارەکتەرەکان

قوتابی یەکەم : تـەمـەنـی بیـسـت سـاڵە. جلـی یەکپۆشـی لەبەردایە. چاکەتی نیللـی و کراسـی سپی و تەنورەی ڕەساسـی. باڵا مامناوەندییە. قژ درێژ و ڕەش.

قوتـابی دووەم :تـەمـەنـی بیـستویەک سـاڵە. جلی یەکپۆشـی لـەبـەردایـە. چاکـەتـی نیللـی و کراسـی سپی و تەنورەی ڕەساسـی. باڵا بەرز، قژ کورت و خورمایی.

کات

دوانیوەڕۆی ڕۆژێکی مانگی تشرینی دووەمە. دونیا هەورە و کزەبایەکی ساردی دێت.

شوێن

وێستگەی چاوەڕوانی باسە لە بەردەم کۆلیژی زانیاری لە شاری هەولێر

دیمەن

وێستگەی چاوەڕوانی پاسە. لایەکی شانۆکە چەتری وێستگەکەیە و کورسییەکی درێژی لەژێردایە. پشتەوەی شانۆ شەقامێک و کۆمەڵێ ئۆتۆمبێل کە لەملاو و لەولای شەقامەکەوەن. لایەکەی تری شانۆ تاریکە. هەردوو قوتابییەکە چاوەڕوانی پاس دەکەن تا بڕۆنەوە بۆ ماڵەوە.

پەردە لادەدرێت

ڕووناکی لەسەر وێستگەکە و قوتابییەکانە کەلەسەر کورسییە درێژەکە دانیشتوون. قوتابی دووەم جار جارە بەلای چەپدا دەڕوانێ بۆ ئەوەی بزانێ پاسەکە دیارە یان نا؟ قوتابی یەکەمیش ماوە نا ماوە لەسەرمانا هەردوو



دەستی لەیەک دەخشێنێ بۆ ئەوەی گەرم ببنەوە.

قوتابی یەکەم : (**ڕوو لە قوتابی دوو دەکات** )سەرماکە زیادی کرد و پاسەکەش دیار نەبوو.

قوتابی دووەم : هەر دێت (**وچانێک.** )ئەرێ بۆ وا پەلەتە؟

قوتابی یەکەم : (**لەجێگاکەی خۆی هەڵدەستێ.**) برسیمە و سەرمامە و دەمەوێت خۆم بۆ تاقیکردنەوەش ئامادە بکەم.

قوتابی دووەم : (**بەدەم تۆقەلێدان لەقژییەوە)** ئەری ئەزانی دوێنێ شەو تا درەنگانێ نەنووستم. (**وچانێک.)**چەند جارێک تەماشای ئەو کرتەیەم کرد. (**بێدەنگی.**) زۆرم بیر لێکردەوە.

قوتابی یەکەم : کامەیان؟ ئەوەی ناو ئوتێلەکە؟

قوتابی دووەم :( **تەماشای لایەکی جادەکە دەکات.)** نا...ئەوەیان نا. ئەمەی شەوبۆ. دوێنێ مینا بۆی ناردم.

( **مۆسیقایەک.)**

قوتابی یەکەم : (**بە جۆرێک لە حەز و پەرۆشییەوە.**) ئادەی باسی بکە.

قوتابی دووەم : باس ناکرێ ئەمشەو بۆتی دەنێرم.

قوتابی یەکەم : ئەی بۆ خەوت لێنەکەوت؟

قوتابی دووەم : ئاخر قەت بەخەیاڵمدا نەهاتبوو شەوبۆ شتی وای لێبوەشێتەوە. (**لەگەڵ وچانێکدا دەنگی مۆسیقایەک دێت.**) سەرباری ئەمەش ئەو هەتیوە وێنەی بگرێ و حەیا و ناموسی ببات. ( **بێدەنگییەک.**) لەگەڵ ئەوەشدا سەرسامترین کرتەی سێکسییە کەلەژیانمدا بینیبێتم.

قوتابی یەکەم : (**بەسەرسورمانەوە** ) شەوبۆ؟

قوتابی دووەم : بەڵێ کرتەی سێکسی شەوبۆیە.

قوتابی یەکەم : ناهەقیت ناگرم بەخەیاڵتا نەهاتبێت کرتەی شەوبۆ ببینیت. دونیا زۆر گۆڕاوە و وای لێهاتووە جوانی ژیان بەدەست چەند بەرژەوەندخوازێکەوە ناشرین ئەبێت. دە بۆم باس



بکە بزانین سەرسامییەکەت لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

قوتابی دووەم : باس ناکرێت. ئەمشەو بۆتی دەنێرم ( **وچانێک.**) بەڵام نیشانی کەسی تری نەدەیت و بشیسڕیتەوە.

**(ئیتر لەسەر سووربوونی قوتابی یەکەم، قوتابی دووەم مۆبایلەکەی دەردێنێ و دەیکاتەوە و کرتەکە نیشانی قوتابی یەکەم دەدات. مۆسیقایەکی توند و غەمگین.)**

قوتابی یەکەم : ( **دەمی داپچڕیوە.)** ئەە..باوکەڕۆ...ئەوە چی بوو!

قوتابی دووەم : ( **تۆزێک دەشڵەژێت)** ئەمشەو بۆشتی دەنێرم.بەکەسی نیشان نەدەیت و لە هیچ شوێنێک باسی نەکەیت. بیریشت نەچێت خۆت بۆ تاقیکردنەوە ئامادە بکەیت.

قوتابی یەکەم : ( **سەرسورمانی هەر پێوە دیارە.)** چووک..چووک..چووک..بیرت نەچێ بۆمی بنێری. وەختە گومان لەهەموو

شتێک بکەم. متمانەم بەدەوروبەر وەک بەفری ژێر هەتاو خەریکە دەتوێتەوە.

قوتابی دووەم : ئەمشەو بۆتی دەینێرم. جا ئێمە هەقمان چییە. هەر کەس بەرپرسە لەڕەفتاری خۆی. با بۆ خۆی عاقڵ بێ و بزانێ چۆن ڕێزی خۆی بگرێت.

قوتابی یەکەم : شەوە کچێکی باش بوو بەس زۆرتر لەگەڵ گێلاس و وان هەڵسوکەوتی ئەکرد بۆیە وای بەسەر هات.

**(دەنگی هاژە و هوڕەی پاسێک لەدەرەوەی شانۆ بەرگوێ دەکەوێ.)**

قوتابی دووەم : ئەوە پاسەکە هات. با سوار بین ئەگەر جێگا هەبێت.

قوتابی یەکەم : بەپێوەش بێت گرنگ نییە. با زوو بگەینەوە ماڵەوە خۆ ڕەق بوومەوە.

**(هەردوکیان بۆ سواربوونی پاسەکە خۆ ئامادە دەکەن. بەدەم مۆسیقایەکی غەمگین و دووپات کردنەوەی قوتابی یەکەم لە**



**دووەم بۆ ناردنی کرتەکە پەردە دادەدرێتەوە)**

پەردە دادەدرێتەوە.

دیمەنی دووەم

ئێوارەی ڕۆژێکی کۆتایی مانگی تشرینی دووەمە. شانۆ ژووری نووستنی قوتابی دووەمە. قوتابی دووەم لەسەر کورسی و مێزێک دانیشتووە و خەریکی خوێندنە. شانۆ تاریکە و ڕووناکییەکی کەم لەسەر قوتابی دووەمە. ژوورەکە جگە لەو مێز وکورسییە تەختە خەوێک و هەندێ کەلوپەلی تری تێدایە کە هێمان بۆ تایبەتمەندی ژووری نووستنی کچێکی قوتابی زانکۆ. زەنگی مۆبایلی قوتابی دووەم لێدەدا...

قوتابی دووەم : ئەلوو!

دەنگی قوتابی یەکەم : **( پڕ لەگریانە)** بیستت؟

قوتابی دووم : **(بەسەرسورمانەوە)** چیم بیست؟

دەنگی قوتابی یەکەم : **( بەدەنگێکی پڕ لە غەم و گریانەوە)** شەوبۆ کوژراوە.

قوتابی دووەم : (**واق وڕماوانە**)چییییی؟ **(لەسەر کورسییەکە هەڵدەستێتە سەر پێ)** ئەوە بەڕاستتە؟

دەنگی قوتابی یەکەم : بەڵی بەڕاستمە و شەوبۆ کوژراوە و تەرمەکەشیان لەدەرەوەی شار فڕێداوە.

**(مۆسیقایەکی هێمن و غەمگین بۆ ماوەی چەند چرکەیەک دەبیسترێت)**

قوتابی دووەم : تۆ دڵنیایت؟

دەنگی قوتابی یەکەم : **(بەکزییەوە)** بەڵێ.

قوتابی دووەم : کێ کوشتوویەتی؟

دەنگی قوتابی یەکەم : ئەڵێن کەس و کاری کوشتوویانە و گوایە لەسەر شەرەف کوشتوویانە.



قوتابی دووەم : **( بەتوورەییەوە)** ئەی بەنەفرەت بن.

دەنگی قوتابی یەکەم : هەزارجار.

قوتابی دووەم : **(لەسەر تەختەخەوەکە دائەنیشێ و هێمنتر ئەدوێ)** ئەی تۆ چۆن زانیت؟

دەنگی قوتابی یەکەم : گەلاوێژ تەلەفۆنی بۆ کردم و هەواڵەکەش لەڕۆژنامەی یەکسانی بڵاو کراوەتەوە و ڕۆژنامەکەشم هەیە.

قوتابی دووەم : بەیانی ڕۆژنامەکە بهێنە بۆ زانکۆ.

دەنگی قوتابی یەکەم : ئەیهێنم. با زیاتر کاتت نەگرم و بەیانی ئەتبینم.

قوتابی دووەم : باشە دەستت خۆش بێ و بەنیازی دیدار.

دەنگی قوتابی یەکەم : بەنیازی دیدار.

**(قوتابی دووەم مۆبایلەکەی دائەخاتەوە و لەسەر تەختەخەوەکە هەڵدەستیتە سەر**

**پێ و بەرەو لای مێز و ئەسکەمیلەکە ئەڕوات و دەفتەری یاداشتەکەی دەرئەهێنێ و لێی ئەنووسێ...لێرەدا نووسینەکە دەنگی قوتابی دووەمە (دەرهێنەر ئەتوانێ هەر هۆکاریکی ئەلەکترۆنی بەکار بهێنێ بۆ ئەو مەبەستە)...**

دەنگی قوتابی دووەم : **(گیراوە و غەمبارانەیە)**

لەدەرەوەی بەسەرهاتەکانم
خەمێکم نەبوو بمهێنێتە گۆ
چاوێکم نەبوو بۆ بینین و
ماچێکشم شک نەدەبرد بۆ
ئاوڕشێن کردنی هەوەسەکانی دڵ
لەدەرەوەی داستانەکانم
بەهارێکم نەدەبینی بۆ گەشت
و سەیران و
سێبەری دارێکی دڵنەوایيم
پێنەدەزانی
بۆ پشووەکانی تەمەنم
*
من ئیتر هیچ کوڕێک پێم ناڵێ
جوانی و خۆشم ئەوێی



هیچ لاوێک نامەی دڵداریم بۆ
نانوسێ و
هیچ گەنجێک نایەتە خوازبێنیم
و
هیچ دایکێکیش فرمێسکی
دڵسۆزانەم بۆ هەڵناڕێژێ
*
من ئیتر هیچ دەستە خوشکێک
تەلەفونم بۆ ناکات و
هیچ هاوپۆلێکیش ئیرەییم پێ
نابات
من ئیتر تەماشای هیچ زنجیرە
تەمسیلی و
هیچ فلیمێکی خۆشەویستی
ناکەم و
ئیتر هیچ شەوێک خەون بە
دڵدارەکەمەوە نابینم و
لە وێستگەی هیچ پاسێکدا
ڕاناوەستم
ناچمە هیچ پارکێک و
هیچ شانۆگەرییەک بەسەر
ناکەمەوە
هیچ کتێبێک ناخوێنمەوە و
لەدەفتەری یادەوەریم هیچ
نانوسم و
گوێ لە هیچ گۆرانییەک ناگرم و

به هیچ نوکتەیەکیش پێناکەنم
مێوانداری کەس ناکەم و
کەسیش نابێتە مێوانم
ناچمە پرسەی هیچ کەسێک و
ژوان لەگەڵ کەس نابەستم
لەمڕۆ بەدواش تاکو ئەبەد بە
هیچ ترسێک ڕاناچڵەکێم.

**(قوتابی دووەم دەفتەر و قەڵەمەکەی دەئەنێت و ئەچێتەوە سەر تەختە خەوەکەی و ڕائەکشێت و ڕووناکی لەسەر کز ئەبێ و شانۆ تاریک دادێت)**

دیمەنی سێیەم

**(سەرلەبەیانی ڕۆژێکی مانگی تشرینی دووەمە. کە پەردە لا دەدرێت شانۆ وا نەخشەسازی (دیزاین) بۆ کراوە کە بەردەم ڕاگری کۆلیژی زانیاری بێت . ڕووناکی**



**لەسەر قوتابی یەکەم و دووەمە کە جلی ڕەشیان پۆشیوە و ڕۆژنامەیەکیان بەدەستەوەیە و خەریکی خوێندنەوەی هەواڵێکن. غەمبار و بێتاقەت دیارن. لەگەڵ مۆسیقایەکی گونجاو لەگەڵ دۆخەکە ڕووناکی لەسەریان کز دەبێت تا شانۆ تاریک دادێت و پەردە دائەدرێتەوە.)**

2009

شانۆگەری

## ئاوابوونی ڕیپۆرتاژێک

## کارەکتەرەکان

سەلیم : تەمەنی چل ساڵە، قژی ڕووتاوەتەوە. چاویلکەیەکی زەڕەبینی لەچاودایە. قاتێکی لەبەردایە. سەرنووسەری گۆڤارێکە. باڵا مامناوەندییە.

عەدنان : تەمەنی سی و پێنچ ساڵە. قژ ڕەش و پڕە. ئەویش چاویلکەی لەچاودایە. کراس و پانتۆڵ و قەرەوێتەی لەمل دایە. کارمەندی گۆڤارە. باڵا بەرزە.

ئیبراهیم : تەمەنی چل و پێنچ ساڵە، کراس و پانتۆڵێکی لەبەردایە و قژ ماش و برنج، پڕ بەڵام کورت. سەکسوکەیەکی تەنکی داناوە. ورگێکی بچووکیشی داوەتە پێش. باڵا کورتە.

مەناف : تەمەنی سی و هەشت ساڵە. سەرنووسەرێکی ڕۆژنامەیەکە. پۆشتەیە و قات و قەرەوێتەی لەبەردایە. قژ ڕەش و درێژ. باڵا بەرزە.



ڕەمزی : تەمەنی چل و دوو ساڵە. نووسەرێکی باشە. لەیەکێک لەدەزگا ڕۆشنبیرییەکان کار دەکات. پۆشتە و قژ ڕەشە. باڵا کورتە.

حەسیبەخان : تەمەنی سی و پێنچ ساڵە. کارمەندی گۆڤارە. کراس و تەنوورەی لەبەردایە. باڵا مامناوەندییە. قژی مێش کردووە.

لوقمان : تەمەنی بیست و پێنچ ساڵە،پەیامنێرە لە گۆڤارەکە. چالاک و ڕۆشن و جەربەزەیە. تیشێرتێک و پانتۆڵێکی کابۆی لەبەردایە و هێلەگێکی ڕۆژنامەنووسی لەسەر تیشێرتەکەوە لەبەردایە. قژ پڕ و ڕەش. باڵا بەرزە.

ئەسعەد : تەمەنی بیست ساڵە، چایچی نووسینگەی گۆڤارەکەیە. شەرواڵێک و کراسێکی خاوێنی لەبەردایە. ڕیشێکی تەنکی هەیە. نەداری لەسیمایدا هەست پێدەکرێ. باڵا مامناوەندییە.

شوێنکات

لەهەر پەردەیەک شوێنکاتی جیاواز هەیە.

دیمەنی یەکەم

کات

سەرلەبەیانی ڕۆژێکی مانگی ئابی ساڵی دوو هەزار و چوارە.

شوێن

ژووری سەرنووسەری گۆڤارەکەیە.

دیمەن : ژووری سەرنووسەرە و مێزێکی گەورە کۆمپیوتەرێک و تەلەفۆنێکی لەسەرە لەگەڵ کۆمەڵێ کاغەز و گۆڤار و قەڵەم و شتی تر. لەپێشەوەی مێزەکە بەتابلۆیەکی بچووک نووسراوە "سەرنووسەر سەلیم تۆفیق" لەپشتەوەی مێزەکەش کورسییەکی چەرمینی ڕەش هەیە. لەملاو ئەولای مێزەکەش قەنەفە دانراون و مێزی بچووکیش لەبەردەمیاندا دانراون. دیواری پشتەوەی شانۆ سەعاتێکی پێوەیە و



گوڵدانێکیش لەتەنیشت مێزەکەی سەرنووسەرە.
سەرنووسەر لەسەر مێزەکەیەتی و سەری بەسەر هەندێ کاغەزدا شۆڕکردۆتەوە و سەرقاڵی خوێندنەوەی نووسینێکە.

پەردە لادەدرێت

ڕووناکی لەسەر سەرنووسەر و مێزەکەیەتی. مۆسیقایەکی نەرم وهێواش لەگەڵ سەرقاڵی سەرنووسەر هارمۆنیایەک دروست دەکات. زەنگی تەلەفۆن لێدەدا. مۆسیقاش خامۆش ئەبێ.

سەلیم : ( **تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێ و وەڵام دەداتەوە.)** بەڵێ...فەرموو. (**وچانێک.)** بەیانیت باش. (**وچانێک.)** تۆ چۆنی( **وچانێک)** سوپاست ئەکەم خراپ نیم، دەنگوباستان چییە، بۆ دیار نین؟ (**وچانێک)** ئا بەڵێ ئێستا لەبەردەستم دایە. (**وچانێک.**) لەم ژمارەیە دایدەگرم. ( **وچانێک )**نا.نا. خەمت نەبێ (**وچانێکی کورت. )**بێگومان بەدڵنیاییەوە.(**پێدەکەنێ)** وەک پێم وتی خەمت نەبێ. ( **وچانێک.)** بەڵێ دواتر قسەی لێوە دەکەین. (**وچانێک**) چاوی منی و ڕێزت هەیە.(

**وچانێک.)** ئا بەڵێ ئێوارە ئەچین بۆ ئەزمەڕ.(
**وچانێک)** بەڵێ ئەویش دێت.
(**وچانێک)** زۆر چاکە ئێوارە دەتبینم. ( **وچانێک)**
سەرچاوم...سەرچاو...خواحافیز.

**( سەرنووسەر تەلەفۆنەکە دادەنێتەوە و زەنگێک کەبەژێر مێزەکەوەیە، لێدەدا. ئەسعەد دێتە ژوورەوە.)**

ئەسعەد : فەرموو کاک سەلیم کارێکت پێمبوو؟

سەلیم : چایەکی شیرینم بۆ بێنە، زەحمەت نەبێ.

ئەسعەد : بەسەرچاو.

سەلیم : (**ڕوو لە ئەسعەد دەکا.)** لەسەر ڕێی خۆشتەوە بەکاک ئیبراهیم ناڵێی تا ئێرە بێت، هەندێ کارم پێی هەیە.

ئەسعەد : بەڵێ پێی دەڵێم.

**( ئەسعەد دەڕواتە دەرەوە و سەلیمیش دووبارە دەکەوێتەوە خوێندنەوەی کاغەزەکانی بەردەمی.)**



**( مۆسیقایەک نەرم و هێواش تێکەڵ بە دیمەنەکە دەبێت. پاشان لەدەرگا دەدرێ.)**

سەلیم : فەرموو کاک ئیبراهیم وەرە ژوورەوە.

ئیبراهیم : بەیانی باش کاک سەلیم.

سەلیم : زۆر بەخێر بێی کاک ئیبراهیم. فەرموو دانیشە.

**( ئیبراهیم لەسەر لایەکی قەنەفەکە دادەنیشێ ،هاوکات ئەسعەدیش بەسینییەکەوە کە دوو چای لەسەرە دێتە ژوورەوە و سەرو چایان لەبەردەم دادەنێ.)**

سەلیم : دەستخۆش ئەسعەد گیان.

ئەسعەد : نۆشی گیانت بێ کاک سەلیم.

ئیبراهیم : سوپاس کاک ئەسعەد.

ئەسەد : شایانی نییە کاک ئیبراهیم. ( **ئەسعەد بەدەم چوونە دەرەوەوە لە سەلیم دەپرسێ.**) هیچی ترتان پێویست نییە.

سەلیم : نا..دەستخۆش. ( **ڕوو لە ئیبراهیم دەکات)** ئەرێ چاوپێکەوتنەکان تەواو بوون؟ بۆ ئەم ژمارەیە ئامادە ئەبن؟

ئیبراهیم : ( **بەدەم فڕکردنی چاکەیەوە.)**بەڵێ. ئامادەن. مۆنتاجەکەشم تەواو کردووە و سبەینێ لەبەردەستتدا دەبێ.

سەلیم : ( **چاکەی دەخواتەوە.)** دەکەوابێ گرفتی بەرهەممان نییە.

ئیبراهیم : نا..خەمت نەبێ..بەرهەم زۆرە پەک ناکەوێ.

سەلیم : ئێوارە دەچین بۆ ئەزمەڕ..ئەزانم زۆر خۆش ئەبێ..بۆ نایەی لەگەڵمان؟

ئیبراهیم : کێ و کێ ئەچن؟

سەلیم : من و ڕەمزی و مەنافیش لەولاوە دێت و تۆش وەرە.



ئیبراهیم : ( **تۆزێک بیر دەکاتەوە.)** باشە سەعات چەند لەوێ دەبن؟

سەلیم : لەگەڵ ڕەمزی دێین هەڵت ئەگرین و دەڕۆین. دەوروبەری کاتژمێری حەوت.

ئیبراهیم : زۆر باشە.(**وچانێکی کورت.)** من ئەڕۆم بەلای کارەکانمەوە و ئێوارە ئەتبینم.

سەلیم : باشە خوات لەگەڵ.

ئیبراهیم : خوا حافیز.

**( ئیبراهیم بەرەو دەرگاکە دەڕوات و تاریکی دادێ.)**

پەردە دادەرێتەوە.

دیمەنی دووەم

کات

کاتژمێر نۆی شەوە ناوەڕاستی مانگی ئابی دوو هەزار و چوارە.

شوێن

یانەی ئەزمەرە بۆ خواردنەوەی ئەلکهول

دیمەن : باخچەی ئەزمەڕە و هەریەک لە ئیبراهیم و سەلیم و مەناف و ڕەمزی لەدەوری مێزێکدا دانیشتوون. سەرگەرمی خواردنەوە و جگەرەکێشان و گفتوگۆن. مێزەکە چەندین جۆر خواردنەوەی لەسەرە.

پەردە لادەدرێت

**( بێجگە لە مێزەکەی ئەمان کە لەناوەڕاستی شانۆکە دانراوە و ڕووناکی دەچێتە سەر ئیتر سەر شانۆ**



**تاریکە. جاربەجاریش دەنگی قاقا و پێکەنینیان بەرز دەبێتەوە.)**

سەلیم : ئێ کاکە گیان، بارودۆخەکە گۆڕاوە. ئێستا ئەو پشتیوانییەی جارانمان لێ ناکرێ. بەناچار دەبێ خۆمان لەخەمی خۆماندا بین.

مەناف : ڕاستی من بۆم گرنگ نییە خوێنەر چۆن بیردەکاتەوە و میزاجی چۆنە. بۆشم گرنگ نییە چیم دەربارەم دەڵێن. بەڵام گرنگە من ئامانجەکانی خۆم بپێکم هەم وەکو سەرنووسەر و هەمیش وەکو نووسەر.

ڕەمزی : ( **پەرداخەکەی بەدەستەوەیە و بە جووڵە ئاماژەیەکەوە.**) گرنگ ئەوەیە خۆت بنیاد بنێی!

سەلیم : چیرۆکی چاوپێکەوتنەکەمان بۆ بگێڕەوە.

مەناف : ( **بەدەم مەزە خواردن و خواردنەوەوە.)** ڕاستیتان دەوێ وەک کاک سەلیمیش ئاگادارە،من خۆم بوومە پەیامنێرە وەهمییەکە و خۆیشم پرسیارەکانم داڕشت و هەر خۆشم وەڵامم دانەوە و لەو

گۆڤاره بێ خوێنەره بڵاوم کردەوە و سەدو پەنجا هەزاری تێدا بوو و ئەم دەعوەتەش لەو سەدو پەنجا هەزارەیە.

ئیبراهیم : ( **بە سەرسوڕمانەوە.**) یانی تۆ خۆت دیمانەت لەگەڵ خۆتا ساز کرد.

سەلیم : **( ڕوو لە ئیبراهیم دەکات.**) ئەی بۆ نا.( **ڕوو لە بینەران دەکات.**) ئەی ئەگەر وا نەکەین، سەیارەمان لەکوێ پێ دەکڕدرێ و خانوومان لەکوێ پێ تەواو ئەکرێ.

مەناف : (**ڕوو لە ئیبراهیم دەکات.**) خۆ شتێکی نایاسایی نەکراوە. دیمانەیەک ئەنجامدراوە و سەد و پەنجا هەزاری بەنێوچەوانەوە بوو.

ڕەمزی : ( **ڕوو لە بینەران دەکات.**) بێجگە لەمەش دەیان ڕێگای تر هەیە بۆ پارە دروست کردن هەی بێ قەزا بن.

ئیبراهیم : ئەی خوێنەران؟( **ڕوو لە مەناف دەکات.**) ئەی خوێنەران چی؟ یانی کڵاو لەسەر خوێنەر ئەنێن.



سەلیم : نا..ئەمە کڵاو لەسەر نان نییە،(**ڕوو لە بینەران دەکات.**) ئەمە تەکنیکی پارە پەیداکردنە.( **سەلیم و ڕەمزی و مەناف قاقا پێدەکەنن. ئینجا ڕوو لە ئیبراهیم دەکات.**) ئەی کوری باش، تۆ پێم ناڵێی بەو چوارسەد هەزارەی مەعاش چۆن دەتوانی ماڵ و ناو ماڵ و خانوو و ئۆتۆمبێل و خواردنەوەی ڕۆژانە دابین بکەی؟
ڕەمزی : ( **ڕوو لە ئیبراهیم دەکات.**) ئەوە شتێک نییە ئێمە دامان هێنابێ.( **ڕوو لە بینەران دەکات**) لەسەرووی ئێمەوە و لەسەرسەرەوە تا خوارەوە بەم شێوەیەیە ئێمەش هەقی خۆمانە سوود لەتوانا و قەڵەمەکانمان وەرگرین.

ئیبراهیم : (**ڕوو لە ڕەمزی دەکات.**) هەقی خۆمانە سوود لە تواناکانمان وەربگرین، نەک فێڵ لە خوێنەر بکەین. ئەوەش بزانە دوور یان نزیک ئەم فێڵانە پێ دەزانرێ و ئەوسا چی؟

مەناف : (**ڕوو لە بینەران دەکات.**) ئەوسا لەلایەکی تر و لەگۆڤارێک، ڕۆژنامەیەک، سایت،ڕادیۆ، تەلەفیزیۆنێکی تر بەناوێکی ترەوە کار دەکەیت و تەواو.

ئیبراهیم : (**ڕوو لە مەناف دەكات.**) یانی هەروا بەئاسانی؟!

ڕەمزی : (**ڕوو لە ئیبراهیم دەكات.**) بەڵی بۆ نا..ئازیزم ..بۆ نا..(**وچانێک. ڕوو لە مەناف و ڕەمزی دەكات.**) دەرفەتێک لەئارادایە و دەیقۆزینەوە.( **ڕوو لە سەلیم و مەناف دەكات.**) وا نییە؟

سەلیم : ( **ڕوو لە ئیبراهیم دەكات.**) تۆ تەماشای وەزعی خۆت بكە تا ئێستا كرێچیت. ئەو زەوییەی داویانیتێ ناتوانی بیكەیتە خانوو چونكە پارەت نییە. تۆ دەتوانی بێجگە لە مەعاشەكەت مانگی حەوت هەشت وەرەقەی تر پەیدا بكەی.

ئیبراهیم : (**دەمی بۆتە تەڵەی تەقیو. دەستێک بۆ پێكەكەی دەبات و ڕوو لە سەلیم دەكات.**) یانی ئەو پارەیەی كە گوایە ماڵی خەزورت بەقەرز داویانیتێ ئەسڵ و ئەساسی نییە؟

سەلیم : نا.. هەندێ پارەیان قەرزارم. بەڵام ئێمەش ئەبێ بۆ خۆمان زیرەک بین، ئەگینا هەمان بالۆرەی گەندەڵی دەخەنە شوێنمان.



ئیبراهیم : ( **ڕوو لە بینەران دەكات.**) بەڵێ..بەڵێ حاڵی بووم.

ڕەمزی : ( **ڕوو لە ئیبراهیم دەكات.**) كاک ئیبراهیم بەڕاستی حەز دەكەین گوزەرانت باش بێ و تۆش لەنێو خانووی خۆت بحەسێیتەوە و لە دەست كرێچێتی ڕزگارت بێت.

مەناف : (**ڕوو لە سەلیم و ڕەمزی دەكات.**) كاک ئیبراهیم لەو كەسانەیە كە جێی متمانەیە و دەتوانرێ پشتی پێ ببەسترێ.

سەلیم : (**بەدەم هەڵدانی پێكێكەوە.**) من چەند سەرم هێناو برد لە كاک ئیبراهیم بەشیاوتر ناناسم كە یارمەتی بدرێ.

ئیبراهیم : ( **لە بیركردنەوەدایە**) زۆر سوپاستان ئەكەم...سوپاسی هەستتان ئەكەم. ( **ڕوو لە سەلیم دەكات**) بەڵام چی بكەم؟

(**سەلیم دەستێک دەخاتە سەرشانی ئیبراهیم و هەر بەئامازە و جووڵە قسەی لەگەڵ دەكات.**)

ئیبراهیم : ( **بەسەر سوڕمانییەوە.سەر دەلەقێنێ.**) مۆڵەتم بدەنێ بیرێکی لێ بکەمەوە.

( **ئینجا بەدەم خواردنەوە و پێکەنینەوە ڕووناکی کز کز دەبێ و تاریک دادێ.**)

پەردە دادەدرێتەوە

دیمەنی سێیەم

کات

سەرلەبەیانی ڕۆژی دواترە،
کاتژمێر نۆی سەرلەبەیانی

شوێن

ژووری کارمەندانی گۆڤارە

دیمەن : شانۆ ژووری کارمەندانی گۆڤارە و سێ کورسی و مێز بەم شێوەیە دانراون. ئیبراهیم لەسەر کورسی و مێزێک ڕوو بە بینەران دانیشتووە و خاتووحەسیبە و عەدنانیش لەسەر



دوو کورسی و مێزی تر ڕوو لەیەکتر و تەنیشت لە بینەران دانیشتوون. هەر مێزێک کۆمپیتەرێک و پڕێک کاغەز و ڕۆژنامە و گۆڤاری لەسەرە. ئیبراهیم و عەدنان خەریکی هەڵەچنینن و خاتوو حەسیبەش بەمۆنتاژەوە خەریکە.

عەدنان : (**ڕوو لە ئیبراهیم دەکات.**) بیستم دوێنێ ئێوارە لە ئەزمەڕ بوون. چۆنت گوزەراند، خۆش بوو؟

ئیبراهیم : جێت خاڵی کاک عەدنان، خۆشبوو، خراپ نەبوو.

عەدنان :(**ڕوو لە ئیبراهیم دەکات.** ) ئەمە یانی چی خراپ نەبوو؟ چی لەوە باشترە لە ئەزمەڕ دەعوەت بی؟

ئیبراهیم : باش بوو..باش بوو..کاتێکی خۆشمان هەبوو.

خاتوو حەسیبە : پێئەچێ کاک ئیبراهیم جەوەکەی بەدڵ نەبووبێ.

ئیبراهیم : (**ڕوو لەخاتوو حەسیبە دەکات**)
ئەوی ڕاستی بێ خاتوو حەسیبە من کەم جەو پەسند ئەکەم.

عەدنان : منیش چوارشەممە دەعوەتم، بەڵام نازانم لە کوێ.

ئیبراهیم : بەڕاست؟ دەعوەتی کێی؟

عەدنان : دەعوەتی خالیدم. لەیادتە چوارمانگ پێش ئێستا کوڕم مامم لە ئەڵمانیا گەڕایەوە و دەعوەتی کردم. ئێ منیش خالیدم دەعوەت کرد و ئەویش ئێستا براکەی لە سویدەوە گەڕاوەتەوە و دەعوەتەکەم دەداتەوە.

ئیبراهیم : یانی بەقەرز دەعوەتت کردبوو.

عەدنان : نا..بەڵام وا ڕێککەوتووین کەهەر کەسێکمان لەدەرەوە بگەڕێتەوە دەعوەتی یەکتر دەکەین. نەک هەر ئێمە زۆربە ئەو کارە دەکەن.

خاتوو حەسیبە : ئێوە باش نییە ئەو دەعوەتانەشتان هەیە، ئێمەی ژنان لەدوای دەوامەوە ئەبێ بچینە ماڵەوە ئیش و کاری ماڵ جێبەجێ بکەین.



عەدنان : هێشتا زۆرمان ماوە بگەینە ئەو ئاستەی ژنانیش لەم چوارچێوە نەمێننەوە.(**ڕوو لە ئیبراهیم دەکات.**) تۆ ئەڵێی چی کاک ئیبراهیم؟

ئیبراهیم : ( **نقومی بیرکردنەوەیە.)** ها..وتت چی؟

**( لەم کاتەدا لە دەرگا دەدرێ و لوقمان دێتە ژوورەوە.)**

لوقمان : سڵاوتان لێ بێ و چۆنن ئازیزان؟
**( لەسەر کورسییەک دادەنیشێ و ڕیپۆرتاژێکی ئامادەکراوی پێیە و دەیداتە دەست خاتوو حەسیبە.)**

**(ئیبراهیم و عەدنان و خاتوو حەسیبە بەخێرهاتنی دەکەن.)**

لوقمان : سوپاستان ئەکەم. (**ڕوو لە ئیبراهیم دەکات.**) دەزانی لەسەر ڕیپۆرتاژەکەم لەسەر دادگایی کردنی کۆنەجاش و موستەشارە ئەنفالچییەکان، کە لەژمارەی ڕابردوودا بڵاو کرایەوە، داوای یاساییم لەسەر تۆمارکراوە.

ئیبراهیم : لەلایەن کێوە؟

لوقمان : لەلایەن میدیا بەگی کۆنە موستەشار و ئەنفالچییەوە.

خاتوو حەسیبە : (**ڕوو لە لوقمان دەکات.**) ئێ تۆش بڕۆ شکاتی لێبکەرەوە.

عەدنان : (**تەماشای خاتووحەسیبە و ئیبراهیم دەکات.**) وەڵڵا جوانە. تا خاوەن ماڵ دزی گرت،دز خاوەن ماڵی گرت.

لوقمان : گووتوویەتی ئەگەر ئەو لوقەیە لە ڕیپۆرتاژەکەی پەشیمان نەبێتەوە و بەفەرمی داوای لێبوردنم لێ نەکا، ئەوا یاسا دەبێ ڕەدی ئیعتبارم بۆ بگەڕێنێتەوە ئەگەر یاساش هیچ نەکات، ئەوا بە عەشایری لەگەڵی دەکەم. واتە دەمکوژێ.

ئیبراهیم : (**ڕوو لە لوقمان دەکات.**) ئەی تۆ چی ئەکەی؟

لوقمان : سەندیکای ڕۆژنامەنوسانم ئاگادارکردۆتەوە(**پێدەکەنێ.**) ستافی گۆڤارەکەش ئاگادارە.



عەدنان : ئەو میدیا بەگە لەسەردەمی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی سەدامدا دەستی دەڕۆیی و کوردستانی باشووری لەزەواق نابوو. ئێستاش سەدام نەماوە، بەڵام لە جاران دەستی چاکتر دەڕوا.

لوقمان : (**جەربەزانە**) من زەڕرەیەک ترسم نییە و چی لەدەست دێت با بیکات. تا بشتوانم زیاتر ریسوای دەکەم.

ئیبراهیم : بەڵام لەیادت نەچێت تۆ شەڕی میدیا بەگت پێ ناکرێ. ئەو هێزی چەکداری هەیە، پیاوکوژی بەدەورەوەیە. دەیەها ملیۆن دۆلار پارەی لەبەردەستایە. پێم ناڵێی تۆ لەپیرەدایکێک و دەزگیرانێک و قەڵەمەکەت چیترت هەیە؟

لوقمان : من ئیرادەم هەیە، ئیرادە. هەزارەهای تری وەکو منیش هەمان ئیرادەیان هەیە. من بە ئیرادەوە ئەچم بەگژیاندا. دەشێ بمکوژن و دەتوانن تەسفییەی جەستەییم بکەن، بەڵام ناتوانن ئیرادەی بەرزی خەڵک بکوژن.

ئیبراهیم : (**سەر با دەدا و هەناسەیەک دەداتەوە و تۆزێک تۆنی دەنگی**

**توورەبوونی پێوە دیارە)** بەداخەوە کورە شەهیدێکی وەک تۆ ببێتە جێی هەڕەشەی کۆنە جاشێک..ئای لە بێوەفایی زەمان.

لوقمان : من سوپاستان ئەکەم. یاداشتامەیەکی ناڕەزاییمان نووسیوە و بەنیازین ئیمزای بکەین و بینێرین بۆ سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و مافی مرۆڤ و سەرۆکایەتی هەرێم و ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی ئازاد و ...تاد، تا لەپێشێل کردنی ئازادییەکان لەکوردستان ئاگادارین. ئەوەش یاداشتامەکەیە ئەگەر پێتان خۆش بێ ئەتوانن ئیمزای بکەن.

**( کاغەزێک لەنێو لیڤاکسەکەی دەستی دەردێنێ و لەسەر مێزەکەی ئیبراهیم دادەنێ.)**

ئیبراهیم : بە پێخۆشحاڵییەوە ئیمزا ئەکەم.

**( ئیبراهیم ئیمزا لەسەر کاغەزەکە ئەکا. عەدنان و خاتوو حەسیبەش بەهەمان شێوە ئیمزای ئەکەن.)**

لوقمان : دەستتان خۆش بێ و سوپاس. ئەگەر کارێکتان نییە من دەڕۆم.



ئیبراهیم و عەدنان (**پێکەوە**) : کارمان نییە خوا حافیزت بێ.

**( لوقمان دەچێتە دەرەوە.)**

ئیبراهیم : ( **سەرێک بادەدا.)** لەجیاتی ڕێز و خەڵات کردنی ئەم لاوە بەجەرگانە، وا دەبنە خۆراکی دڕندە و کۆنە بەعسییەکان. ئای لەم دونیا پێچەوانەیە.

**( ئیبراهیم و خاتوو حەسیبە و عەدنان دەست بەکارەکانیان دەکەنەوە. لەگەڵ بێدەنگیاندا مۆسیقایەکی هێواش دەبیسترێ. لەناکاوێکدا دەنگی دەستڕێژی گوللە ڕایان دەچڵەکێنێ و بەپەلە ڕادەکەن بۆ ڕاڕەوەکە و ئیبراهیم هاوار ئەکات لوقمان...لوقمان... سەرشانۆ تاریک دەبێ.)**

پەردە دادەدرێتەوە.

2009

شانۆگەری

## تارمایی نیشتمان

کارەکتەرەکان

مەغدید : تەمەنی بیست و سیّ ساڵە. ڕەشتاڵە و باڵا مامناوەندییە، پڕێک گۆشتنە، ڕیش و سمێڵ تاشراو. تراکسۆتێکی لەبەردایە.

عەتا : تەمەنی بیست و پێنج ساڵە. باڵا بەرز،لاواز، گەنم ڕەنگ، ڕیشێکی پڕی داناوە. بێجامە و قەمیسێکی لەبەردایە. گۆڤارێکی بەدەستەوەیە.

مستەفا : تەمەنی سی ساڵە. تۆکمەو پتەوە. پڕێک بێڕەنگە، بلوزێک و پانتۆڵێکی جینزی لەبەردایە. لە چاوەڕوانی سەفەردایە بۆ وڵاتێکی ئەوروپی.

شوێنکات

کاتژمێر دەوروبەری نۆی ئێوارەیەکی و مانگی دوانزەیە. ژوورێکە لە ژوورەکانی کەمپی پەناهەندەیی. شانۆ تا بکرێت شێوەی ژوورێکی دوو جووت قەرەوێڵەی لەسەر یەک بنوێنیّ.



دیواری پشتەوەی شانۆ دەرگایەک هەیە بۆ ژوورەکانی تری ناو کەمپەکە، لەگەڵ پەنجەرەیەکی بچووک..لەملاو ئەولای شانۆش قەرەوێڵەکان دانراون کە دۆشەک و سەرین و بەتانیان لەسەرە. لای ڕاست شانۆ مێزێکی نانخواردن هەیە و چوار کورسی دارینی بەدەورەوەیە. لای چەپیش مێزێکی بچووک کە ڕادیۆ و سی دیەکی لەسەرە و لەتەنیشت مێزەکەشەوە تەباخێک کە مەنجەڵێکی لەسەرە.

پەردە لادەدرێت

دیمەن : ڕووناکی لەسەر ژوورەکەی عەتا و مەغدیدە. مەغدید لەسەر قەرەوێڵەکەی سەرەوە دانیشتووە و جارناجار لەگەڵ گۆرانی بیانی ڕادیۆکە بەدانیشتنەوە خۆی بادەدا و هەندێ جاریش لەگەڵ گۆرانییەکە ئەیڵێتەوە. گرنگ نییە چ گۆرانییەکە، مەغدید بەهەوای گۆرانییەکە هەڵئەسورێ. عەتاش خەریکی خوێندنەوەی ئەو گۆڤارەیە کەتازە دەرچووە. جوڵە و سەماکانی مەغدید عەتا بێزار ئەکەن.

عەتا : ( **ڕوو لە مەغدید ئەکات.)** ئەرێ برا گیان دەلێمان گەڕێ پشوویەک بدەین. ئەوە

کاتژمێرێ زیاترە لەو بانە خەریکی گۆرانی وتن و خۆبادانی.

مەغدید : ( **دەوەستێ.)** ها...چیت وت؟

عەتا : ئەڵێم تۆزێ لەسەرخۆ. با پشوویەک بدەین. چییە ماندوو نەبووی؟

مەغدید : نا ماندوو نەبووم. تۆ هەقت چییە؟( **دەست دەکاتەوە بە سەر بادان و گۆرانی گووتن.)**

عەتا : ( **هەڵدەستێ و دەڕوا سیدییەکە دەکوژێنێتەوە و ڕوو لە مەغدید دەکات.**)پێم گووتی پێویستیم بە پشووە.

مەغدید : ئێ چاوەکەم بۆ توڕە دەبی، دە تۆش دانس بکە. ئەم گۆرانییە زۆر ڕۆمانسییە.

عەتا : هەموو شتێک کاتی خۆی هەیە. تۆ نەسەعاتێک و نە دووان هەر ماندوو نابی هەی بێ قەزابی.

مەغدید : (**ڕوو لە بینەران دەکات.)** دە فەرموونەدەی. ئەو بە من ئەڵێ ماندوو نابی، ئەی خۆی ڕۆژی دە دوانزە کاتژمێر



سەری بەسەر ئەو کتێب و گۆڤارانە داگرتووە بێ ئەوەی ماندوو بێ و بێ ئەوەی کەسیش پێی بڵی کاکە پشوویەک بدە، هاتووە بە من ئەڵێ ماندوو نابی. ( **پێدەکەنێ.)**

عەتا : (**ڕوو لە مەغدید ئەکات.)** ئاخر چاوەکەم من بە بێدەنگی ئەخوێنمەوە. هیچ ناڕەحەتییەکم بۆ دروست نەکردووی.

مەغدید : چۆن دروستت نەکردووە. یەک دونیا ئازارم پێدەبەخشی.

عەتا : ( **گۆڤارەکە دادەنێ و بەسەرسورمانەوە .**) ئازارت پێدەبەخشم؟

مەغدید : بەڵێ ئازار.

عەتا : ئادەی پێمبڵێ چۆن؟

مەغدید : چاوەکەم، تۆ بەیانیان لەخەو هەڵدەستی، نان و چایەک ئەخۆیت و کتێبێک ئەگریت بەدەستتەوە و ئیتر تا ئێوارە نقە لەخۆت ئەبڕیت و تەنانەت گوێم لە هەناسەشت نابێ. ( **ڕوو لە بینەران دەکات.)**

ده توخوا جیاوازی نێوان ئەو مێزە و ئەم عەتایە چییە؟

عەتا : مەغدید گیان من زۆرم حەز لە خوێندنەوەیە. ئێ خویندنەوەش بریتییە لە زانیاری و پەرە بە تێگەیشتن دەدات لەژیان و گۆمەڵگە.

مەغدید : ( **قسەکەی پێ ئەبڕێ.** ) ده توخوا دیسان باسی کۆمەڵگە و مۆمەڵگەمان بۆ مەکەرەوە. ئەگەر کتێب پەرە بە تێگەیشتن بدات، ئەوا مۆسیقاش پەرە بە بیرکردنەوە و مێشک دەدات.

عەتا : کتێب هەموو جارێ سوودی خۆی هەیە، بەڵام مۆسیقا لە کاتی نەگونجاودا دەبێتە هۆی ژانەسەر.

مەغدید : ئێ خۆ کتێبیش وایە.

عەتا : ( **ڕوو لە مەغدید دەکات.** ) کتێب چییەتی؟

مەغدید : تووشی ژانەسەر و شتی تریشت دەکات.



عەتا : چۆن؟

مەغدید : کە زۆر بخوێنیتەوە مێشکت جەنجاڵ دەبی و پڕ دەبێ لە مەعریفە. ئینجا بۆ ئەوەی پشوو بە مێشکت بدەی دەبێ زۆر قسە بۆ خەڵک بکەی. کە زۆر قسەشت کرد خەڵکی تووشی ژانەسەر دەبن و دواجاریش لەیادت نەچێت زۆربەی زاناکان بەر لە مردن شێت بوون.

عەتا : ( **ڕوو لە مەغدید دەکات.** ) ئەوەی کە تۆ باسی دەکەی هیچ پەیوەندی بە باسەکەمانەوە نییە.

مەغدید : ئەی باسەکەی من و تۆ چییە؟

عەتا : ئێمە باسی ڕێز گرتن لەیەکتر و دڵڕاگرتنی یەکتر ئەکەین.

مەغدید : ئێ ڕێزت هەیە.

عەتا : مەغدید گیان بزانە ئێمە هەریەک لە جێگایەکەوە هاتووین و لەم کەمپە کۆبووینەتەوە. ئێمە زۆربە کوردین و بەکوردی قسە دەکەین. خەڵکی کوردستانین. بێ کەسوکار

لێرەین و دەبێ ببینە کەسی یەکتر. ئێمە لە نیشتمان هەڵکەندراوین...

**( لەم کاتەیا مستەفا خۆی دەکات بەژووردا و جگەرەیەکی بەلالێوەیە و کلێتەیەکی لەسەرە و قەمسەلەیەک و جووتێ دەستکێشی لەدەستدایە.)**

مستەفا : ئەرێ مردووتان مرێ لەدەرەوە گوێم لە گاڵەگاڵتان بوو. ئەوە نیشتمان نیشتمانی چیتانە؟

**( قەمسەڵەکەی دادەکەنێ و ئینجا دەستکێشەکەی لەدەست دادەکەنێ و دەیئاخنێتە ناو گیرفانێکی قەمسەڵەکە و کلێتەکەشی دەکاتە گیرفانەکەی تری قەمسەڵەکەی و ئینجا قەمسەڵەکەبە بزمارێکەوە هەڵدەواسێ لەسەر قەرەوێڵەیەک پاڵ دەکەوێ.)**

مەغدید : ئێ وەڵڵا کاک عەتا نییە دیسانەوە گێجی نیشتمان پەروەری بەرزبۆتەوە. ( **پێدەکەنێ.)**

عەتا : سەیرم بە ئێوە مانان دی وا ئەڵێن. مرۆڤ بێ نیشتمان بە نەبوون دەژمێردرێ.



مستەفا : ( **جگەرەکەی دەکوژێنێتەوە وڕووە لە عەتا دەکات.**) تۆ واز لەم قسە زلانە بێنە. سەیری خەڵکی ئەم وڵاتانە بکە. وڵاتیان هەیە، قانونیان هەیە، مرۆڤ ئازادە، فڕۆکەخانەیان هەیە، هەموو شتێکیان هەیە و وەکو تۆش نیشتمانیان لەسەر زار نییە.

عەتا : ئاخر کاک مستەفا ئەزانی چی تۆ سەیری.......

مستەفا : ( **قسەکە بە عەتا ئەبڕێ.)** نا عەتا تۆ سەیری خۆت بکە خاکێکمان هەیە پارچەپارچە کراوە و پاشان نە دەوڵەتمان هەیە و چوار دەوریشمان بە دوژمن دەورە دراوە کە قەت ناهێڵن ببینە دەوڵەت. ئیتر بۆ گەنجی خۆت و ژیانی خۆت دەسپێری بە داخ و خەم؟

عەتا : زۆر هەڵەی کاک مستەفا. ڕاستە کوردستان پارچە پارچە کراوە، بەڵام ئەگەر من و تۆ و هەزارانی وەکو ئێمە خەمی نەخۆین پێم ناڵێی کێ خەمی دەخوا.

مستەفا : من خەمی کیژۆڵە نازدارەکانی ئەوروپا ئەخۆم. نیشتمانیش بۆ تۆ جێ دەهێڵم. **(پێدەکەنێ.)**

مەغدید : ( **بەپێکەنینەوە.)** بەخوا من خەمی دایک و باوکم و کەس و کارمە. ئەوان نەبن یەک شەوی دیسکۆی ئێرە بە هەموو دونیا ناگۆڕمەوە.

عەتا : ناهەقتان ناگرم..ئێوەش بە ئەندازەی بێبەش بوونتان لە گەنجی و خۆشی، ناهۆشیارن. ئاخر ئەگەر دەوڵەتمان هەبوایە و نیشتمانمان بەو دەردە نەچوایە، ئێوەش ئێستا واتان نەدەگووت.

مستەفا : **( لەسەر قەرەوێڵەکە ڕاست دەبێتەوە و بەرەو لای تەباخەکە دەڕوات)** من نە خەمی کەس و کارمە و نە هیچ.
کەس و کار بە من چی؟ من خوای ئەکرد براکەم ئەو شەست گەڵایەی بۆ دەناردم، دوو ڕۆژی تری نەدەبرد لە ستۆکۆڵۆم بووم. من ئەمەوێ بەس ئیقامە وەربگرم، خوای ئەکرد کوردستانیان ئەکردە سەد پارچە.



عەتا : **( ڕوو لە مستەفا دەکات.)** بەداخەوە کەسانی وەکو تۆ دێنە دەرەوە کە شایانی ئەوە نین ببنە نوێنەری میللەتێک لەدەرەوە.

**( لەم کاتەیا زەنگی مۆبایلەکەی مستەفا لێدەدات .زەنگەکە لە کوردستانەوەیە. مستەفا بە بێدەنگی موبایلەکەی بە گوێوەیە و لە ناکاودا دادەڕمێ و دەکەوێتە سەر زەوی. عەتا و مەغدید پەلاماری دەدەن هەڵی دەگرنەوە و لەسەر تەختە خەوەکە درێژی دەکەن. شانۆ وردە وردە تاریک دادێت.)**

پەردە دادەڕێتەوە.

2009

شانۆگەری

## برایەتی

کارەکتەرەکان

حازم : هونەرمەندی شێوەکارە، لەش و لارێکی باریکی هەیە ،باڵا بەرزە، پانتۆڵ و کراسێکی لەبەردایە، تەمەنی سی ساڵە.

ئاڵا : هاوسەری حازمە. دەموچاو خڕ، گەنم ڕەنگ،قژ ڕەش، تەنورە و کراسێک یان تیشێرتێکی لەبەردایە، فەرمانبەرە
تەمەنی بیست و پێنچ ساڵە.

خەڵەف : مامۆستای پەیمانگای هونەرە جوانەکانە بەشی شێوەکاری، باڵا مامناوەندییە، ڕەشتاڵەی تێکسمڕاو ،قژ کورت، ڕیش و سمێڵ تاشراو، پانتۆڵ و کراسێکی لەبەردایە، تەمەنی چل ساڵە.

ئاسۆ : مامۆستای هونەرە لە قوتابخانەی ناوەندی، باڵا مامناوەندییە، قژ ماش و برنج، چاکەت و پانتۆڵی لەبەردایە،
تەمەنی لەدەوروبەری چڵ ساڵە.

هونەر : قوتابی پەیمانگای هونەرە جوانەکانە، باڵا بەرزە، قژ ڕەش، ڕیشێکی تەنکی هەیە، جلی یەکپۆشی لەبەردایە، تەمەنی بیست و دوو ساڵە.

قوباد : مامۆستای سەرەتاییە، باڵای زۆر بەرز نییە، قژی سپییە، پانتۆڵ و کراسی لەبەردایە، تەمەنی پەنجا ساڵە.



زەینەب : خێزانی قوبادە، فەرمانبەرە، تەنورە و کراسێکی لەبەردایە، قژ ڕەش و درێژ، کەڵەگەت ،تەمەن چل و پێنج ساڵە.

تارا و کوێستان: دوو قوتابی پەیمانگای هونەرە جوانەکانن بەشی شانۆ. تەمەنیان لەدەوروبەری بیست ساڵە

شوێن

هۆڵێکی پێشانگای هونەری شێوەکارییە لە شاری کەرکووک

کات

کۆتایی مانگی ئایاری 2007

دیمەنی یەکەم

پەردە لا ئەدرێت. ناو هۆڵێکی پێشانگای هونەری شێوەکارییە لە شاری کەرکووک. هەر سێ لای شانۆ دیوارە و ژمارەیەک تابلۆی

هونەری بەدیوارەکەوە هەڵواسراوە، گلۆپی
بچووکیش لە زەوییەوە لەئاست تابلۆکان دانراون
بۆ ڕووناکی خستنە سەر تابلۆکان. بەرزی
دیوارەکە دوو مەتر بێ باشە. لەناوەڕاستی شانۆ
ئەسکەمیلێکی درێژ هەیە کەجێگای سێ
کەسی لەسەر ئەبێتەوە. لای ڕاستی شانۆ
نزیک بە پەیژەی سەرکەوتن بۆ سەر شانۆکە
دەرگایەک هەیەکە ئەکتەرەکان هاتوچۆی لێوە
ئەکەن. مێز و ئەسکەمیلێکیش لەنزیک
دەرگاکەوە دانراوە و دەفتەرێکی لەسەرە بۆ
تۆمارکردنی یاداشت و تێبینی تەماشاکەران،
ئەمە جگە لەوەی سەفتەیەک ڕابەری
پێشانگاکە هەر لەسەر مێزەکە لەتەنیشت
دەفتەرەکەوە دانراوە.
ڕووناکی بەگشتی لەسەر
تابلۆکانە،مۆسیقایەکی هێمنیش بەسەر
ئەتمۆسفیری شانۆکە زاڵە.
شەبەنگە ڕووناکییەکیش لەسەر حازم و تارا و
کوێستانە کە بەدیار تابلۆیەکەوە وەستاون و
خەریکی قسەکردنن. لەگەڵ دەستپێکردنی
گفتوگۆ مۆسیقاکە کز دەبێ.

تارا : (**ڕوو لە حازم ئەکات**) ئەوەی زیاتر
سەرنجی منی ڕاکێشا "تابلۆی گریان" بوو،
چونکە هەست ئەکەم ڕەنگ و هێڵکاری



توانیویەتی هەست بەرجەستە بکاتەوە.
ئەویش نەک لەبەر ئەوەی نیگاری دەرەوەی
تابلۆکە هێمای گریان بێ، بەڵکو بینینی
ڕوخساری ماندوێتی و هیلاکییەکی مەزن
لەپاشخانی ڕەنگەکان و هێڵەکاندا دەبینرێ.

کوێستان : (**ڕوو لە تارا ئەکات**) من ئەڵێم
ئێمەی ژنان بەحوکمی پێکهاتەی بایۆلۆجی و
کۆمەڵایەتیمان هەمیشە ئەو
هەستانەی کەزیاتر پەوەستن بە بێدەسەڵاتی
و بێتواناییەوە ئەتوانین بەئاسانی ببینین و
بەرجەستەی
بکەینەوە.

حازم : هەر ئیشێکی هونەری ئەکرێ
لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکرێ. دیارە ئەمەش
بەپێی تێگەیشتنی بینەر و ئاستی
هوشیاریان دەگۆڕێ. ئەو تابلۆیەی
هەڵگری لێکدانەوەی جیاوازە، لەهەناوی خۆیدا
هەڵگری پێکهاتەی فرە
ڕەهەندییە. وەک ئەم تابلۆیە سەری
ئافرەتێکە و لەشی هەور و دووکەڵە، چاوی
پڕیوەتە ئاسۆ، قژیشی پڕ لەمەتەڵی
هەڵنەهێنراوە. ئەکرێ هەر بینەرێک بەجۆرێک لە
مامەڵەی ڕەنگ و هێڵکارییەکان بڕوانێ. من
نامەوێ پێتان بڵێم مەبەستم چییە، ئەوە

ئێوەن جارێکی تر لەبیر و هۆشی خۆتاندا کار
لەسەر تابلۆکە ئەکەن و مانا و
لێکدانەوەی جیاوازی پێدەبەخشن.

کویستان : لە تابلۆی "ئاوێزان"دا هاتووی کۆمەڵێ ڕەنگت تێکەڵ بەیەکتر کردووە دواتریش ئاسۆت بەڕەنگی خۆڵەمێشی ڕەنگڕێژ کردووە. هەست ئەکەی ڕەنگەکان لەیەک بێزارن و نایانەوێ ئاوێتەی یەکتر بن.(**وچانێک**) ڕەنگەکان خەریکی خۆراپسکانن بۆ سەربەست بوون لەو چوارچێوەیەی کەتابلۆی ناوە. ئەمە پارادۆکسە. لەجیاتی پێکەوە ژیانی ڕەنگەکان، هەر ڕەنگە و بەدوای ئازادیدا وێڵە. ئەمە ئاوێزان نییە، بەڵکو هەڵوەشانەوەی ڕەنگە، شتێکی جوانە. زۆر جوانە ڕەنگ بەدوای ئایدێندیتی خۆیاندا بگەڕێن!

حازم : ئەڵێی چی ئەگەر ڕەنگەکان بەر لە خۆراپسکان تەسلیم بە مەرگ بوویێتن. کێ ناڵێ ئەمە پەلەقاژەی مەرگی ڕەنگەکان نییە؟ کێ ناڵێ لەجیاتی گەڕان بەدوای ئایدێندیتی، ئەمە هەڵهاتن نییە لەواقیعێک کەتەنها خەیاڵ



توانای بینینی هەیە. واقیعێک هەر تەنها لەناو خەیاڵدا بوونی هەیە و هەستی پێدەکرێ. ئێ خۆ ناکرێ خەیاڵ لەجوانی دابڕین. من خەیاڵ و جوانی بەدوو کۆڵەکەی بنچینەیی هونەر ئەزانم. فەرامۆشکردنی هەر کامێکیان دەبێتە کاڵبوونەوەی بەهای ئیستاتیکی هونەر.

**( حازم و تارا و کوێستان دەکەونە گەڕان بەسەر تابلۆکانا ڕووناکیش لەگەڵیاندایەتا دواجار لەسەر تابلۆیەک دەگیرسێنەوە. وردە وردە مۆسیقا و ڕووناکییەکە کز دەبن تاریک دادێ)**

دیمەنی دووەم

هەمان دیمەنی یەکەم و شوێنکاتە. ڕووناکی دەچێتە سەر ئاسۆ کەلەسەر مێز و ئەسکەمیلەکە دانیشتووە و خەریکی نووسینی سەرنجەکانییەتی. مۆسیقا بەهەمان ئاست و ئەندازە دێتە بەرگوێ. ئاسۆ جار جار دەست لەنووسین هەڵئەگرێ و سەیری ئاسمان ئەکا وەک ئەوەی بیر بکاتەوە ئینجا دەست ئەکاتەوە بەنووسین. کەتەواو ئەبێ قەڵەمەکە دائەنێ لاپەڕەیەکی تازە و سپی هەڵئەداتەوە و

دەفتەرەکە بەکراوەیی ئەهێڵێتەوە. لەسەر مێزەکە هەڵئەستێ و دێتە ناوەڕاستی شانۆ.

ئاسۆ : (**ڕوو لەبینەران دەکات**) تا ئێستا سەردانی گەلێ پێشانگام کردووە و سەرنجم لەزۆر تابلۆ داوە، بەڵام

ئەوەی زیاتر سەرنجی ڕاکێشام ئەوەیە کەئەم پێشانگایە پڕە لە شتە دژ بەیەکەکان. پێشانگاکە ناوی برایەتییە بەڵام باس لە چیرۆکی ململانێ و پێکدادان ئەکات. باس لە شەڕ و جەنگە نەپراوەکانی هێڵەکان

ئەکات. من ئەو کاتە برایەتی و تەبایی هەست پێئەکەم کەگونجاندن هەبێ لەنێو تابلۆکاندا. بەڵام

هەر تابلۆیەک ئەگری لەم پێشانگایە و لێی ورد ئەبیتەوە ئەبینی لێوانلێوە لە هێمنی و کپی و

بێدەنگی. بەڵام کە وردتر لەڕەنگەکان و هێماکان ئەڕوانی تەژین لە هاوار و یاخیبوون. بۆیە بەناچاری

لەبەردەم یەک بەیەکی تابلۆکاندا ئیستێکم کردووە و ڕاگیریان کردووم. (**وچانێک**) ڕاستیتان ئەوێ



کەم پێشانگا هەبووە ناچارم بکات بکەومە سەرنج نووسین، بەڵام لەم پێشانگایە نەک هەر سەرنج

بگرە لێکدانەوە و شیکردنەوەم بۆ ڕەنگەکانیش نووسی.(**وچانێکی کورت**) لەم پێشانگایە هیچ

ڕەنگێک سەربەخۆ نییە هەر وەک هیچ ڕەنگێکیش هەژموونی ڕەنگەکانی تر قەبوڵ ناکات. لەزۆر

گۆشەی پەنهانی تابلۆکاندا هەستم ئەکرد ڕەنگەکان بەماسکەوە دێن و خۆیان نمایش ئەکەن.

لەهەندێ جێگای تریشدا وام ئەزانی ڕەنگەکان لەپێشبڕکێ و ڕاکەڕاکدان بۆ دەرچوون لەو تەنگەژەیەی

کەناوی تابلۆیە.( **وچانێک، بەدەنگێکی بڵندتر ڕوو بەبینەران**) ئەرێ بەڕاست تابلۆ تەنگەژەیە بۆ ڕەنگ،

یان ڕەنگ سەرچاوەی ناتەباییەکانی داهێنانە؟ من وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ حازم بەجێ ئەهێڵم. جیهانی

تابلۆ بۆ هارمۆنیای ڕەنگەکان ڕێک لەو ژووری زیندانە ئەچێت کە کۆمەڵێ بەندکراوی تیا بێ و هەریەکەش

سەر بە بیروبارەڕێک بن. گرنگ لەوەدانییە هونەرمەند چ ڕەنگێک بەکار ئەهێنێ، بەڵکو لەوەدایە چۆنیان بەکار ئەهێنێ.( **وچانێک**) بەڵام ئەم مەسەلەیەی برایەتییە پێم وانییە هەرتەنها ڕەهەندێکی تاک لایەنانەی هەبێ چونکە ئەو چەمکە(ناوە) بەو سادەییە لێی پڕوانی بێجگە لەمانایەکی سیاسی وشک هیچی تری لێ هەڵناکڕێنی، بەڵام ئەگەر لەگۆشەنیگای جیاواز جیاوازەوە بۆی پڕوانی، لەوانەیە بمانگەێنێتە شوێنێک کەشایانی هەڵوەستەکردن بێ.

(**هونەر لەلای ڕاستی شانۆوە دێتە ژوورەوە...یەک دوو کتێبی بەدەستەوەیە. کۆپیەک لەڕابەری پێشانگاکە لەسەر مێزەکە هەڵئەگرێ و ئەچێتە بەردەم تابلۆیەک و لێی وردئەبێتەوە**)

( **ئاسۆ لەسەر ئەسکەمیلەکەی ناوەڕاست دائەنیشێ و ڕۆژنامەیەک بەدەستەوە ئەگرێ و خۆی سەرقاڵ ئەکا بە خوێندنەوەی بابەتێک. حازم و تارا و کوێستانیش دێنە ناوەڕاستی شانۆ و لەنزیک ئاسۆ دەکەونە قسە**



**کردن. قورسایی ڕووناکی ئەکەوێتە سەر ئەم چوار کەسە**)

تارا : (**ڕوو لە حازم ئەکات**) زۆر پیرۆزباییت لێ ئەکەم و هەر سەرکەوتوو بیت کاک حازم، بەهیوای بەرهەمی جوانتر و بەپێزتر لە پێشانگاکانی داهاتوو.

کوێستان : منیش هیوای بەردەوامی و ڕاوەستاوی زیاترت بۆ ئەخوازم. پێشانگایەکی جوانە

حازم : سوپاستان ئەکەم،خۆشحاڵ بووم بەهاتنتان.

تارا و کوێستان : ( **دەستی حازم ئەگوشن**) کاتێکی خۆش

حازم : کاتێکی خۆش بۆ ئێوەش.

( **حازم و ئاسۆ لەسەر کورسییەکەی ناوەڕاست دادەنیشن و ئەکەونە گفتوگۆ. لەکاتێکدا هونەر بەسەر تابلۆکاندا دەسوڕێتەوە. مۆسیقایەکی هێمن و**

**هێواش دێتە بەرگوێ. تاریکی وردە وردە شانۆکە داگیر ئەکات)**

دیمەنی سێیەم

شوێن ژووری دانیشتنی ماڵی حازمە. جوتێک قەنەفە لەملاو لەولای شانۆ دانراون. مێزی بچووک، وێنەی بەدیوار هەڵواسراو، تەلەفیزیۆن، تەلەفۆن،گوڵدان...تاد بەشێکن لە دیکۆری ماڵەکە. حازم لەسەر یەکێک لەقەنەفەکان دانیشتووە و کتێبێکی بەدەستەوەیە. ئاڵا لەلای ڕاستی شانۆوە دێتە ژوورەوە و لەتەنیشت حازم دادەنیشێ)

حازم : ( **کتێبەکە دائەنێ و ڕوو لە ئاڵا ئەکات**) ماندوو دیاری دڵەکەم. کێ بوو زەنگی دا؟

ئاڵا : زۆر ماندوو نیم. لەگەڵ زەینەبی براژنم قسەم ئەکرد، گووتی سێڵاو تاقیکردنەوەی هەیە، ناتوانن بێن، بەس کاکم دێت بۆ ئێرە.

حازم : باشە بەخێر بێت.



**( حازم دەست ئەداتەوە کتێبەکەی و ئاڵاش تەلەفیزیۆنەکە پێئەکات. پاش خولەکێک لەدەرگا ئەدرێ. حازم ئەچێتە دەرەوەی شانۆ بۆ کردنەوەی دەرگاکە. لەودیوی شانۆوە دەنگی حازم ئەبیسترێ. یاخوا بەخێر بێی...تۆ چۆنی؟ قوباد دێتە ژوورەوە و حازمیش بەدوایەوە.)**

قوباد : سڵاوت لێ بێ ئاڵا،چۆنی؟

ئاڵا : ( **هەڵدەستێتە سەر پێ**) سەرچاوم یاخوا بەخێر بێی کاکە،تۆ چۆنی؟

حازم : کاک قوباد بەخێر بێی.

قوباد : سوپاستان ئەکەم. ئێ وەزعتان چۆنە؟

حازم : (**بڕێک تەلەفیزیۆنەکە کز ئەکات**) زۆر باشین، سوپاس.ئەی زەینەب و مناڵەکان لەبەر تاقیکردنەوەی سێڵاو بۆیان نەکرا بێن.

قوباد : بەڵێ لەبەر سێڵاو. بەڵام ئەیگووت سەردانی پێشانگاکە ئەکەم.

ئاڵا : (**ڕوو لە قوباد ئەکات**) لەگەڵ زەینەبیش قسەم کردووە، ڕۆژی شەممە ئەبێ بێن بۆ ئێرە، یاپراغ(دۆڵمە) ئەکەم.

( **هەڵدەستێ و بەرەو دەرەوەی شانۆ دەڕوا تا چا و ئاو بێنێ**)

قوباد : باشە بەسەرچاو.(**ڕوو لەحازم ئەکات**) دەنگوباسی پێشانگاکەت چییە؟

حازم : (**قاچی دەخاتە سەر قاچ**) خراپ نییە، خەڵکێکی زۆر هاتن بۆ بینینی. زۆربەیان پێیان جوانە. دیار نەبووی ئەمڕۆ.

قوباد : سبەینێ دوای دەوام سەر ئەدەم. تارا ئەم ئێوارەیە تەلەفۆنی بۆ سێڵاو کردبوو و پێی گووتبوو کە پێشانگایەکی جوان و پڕ واتا و سەرنجڕاکێشە.

حازم : بەڵێ تارا ئەمڕۆ لەپێشانگاکە بوو و پێی جوان بوو. بەڵام ئەزانی ئەوەندەی پرسیارم لەسەر ناوی پێشانگاکە لێئەکرێ سەبارەت بە تابلۆکان لێم ناکرێ.



قوباد : برایەتی...لەبەرئەوەی خەڵکی وای لێکئەدەنەوە کەناوی برایەتی پەیوەندی بە لیستی برایەتیەوە هەبێ لەم شارە. لێرەشەوە شیکردنەوەی سیاسی بۆ ناوەکە ئەکەن و بەجۆرێک لەجۆرەکان دەیبەستنەوە بە کێشەی نەتەوایەتی...

حازم : ئاخر ئازیزم ئێمە بۆ دەبێ چەمکەکان بەڕواڵەتە سیاسییەکەی ببینن، بۆ لەناواخنی چەمکەکانەوە دەست نەکەین بەگەشتی واتا. من بۆم گرنگ نییە خەڵکی چۆن بەم ناوە بەرخورد ئەکەن. بەڵام زۆرم بۆ گرنگە مەبەستەکەم بپێکم.

قوباد : من هەر زوو ڕای خۆم پێگووتی سەبارەت بەناوەکە. لەیادتە باسی ناوی"لەژێر سێبەرە ونبووەکانا" یان " هەورەکان بانگم ئەکەن"مان ئەکرد؟ ئەم ناوە ئەدەبییانە هەم جوانن و هەم ناسکن و دووریشن لە جیهانبینی سیاسییەوە.

حازم : کاک قوباد پێشتریش پێمگووتووی کەبرایەتی من نەپەیوەندی بەلیستی برایەتی کەرکووکەوە هەیە، وە نە پەیوەندی

به برایەتی نەتەوەکانی شاری کەرکووکەوە هەیە و نە پەیوەندی بەبرایەتی کوردەوە هەیە. برایەتیەکەی من برایەتی فانتازیا و ئیستاتیکایە، برایەتی هارمۆنیا و دەنگە نەبیستراو و بینراوەکانی نێو تابلۆکانە. برایەتی لەدەرەوەی مانا سیاسییەکەی هێنانە گۆڕێی پرسیارێکی هونەرییە.

قوباد : ئەمڕۆ خەڵک ئەوەندەی پرسیارە سیاسییەکان ئەوروژێنن، هیچ شتێکی تر ناوروژێنن. جا کە لێکدانەوەی عەقڵیی گۆمەڵگەی ئێمە بەمجۆرەیە،دەبوایە تۆش بەلەبەرچاوگرتنی عەقڵییەتی شەقامی ئەم شارە، خۆت لەو ناوانە دوور بگرتایە.

**( ئاڵا دێتە ژوورەوە و سینییەکی بەدەستەوەیە و سێ چا و هەندێ کێک و چەرەزاتی لەسەرە و لەسەر مێزەکەی بەردەمیان دائەنێ)**

حازم و قوباد : ( **ڕوو لە ئاڵا ئەکەن**) دەستت خۆش بێ.

ئاڵا : عافیەتتان بێ.



حازم : ئەوەم بۆ گرنگ نییە خەڵکی بەچی ئەوروژێ، من پێشانگام بۆ وروژانی خەڵک نەکردۆتەوە. ئەشێ شیعرێک، وتارێکی سیاسی، بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنی ئەم کارە بکات، بەڵام من ئەوەم بۆ گرنگە کەعەقڵی هونەری بینەر(تەماشاکەر) ی ئەم شارە ڕاچڵەکێنم. بزانە هەر بەو ناوە چ زەججەیەکم ناوەتەوە. (**وچانێک**)عەرەب و تورکمان دێن بەدیدی ئەوە کەبانگەشەی برایەتی ئەکەم. کورد دێ وا ئەزانێ سەر بە لیستی برایەتی کەرکووکم. شۆڤینیستەکان و تۆرانییەکان موقاتەعەم ئەکەن. لەم نێوەشدا نەوەیەک لە هونەردۆست هەیە کە پرسیاری هونەری و فەلسەفییەکان دەوروژێنن و بارودۆخی وەستاوی هونەر ئەخەنە ژێر پرسیارەوە. پێشانگاکەم بۆ ئەم نەوە پرسیارکەرەیە.

قوباد : (**فڕێک لەچاکەی بەردەمی ئەدا**) ئەوەشت لەیاد نەچێت کە کەسانێک هەن موزایەدە بە ناوی پێشانگاکەتەوە دەکەن.

حازم : ئەوەش ئەزانم بەڵام گرنگ نییە.

**( حازم و قوباد ئاڵا دەکەونە کێک و چا خواردنەوە. مۆسیقایەک. ڕووناکی کز ئەبێ)**

دیمەنی چوارەم

هەمان هۆڵی پێشانگایە، ئاڵا و حازم لەسەر کورسییەکەی ناوەڕاستی شانۆ دانیشتوونە و ئاڵاخەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەیە. قوباد و زەینەب خەریکی تەماشاکردنی تابلۆکانن. خەڵەف لەلای ڕاستی شانۆکەوە دێتە ژوورەوە و یەکسەر بۆ لای حازم دێت.

خەڵەف : ئەلسەلام و عەلەیکم کاک حازم و ئاڵاخان، چۆنن؟

**( حازم و ئاڵا هەڵدەستن و تۆقەی لەگەڵ خەڵەف ئەکەن)**

حازم : سەرچاوم بەخێر بێی ئوستاز خەڵەف

ئاڵا : عەلەیکە سەلام بەخێر بێی کاک خەڵەف ماڵەوەتان چۆنن؟



خەڵەف : سوپاستان ئەکەم ، پیروزە ئەم مەعرەزە. وەڵلا مەشغول بووم. دایکم برد بۆ مستەشفا. تەئخیر بووم، ببوورە.

حازم : نا چاوەکەم خۆشحاڵم بەهاتنت. دایکت چۆنە ئێستا؟

خەڵەف : الحمدولله، باشترە. مەمنوون.

( خەڵەف **و حازم داوای یارمەتی لە ئاڵا ئەکەن و ئەڕۆن بۆ لای تابلۆکان. ئاڵاش ئەچێت بۆ لای زەینەب** و قوباد)

خەڵەف : حازم بەنسبەت لەوحەکان، جوانن بەس عندی بعض اسئلە،قەسدت چییە لە لەوحەی " طفل یبکی علی حائط الحلم" اسمحنی احچی بالعربی. های اللوحە کلش جمیلە، عندها محتوی فنی قوی، یعنی ماتحس اکو تناقض بین الالوان؟ اذا طفل یبکی، لازم وجها یکون احمر و عیونها دامیە و مبین حزین. (**وچانێک**) بس اهنا انت راسم طفل یبکی و عیونها زرقاء ووجهها کالوجە طفل ماشایف ای صعوبە بحیاتها. ما عدها وجە حزین، بالعکس عندها وجە ملیء بالفرح،بالله ماتگلی شنو هذا؟ اهذا هو تناقض؟ او اسلوب جدید؟

حازم : من ئەمە تەشخیص ناکەم کە تەناقوضە یان اسلوبی فەنی تازەیە، ئەوە ناقد و جەماهیرە ئەتوانن قرار بدەن
لاکن هەوڵم داوە شتە موتەناقیضەکان بەیەکەوە کۆبکەمەوە. مثلا خۆرەتاو عادەتەن زەردە ،من کردوومە بە ڕەساسی. ئاو دائما شینە بەس من کردوومە بە سپی وهکذا.

خەڵەف : بس هذا مو تجمیع التناقضات..هذا اسلوب فنی جدید و انت فنان مبدع.مبروک...الف مبروک

حازم : شکرا ئوستاز خەڵەف. اشکرک

**( قوباد دێت بۆ لایان و تۆقە لەگەڵ خەڵەف ئەکا.)**

قوباد : (**ڕوو لە خەڵەف ئەکا**) ها ئوستاز خەڵەف صارلک مدە مامبین، وینک انت؟

خەڵەف : چنت مشغول استاذ قوباد . امی مریضه ودیتها للمستشفی.و تعرف عندی ولد معوق، هذا بالاضافه الی الدوام.
تدری ماعندی وقت، بس مشتاگین والله.



قوباد : **( ڕوو لەخەڵەف ئەکا)** ماچنت ادری امک مریضه، هسه شلونه؟

خەڵەف : احسن من قبل، اشکرک الف شکر ئوستاد قوباد. (**تۆقە لەگەڵ حازم و قوباد دەکات**)اسمحنی لازم اروح، اودعکم بالسلامه. (**ڕوو لە حازم ئەکات**) مرة اخری مبروک حازم، ابد ماشایف معرض مثل های المعرض. اتمنی لک الموفقیة.

حازم و قوباد پێکەوە : اللّٰه وياک ئوستاز خلف.

**(خەڵەف ئەچێتە لای ئاڵا و وان و خواحافیزییان لێئەکات و لەدەرگاکەی لای ڕاستی شانۆوە ئەچێتە دەرەوە. ڕووناکی وردە وردە کز ئەبێ و شانۆ تاریک ئەبێ)**

پەردە دائەدرێتەوە

2009

شانۆگەری

## نقوومبوون لە گۆمی لێڵ

کارەکتەرەکان

ڤیان : تەمەنی سی ساڵە. مامۆستای سەرەتاییە،خاوەنی دوو منداڵە. قژ ڕەش و درێژ، باڵا مامناوەندی پڕێک گۆشتنە، جلوبەرگی بەپێی دیمەنەکان ئەگۆردرێ.

شەمام : تەمەنی سی و پێنج ساڵە. خاوەنی منداڵێکە، ژنی ماڵەوەیە. قژ ڕەش و کورت، خوێندەواری هەیە و دراوسێی ماڵی ڕوقیەیە.



ڕوقیە : تەمەن چل ساڵە چوار منداڵی هەیە. بێکارە. دەستیان پڕێک کورتە. لەسیمایدا دیارە هەژاری تەنگی پێهەڵچنیوە. قژی ڕەشی درێژ و پڕێک ئاڵۆسکاوە، لەتەواوی دیمەنەکاندا ماکسی لەبەردایە کەتەنها ڕەنگەکانیان بەپێی دیمەنەکان دەگۆڕێن.

لەیلا : منداڵی نییە،تەمەن سی و سێ ساڵە. چالاکوانێکی فیمینیستە، زۆر بایەخ بە مەزاهیر ئەدات. تا بڵێێ ڕێکپۆشە، دەموچاوی هەڵگرتووە، مکیاجێکی جوانی کردووە، قژ قاوەیی ڕەنگکراو، باڵا بەرزە.

شنۆ : دەوروبەری سی ساڵە،خوشکی شەمامە. لەجلوبەگیدا دیارە کە زۆر بایەخ بە بەخۆی نادات. قژ کورت و ڕەش، باڵا مامناوەندییە.

شاگوڵ : چالاکوانێکی فیمینیستییە. لەڕێکخراوێکی ژناندا کار ئەکات. تەمەنی دەوروبەری چل ساڵە. پۆشتەو ڕێکپۆشە. سەرحاڵە. قژی درێژ و مێشی کردووە. لەهەندەران دەژێت و بەسەردان گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان

شوێنکات

بەپێی دیمەنەکان ئەگۆڕێن، لەدیمەنی یەکەمدا باخچەی حەوشەی ماڵی شنۆیە و عەسری ڕۆژێکی مانگی حوزەیرانە.

دیمەنی یەکەم

دیمەن : مێزێکی خڕ یان چوارگۆشەی پلاستیکی لەناوەڕاستی شانۆ دانراوە و بەچەند ئەسکەمیلێک دەورە دراوە.
سەر مێزەکە سوراحییەک و بوتڵێ شەربەت و ئاو و سێ پەرداخ و هەندێ چەرەزات و میوەشی لەسەر دانراوە.
ڤیان و لەیلا و شنۆ لەسەر ئەسکەمیلەکان لەدەوری مێزەکە دانیشتوون و بەدەم چەرەزات و میوە خواردنەوە
سەرگەرمی قسە کردنن.

شنۆ : ئێوارە لەچاوی ئێمەوە جیاوازی هەیە وەک لە ڕەگەزی نێر. زۆربەی هونەرمەندان لەبەرامبەر ئێمەی ئافرەت هێندە



نەرمن ئەڵێی لەپێکهاتەی خۆیان یاخی بوونە.

لەیلا : ئاخر چونکە ئێمە سیحرێکمان پێیە و سەرسامیان ئەکات!

ڤیان : ( **ڕوو لە ڤیان ئەکات**) سیحری چی؟ ناکا سیحرباز بین و بەخۆمان نەزانیبێ؟

لەیلا: (**بۆڵە ترێیەکی بچکۆلەی بەدەستەوەیە و بەدەم ترێ خواردنەوە**)
نەخێر سیحرباز نین، بەڵام هەڵگری
ئەفسووناویترین نهێنین کەتوانای دەستەمۆکردنی ڕەگەزی نێرمان هەیە.

شنۆ : ئەرێ لەیلا تۆ هەمیشە کەباسی ئافرەت ئەکەیت وای نیشان ئەدەیت وەک ئەوەی خواوەندی زیۆس بێ و
هەر ئێستا ئەکەوێتە نێشاندانی توانا ئەزەلیپەکانی و نواندنە ئەفسانەییەکانی. هەی بێ بەڵا بی تۆ ئافرەت
بەچی تێئەگەی؟ (**وچانێکی کورت**)
مەگەر هەر ئەو کائینە لاواز و بێدەسەڵاتە نییە کە ڕەگەزی نێر بە درێژایی مێژوو توانا و دەسەڵاتەکانی قۆرخ کردووە و لەپێناو

دەستەبەرکردنی ئارەزووەکانی وەک مرۆڤی پلە دوو پۆلینی کردووە!

لەیلا : (**ڕوو بە شنۆ**) شنۆخان ڕەگەزی نێر بیروباوەڕی هەرچییەک بێت هەموویان لە سیفەتێکدا وەکویەکن، ئەویش سێکسە. ڕەگەزی نێر زۆر بەزوویی و زۆر بە جوانی، بە شێوەی دەرەوەی ئافرەت هەڵئەخەڵەتێ.

ڤیان : **(بەسەرسورمانەوە)** کەوابێ ئەبێ ئێمە هەڵخەڵەتێنەر بین ،نەک هاودەم.

لەیلا : نا.. ڤیان خان مەبەستم ئەوە بوو کە ڕەگەزی نێر لەبەرامبەر جوانی ئافرەت و شێوەی دەرەوەیدا خۆڕاگر نییە و زوو خۆ بەدەستەوە ئەدەن.

**( شنۆ ئەڕواتە ژوورەوە (دەرەوەی شانۆ) و بوتڵە شەربەتە بەتاڵەکە لەگەڵ خۆیدا ئەبات)**

ڤیان : ئەمە نیوەی ڕاستە. ئەوە ئاشکرایە کەپیاو بە جوانی و شێوەی دەرەوەی ئافرەت سەرسامە، بەڵام نیوەکەی تریشی وا نییە چونکە لێرەدا لۆجیک فەرامۆش کراوە.



ئەویش لۆجیکی عەقڵە. هەست ئەکەم لێرە تەواوی ژیان دراوەتە دەست هەست و سۆزەوە. عەقڵ لێرە هیچ ڕۆڵێک ناگێڕێت.

(**وچانێکی کورت**)

لەیلا : عەقڵ ئەوکات کارایە کەبتوانێ شتە جوانەکان ببینێ و لایەنی ئیستاتیکای ژیان لەخۆیدا بەرجەستە بکاتەوە. تۆ پێت وایە کەس هەبێ حەز نەکات لەگەڵ پیاوێکی جوان یان ئافرەتێکی جواندا هاوسەرگیری نەکات یان نەخەوێت. ئەگەر مرۆڤەکان هەڵبژاردنیان هەبوایە پێم وابوو ڕێڕەوی ژیان جۆرێکی تر ئەبوو.

ڤیان : ( **پەرداخێ ئاو بۆ خۆی تێئەکات و قومێکی لێئەخواتەوە**) من بەردەوام هەوڵم داوە لەوە بگەم کە لەپشت هەر هەڵبژاردنێکەوە لەیەک کاتدا جۆرە مەیلێک و جۆرە قوربانیدانێک بوونیان هەیە. بەڵگەشم بۆ ئەمە کۆمەڵگە و دابونەریتە کە ڕێگر بوونە لەبەردەم هەڵبژاردن. قوربانییەکانیش هەمیشە ئافرەت بوونە.

لەیلا : ئاخر ڤیان  ئێمە لە جێگایەکدا ئەژین هیچ یاسایەک لەئارادا نییە بۆ پارێزگاریکردن لە ژنان. هەرچییەکیش هەبێت لەڕوانگەی ئاین و بێجگە لەبەرجەستەکردنەوەی بەرژەوەندی پیاوان هیچی تر نین. لەیادیشت نەچێ کۆمەڵگەی ئێمە هەروا بەئاسانی یەکسانی ژنان و پیاوانی پێ هەرس ناکرێ.

**( شنۆ ئەگەڕێتەوە(دێتە ژوورەوە) و دوا ژمارەی گۆڤارێکی ژنانی پێیە لەگەڵ بۆتڵێ لە شەربەت، لەسەر کورسییەکەی خۆی دائەنیشێتەوە و گۆڤارەکەش لەسەر مێزەکە دائەنێ)**

شنۆ : بابەتەکەی خونچەتان خوێندەوە لەم گۆڤارەیا(**ئاماژە بۆ گۆڤارەکە ئەکات**) بابەتێکی زۆر هەستیاری وروژاندووە و بەڕای من جێگای دەستخۆشییە.

لەیلا : (**گۆڤارەکە ئەگرێ بەدەستەوە و تەماشای ناوەوەی ئەکات**) کوا لەسەر چییە؟

شنۆ : لەسەر خەتەنەکردنی کچانە.

ڤیان : **( بەجۆرێ لە بایەخدانەوە)** ئێ باسی چی ئەکات؟



شنۆ : باسی ئەو دیاردەیە و هۆکارەکانی و بەرئەنجامەکانی و زیانەکانی ئەکات. (**وچانێک**) خراپ نییە بخوێندرێتەوە.

لەیلا : **(گۆڤارەکەی هەر بەدەستەوەیە)** بێگومان زۆریش باشە. ئەو بابەتانە چەند زۆر بن هێشتا کەمن. ئێمەی ئافرەت پێویستیمان بە ڕۆشنبیری هەیە لەسەر لایەنەکانی ژیانمان بەتایبەتی ڕۆشنبیری سێکسی. ئێمە هەردەم بێبەش بووینە لە زانیاری و زانست سەبارەت بەو لایەنە.

ڤیان : ئێمە خێزانەکانیشمان ڕێگر بوون و ڕێگرن لە دەستڕاگەیشتن بەو زانیارانە.(**وچانێک**) ئەوان لەبری پەروەردەیەکی دروست هەمیشە ترسیان خستۆتە بەردەممان و سێکسیان لەلا ناشرین کردووین و کارێکیان کردووە وەکو کاری نەکراو لێی پروانین.

شنۆ : **( سەری بوتڵە شەربەتەکە ئەکاتەوە و ئەیەوێ پەرداخەکانیان بۆ پڕ بکات ڤیان و لەیلا دەستخۆشی لێئەکەن و**

**که بۆیان تێنەکا. شنۆ پەرداخەکەی خۆی پڕ ئەکا لەشەربەت)** ئەی حەرام و حەڵاڵ؟ هەموو شتێک بۆ ڕەگەزی نێر حەڵاڵە و بۆ ئێمە حەرام و بقەیە. ئەمە چ نایەکسانییەکە؟

لەیلا : **(گۆڤارەکە لەسەر مێزەکە دائەنێت)** شەریعەت، ئایین، دابونەریت، کلتورێکیان فەراهەمکردووە کەپڕە لە نایەکسانی. ئێمە قوربانی دەستی ئەو کلتورە پیاوسالارییەن کە هیچ بەهایەکی مرۆیی بۆ ئێمەی ژنان دانانێ. ئێمە بۆ ئەوەی بەمافەکانمان شاد بین، ئەبێ دژ بەو کلتورە بجەنگین.

**(بێدەنگی)**

لەیلا : سیمینارەکەی شاگوڵ بەتێرەتەسەلی لەسەر ئەم بابەتە دووا. بەتایبەت کە کاری بەراوردکاری لەنێوان کلتور و ئایینە جیاوازەکان ئەنجام دابوو سەبارەت بە خەتەنەو زۆر شتی تر.

ڤیان : ئەی کەی بەنیازە پڕواتەوە؟ **(وچانێک)** حەق وایە سەرێکی تری لێبدەین تا نەڕۆشتۆتەوە.



شنۆ : تا مانگێکی کەش هەر لێرە ئەبێ. من تەلەفۆنی بۆ ئەکەم و یەکتر بینینێکی تر ساز ئەکەین.

لەیلا : من پێم خراپ نیە و زۆریشم پێخۆشە.

ڤیان : منیش پێمخۆشە لەماڵی یەکێکمان دانیشین.

**(ڤیان و لەیلا و شنۆ هەرچەندە بەردەوامن لەدانیشتنەکەیان، ڕووناکیان وردە وردە لەسەر کز ئەبێ تا شانۆ تاریک ئەبێ)**

دیمەنی دووەم

کات

سەرلەبەیانی ڕۆژێکی مانگی حوزەیرانی دوو هەزار و شەشە

شوێن

ژووری دانیشتنی ماڵی شەمامە

ژووری دانیشتنی ماڵی شەمامە. ژوورەکە زۆر سادەیە و شانۆ تەواو بچووک کراوەتەوە بۆ ژوورێک کە چەند دۆشەک و سەرینێک دانراون. لەسەر دیواری ناوەڕاستی شانۆ دەرگایەک هەیە بەرەو ژوورەکانی تر(یان بەرەو دەرەوەی شانۆ). لەتەنیشت دەرگاکەوە ئەسکەمیلێک هەیە و تەپلەکێک لەتەنیشتیەوەیە و تەلەفۆنێکی لەسەرە. شەمام دێتە ژوورەوە و سەرینەکان تۆزێک ڕێک ئەخات، زەنگی تەلەفۆنەکە لێئەدات. شەمام ئەچێتە سەر ئەسکەمیلەکەی تەنیشت تەلەفۆنەکە دائەنیشێ و وەڵامی تەلەفۆنەکە ئەداتەوە.

شەمام : بەڵێ شەمام قسە ئەکات.**( هاوکات لەگەڵ بیستنی دەنگی شەمام دەنگی ڕوقیەش دەبیسترێ وەک ئەوەی لەودیوی شانۆوە بێ)**

دەنگی ڕوقیە : شەمام خان چۆنی؟

شەمام : **( دڵشادانە)** زۆر باشم ڕوقیەخان تۆ چۆنی ؟



دەنگی ڕوقیە : (**غەمبارانە دێتە بەر گوێ**) وەڵڵا زۆر باش نیم شەمام خان.

شەمام : (بە**سەرسورمانەوە**) خێرە، چی ڕوویداوە؟

دەنگی ڕوقیە : چیت لێبشارمەوە شەمام خان فەرهادی مێردم نییە هەر ڕۆژەی بیانوویەکم پێئەگرێ.

شەمام : کاک فەرهاد حەق نییە دوای چوار منداڵ و چەندین ساڵ پێکەوە بوون بەو شێوەیە بیانووت پێبگرێ.(**وچانێک**)
ئێ تۆ هەوڵبدە زاڵبی بەسەر کێشەکاندا و نەهێڵی پەرەبسێنێ.

دەنگی ڕوقیە : ڕاستییەکەی خەتای خۆشمی تێدایە. فەرهاد حەزی لە جووتبوونە و منیش دوژمنمە.( **وچانێکی کورت**)
ئیتر کێشەکانمان لێرەوە دەست پێئەکەن.

شەمام : ( **بە تۆزێک شەرمەوە**) ڕوقیەخان ئەتوانم پرسیارێکت لێبکەم؟

دەنگی ڕوقیە : ( **بە دوودڵییەکەوە**) فەرموو پرسیارەکەت بکە.

شەمام : ( **بە جۆرێک لە شەرم و ترس و دوودڵییەوە**) ئەرێ تۆ بەمنداڵی خەتەنە کراوی؟

دەنگی ڕوقیە : کچێ نەک هەر خەتەنە، بەڵکی ناو لەشیان هەموو عەدەم کردم. (**وچانێک، ئینجا بەدەنگێکی کز و گریاناوییەوە**) ئەوەی بەسەر من هات یاخوا بەسەر دوژمنت نەیەت.

شەمام : ( **بەسەرسوڕمانەوە**) چۆن؟

دەنگی ڕوقیە : ڕۆژێکی تر بۆتی باس ئەکەم و ئەو چیرۆکەت بۆ ئەگێڕمەوە کە چیم بەسەر هات. بۆت ئەگێڕمەوە کە ژنێکی بەنەفرەتی گەرەکەکەمان بە کولە گوێزانێک چی لێکردم!

شەمام : ئەوە تازە چیرۆکێکی ئاونگ لە گۆڤاری "تەمتومان"بڵاو بۆتەوە و سەبارەت بە کارەساتی خەتەنەکردنی چەند کیژۆڵەیەک، کەبەڕاستی تراژیدیا ئەگێڕێتەوە.



دەنگی ڕوقیە : شەمام گیان گەر بەئەرک نابێ و ئەگەر کاتت هەیە ئەتوانی بۆمی بخوێنیتەوە، بەڵکە توزێک لە ئازار و ژانم کەم بکاتەوە.

شەمام : بۆتی ئەخوێنمەوە بەڵام بە وردی گوێ بگرە

دەنگی ڕوقیە : باشە بەسەرچاو.

شەمام : (**دەست ئەبات بۆ گۆڤارەکەی سەر مێزەکە و ئەکەوێتە خوێندنەوەی چیرۆکەکە.)**

چیرۆکی

## مووس

نووسینی : ئاونگ

ئێستاش ڕقێکی زۆرم لە مووسە. مووس بۆ من دوژمنە. بە من بێ هەر وشەیەک ببیستم، تەنها مووس نەبێ.

هاوسەرەکەم کەجاران بەو مووسە نەعلەتییە ڕیشی ئەتاشی، من وام ئەزانی قەسابێک لەماڵەوەیە و هاکا

دەموچاوی پیاوەکەمی هەلابەهەلا کرد و
شەقوپەقی کرد. هەر کاتێکیش هاوسەرەکەم
شوێنێکی دەموچاوی
خۆی ببریایە و خوێنی لێبهاتایە، من ئەو
خوێنە سووره نەعلەتییەم ئەهاتەوه پێشچاو کە
سی ساڵ
لەمەوبەر ترسێکی گەورەی لەناخما چاند.
بۆیە هەندێجار بەنابەدڵییەوه بەهاوسەرەکەم
ئەگووت توخوا خۆت
تاقم تراشەکەت بێنە و هەر خۆشت
هەڵیبگرەوه و بیانشۆ. ئەویش کە نیگەرانییەکی
تەنکم لە ڕوخساریدا
ئەخوێندەوه ئەیگووت قەیناکە ئەزانم
ماندووی و ئیش و کاری ماڵەوه تاقەتی لێبڕیوی.
کێشە نییە خۆم ئەیهێنم و خۆشم هەڵی
ئەگرم. منیش هەموو جارێ ئەمگووت" نا ئازیزم
هەر ماندوو بوون نییە، بەڵکو زۆر ڕقم لە مووس
ئەبێتەوه."
ئیتر کەئەچووین بۆ بازاڕ ئەو نەیئەهێشت
ئاگام لە کڕینی مووس بێت و ئەو کاتانەی کەمن
سەودای خاولییەک یان
ئاوێنەیەک، یان شتێکی ترم ئەکرد بۆ ماڵەوه،
ئەمبینی بەئاسپایی دوو- سێ دەستە مووس
هەڵئەگرێ و پارەکەی



ئەدا و ئەیخاتە نێو گیرفانی چاکەتەکەیەوه.
ئیتر نە ئەو زۆر لەسەر دوژمنداری من بۆ مووس
ڕۆیی و نە منیش
ئەو گرێی نهێنییەم کردەوه تا دوێنێ ئێواره
کە هاتەوه ماڵێ تۆزێک شپرزە بوو. لێمپرسی:
"چی ڕوویداوه؟" ئەویش
گووتی : ماڵی باوکی قەدە "نوری"یان
هەڵپێچاوه کە قەدە تەڵاق بدات و کۆتایی بەو
تۆرانە بەردەوام و کێشانە
بهێنن کەئەوه بۆ شەش ساڵ ئەچێ پێوەی
گیرۆدەن و پاش ئەو هەموو ساڵە
لەهاوسەرگیری نێوان قەدە و نوری کەچی
شەوێک بەئارامی سەریان نەخستۆتەسەر
سەرین. ئینجا گووتی " نوری پێیگووتوون من
کچم لێتان خواستووه تا ژیانێکی
کامەران بژین. ئەو کچەی ئێوه دوژمنی پیاوه.
دوژمنی ئەوەیە بچم بەلایەوه. پێمئەڵێ بەهیچ
شێوەیەک نابێ
لێم نزیک ببیتەوه." سەرەنجامیش وا تەڵاقی
ئەدات.
ئیتر من زانیم دەردەکەی قەدە چییە. من
یەکێکم لەو شایەتە زیندووانەی کەبەچاوی خۆم
بینیم میم ڕەعنا چی
بەسەر قەدە و بەسەر ئێمەش هێنا.

نازانم چەند مات ببووم کەهاوسەرەکەم گووتی " ئەوە چییە بۆ وات لێهات؟ ئەزانم قەدەت خۆش ئەوێ،

بەڵام لەڕاستیدا نازانین چی ڕوویداوە"...ئیتر بێئەوەی بەخۆم بزانم دوو دڵۆپ فرمێسک لەچاوانمانەوە

هاتنە خوار بۆ قەدە و بۆ خۆمان.

هاوسەرەکەم پەیتا پەیتا ئەیپرسی "چاوەکەم بۆ وا بێتاقەت بووی؟" منیش زیاتر ئەگەڕامەوە ڕۆژەکانی

منداڵی و بەتایبەتی ئەو ساتەی کەقەدە قەسابی کرا. من ئیتر گەیشتمە ئەوەی ئەبێ هاوسەرەکەم لەم نهێنییە ئاگادار بکەمەوە. نهێنی دوژمنداریم لەگەڵ مووس و چارەنووسی قەدە. گووتم " ئەزانی بۆچی ڕقم لەمووسە؟

هاوسەرەکەشم بە هۆپێکەوە گووتی" نەخێر...حەز ئەکەم بۆمی باس بکەی" پێمگووت: " پەیوەندییەکی گەورە

هەیە لەنێوان قەدە و مووس!" ئەویش گووتی " قەدە و مووس؟ قەدە و مووس چ پەیوەندییەکیان بەیەکترەوە

هەیە؟" گووتم " نا ...پەیوەندییان هەیە..تۆ گوێ بگرە با بۆتی باس بکەم...چوار پێنج ساڵان ئەبووین،لەکۆڵان



خەریکی یاریکردن بووین. ئێمە چەند کچێك بووین کە قەدەشمان لەگەڵدا بوو، سەرقاڵی جیهانی منداڵی

خۆمان بووین. دوا نیوەڕۆیەکی هاوین بوو،ماڵیشمان هەر لەو کۆڵانەی ئێستا بوو. ئەوسا نەمانئەزانی زیقەزیق و

هەڵبەزە و دابەزەمان ئەگاتە کوێ. وازی خانەخانە تەواو ئاوێتەی بیر و ئەندێشەمان ببوو. دونیای وازییە

مێینەکان بۆ ئێمە بەهەشتێکی بچکۆلانە بوو کە لەخۆرهەڵاتنەوە تا دەمەو مەغریب پێوەی سەرقاڵ بووین.

کەلسوم لەناکاو هەڵیدایێ" ئەرە وەڵڵا خورچای! قاچت لەسەر خەتەکەیە."

"بەخوا نەخورچاوم. ئەوە نییە پاژنەم لەم دیو خەتەکەوەیە." ڕەمزیە ئەمەی گووت و خانەخانە تا ئەوسەر

ڕۆیشت و بەردەکەی هەڵگرت و گووتی پێنجەم.

لاچۆ نایکەم تۆ فێڵ ئەکەی.

بەخوا فێڵ ناکەم و بەسەری باوکم نەخورچام. ئا...بەس قەیناکە با نۆرەی تۆ بێت."

کەلسوم بزەیەکی هاتێ و ئینجا هەستێکم لە گوڵە و قەدە گرت کە بە میروانەوە سەرە قژنەکانیان

بەسەر چاڵێکی بچووکدا شۆڕ کردبۆوە

تۆ خشکە ئەکەی...ئەبێ چورم بدەی.
قەدەش ساڵێک گەورەتر بوو لە گوڵە، چوریشی ئەدایێ و هەر لێشی ئەبردەوە.
لەسەری کۆڵانەکەش چەند کچۆڵەی خرپن و نازداری تری وەکو ئێمە لە جیهانی بێگەردی خۆیاندا ئەژیان، وەختێ
کابووسی میم ڕەعنا مۆتەکەی ترس و خۆفێکی زۆری خستە دڵمانەوە." وەرن کچەکان ...وەرن...دەی خڕ ببنەوە...
وەرن بۆ لای میمکی خۆتان"
ئێمەش لەدەوری میم ڕەعنا کۆبووینەوە وەک ئەوەی لەچاوەڕوانی مۆژدانەیەکی گەورەدا بین. هەمووی بردینە
حەوشەی ماڵی قەدە و گووتی سونەتتان ئەکەم. هەر کەلەگیرفانی کەواکەی کەرتە مووسێکی کول و ژەنگاوی
دەرهێنا، هەموو زارەترەکمان چوو، ڕەنگمان ڕەنگی پیازی لێنیشت و دەستمان کردە گریان و هاواری دایکمان ئەکرد.
بەڵام کێ گوێی لەهاواری ئەو چەند منداڵە ئەبوو کەمیم ڕەعنا خەریک بوو کارەساتی ئەخوڵقاند.
" دەک عەمرتان نەمێنێ...وسکت بن خۆ ناتان خۆم...سونەتتان ئەکەم و سبەی چاک ئەبنەوە و دەستخۆشیشم



لێئەکەن کەلەو بەڵایە نەجاتتان ئەدەم... دەی کۆشتان هەڵبدەنەوە و دەرپێکانتان داکەنن"
ئای ئەو ڕۆژەم
قەت لەیاد ناچێ خەریک بوو ئەبورامەوە. لەترسانا ئارەقەم دەردابوو. قەدە یەک پارچە لەخوێن هەڵکێشرا،
فیزاحی ڕۆژە ڕێیەک ئەڕۆیی،،،ئای چ کارەساتێک بوو. قەدە لەکاتی خەتەنەکردنەکەدا کاتێ ئازار زۆری
بۆ هێنابوو، ڕانی جوڵاندبوو و میم ڕەعناش بەدەستە خوێناوی و مووسە ژەنگاوییەکەیەوە دەستی ئەترازێ و
دەمارێکی هەستیاری ئەبڕێ و تووشی خوێن بەربوون هات. قەدەیان بەپەلە گەیاندە لای برپیێچەکەی کۆڵانی ئەودیو و
دواتریش بەرەو خەستەخانە و دوای چەند ڕۆژێک بەشەلەشەل هێدی هێدی هاتەوە کۆڵان.
دکتۆرەکە لەنەخۆشخانە بەباوکی قەدەی گووتبوو: چ بێویژدانێک وای لێکردووە.پرۆ شکاتی لێبکە،بەڵام باوکی قەدە
بەهەر شێوەیەک بووە خۆی لە پرسیارەکان دزیوەتەوە و شکاتی نەکردووە. ئیتر ئەم کارەساتە قەدەی توشی
حاڵەتێکی نائاسایی کرد، لەناکاو ئەگریا، یان هەر کە ناوی میم ڕەعنای ئەبیست

ئەیقیژاند و جنێوی ئەدا. کە شووشی کرد ئەمە چارەنووسەکەیەتی. ئاخ قەدە بەس من ئەزانم چییان لێکردی.

هاوسەرەکەم بەجدیی گوێی گرتبوو و هۆشی دابووە قسەکانم، منیش چووبوومەوە جیهانی ڕابردوو و کەسمان ئاگامان

لە کات نەمابوو. دوای بەئاگاهاتنەوەمان گووتی" ئێستا ئەزانم بۆ ڕقت لە مووسە. دەک مووس بەنەفرەت بێ...خۆزگە

مووس هەر نەبوایە..قیروسیا لەوەی دەموچاو و بن باڵ و سەر موسەڵانمان ئەبووە جەنگەڵی تووک.

**(بێدەنگییەکی کورت)**

دەنگی ڕوقیە : ( **گریانێک دێتە بەر گوێ)**
بەخوا منیش بەهەمان دەرد چووم. منیش قەسابی کراوم. من و قەدە وەکو

یەکمان لێهاتووە. لەتەلەفۆن نا بەڵام گەر یەکترمان بینی منیش چیرۆکەکەی خۆمت بۆ ئەگێڕمەوە.

شەمام : بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە ئامادەم گوێت لێبگرم. هەر یارمەتیەکیشت ئەوێ ئەوا من و جیهاد ئامادەین

یارمەتیتان بدەین.



دەنگی ڕوقیە : **(بەنەوازشەوە)** سوپاستان ئەکەم و ماڵتان هەر ئاوا بێ. با لەوە زیاتر کاتت نەگرم.

شەمام : زۆر خۆشحاڵ بووم و سوپاست ئەکەم بۆ تەلەفۆنەکەت.

دەنگی ڕوقیە : سوپاس کاتێکی خۆش.

شەمام : کاتێکی خۆشتر بۆ تۆ و خوا حافیزت بێ.

**( شەمام تەلەفۆنەکە دائەنێتەوە و بۆ ماوەی خولەکێک بێدەنگ ئەبێ. گۆڤارەکە ئەخاتەوە سەر مێزەکە و ئینجا بەرەو دەرگای دەرەوە ئەڕوات و شانۆش تاریک دادێ.)**

دیمەنی سێیەم

شوێن

ژووری میوانی ماڵی ڤیانە.

کات

سەرلەبەیانی ڕۆژێکی مانگی حوزەیرانی دوو هەزار و شەشە

دیمەن : ژووری دانیشتنی ماڵی ڤیانە. ڕیزێک قەنەفەی جوان و مێزی بچکۆلە لە ژوورەکە دانراون. شاگوڵ و ڤیان و شنۆ و شەمام و لەیلا لەسەر قەنەفەکان دانیشتوون و خەریکی قسە کردنن.

شاگوڵ : ئێ شەمام خان، تۆ باسەکەت تەواو نەکرد، هاوڕێکەت ڕوقیەخان گرفتەکەی خەتەنە بوو، وا نییە؟

شەمام : بەڵێ ئەو بەدبەختە دوای ئەوەی چیرۆکە تراژیدییەکەی خۆی بۆ گێڕامەوە. بەزەییم پێدا هاتەوە. ئەو داماوە بزۆکی هەر لەبنەوە پڕدراوە. ئەیگووت ڕقم لەجووتبوونە. ئەمەش گرفتی بۆ دروست کردووم.



شاگوڵ : (**وچانێکی کورت**) خەتەنەکردن وەک ئەزانین پڕینی بزۆکی ئافرەتە کە ئەبێتە هۆی وروژانی هەستی سێکسی. پڕینی ئەو ئەندامەی جەستەی ژن، لەو باوەڕەوە هاتووە کە ژن مایەی سەرشۆڕی و شەرمەزاری بنەماڵە و تیرە و خێڵە. جا بۆ ئەوەی خێڵ و تیرە و بنەماڵە دووچاری شەرمەزاری نەبن ئەبێ ئەو ئەندامە ببڕن.

ڤیان : (**ڕوو لە شاگوڵ ئەکات**) شاگوڵ گیان تۆ خۆت ژیانی ڕۆژئاوا و ئێرەشت ئەزموون کردووە. ئەی لە ڕۆژئاوا کچان چۆن تەماشای ئەم دیاردەیە ئەکەن؟

شاگوڵ : لەڕۆژئاوا کچان گرفتی ئازادییان نییە. کێشەی خەتەنەیان نییە. سیستمی ڕۆژئاوا سیستمی خێڵەکی نییە تا کچان بەو دەردە بەرن. هەرواها ئاینیش هیچ دەسەڵاتێکی نییە و ناتوانێ بچوکترین هەژموونی هەبێ بەسەر ژیانی خەڵک. (**وچانێک**)لەوێ قوتابخانەکان و پەروەردە ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە هۆشیارکردنەوەی کچان و کوڕان لەبواری

ڕۆشنبیری سێکسی. لەوێ لە قۆناغی
بنەڕەتییەوە فێر ئەکرێن کە سێکس شتێکی
حەرام و بقە نییە و مرۆڤ نابێ
بێزی لێبکاتەوە. بەپێچەوانەوە وەکو
شتێکی سروشتی ئەیناسێنن.

لەیلا : پێموابێ لەوێ سێکس هیچ
سانسۆرێکی لەسەر نییە.

شاگوڵ : ( **قسەکەی لەیلا ئەقۆزێتەوە)**
ئەوە لێکدانەوەیەکی هەڵەیە گەر وا تێبگەین
سێکس لەڕۆژئاوا هیچ سانسۆرێکی
لەسەر نییە. ڕاستە لەوێ ئازادی هەیە،
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیمان و دیسیپلین هەیە
کە ڕێگەی مرۆڤەکان نادات
سێکس لەسەر ڕەوشتی ئاژەڵانە ئەنجام
بدەن.

ڤیان : باشە ئەم ئازادییە لەڕۆژئاوا نابێتە هۆی
ئەوەی کە ژنانی ڕۆژهەڵاتی وەختێ ئەگەنە
ئەوێ بەخراپ بەکارهێنانی
ئەو ئازادییە بکەونە کۆمەڵێ هەڵەوە
دەرئەنجامیش جیابوونەوە و هەڵوەشانەوەی
خێزانی بە شوێنەوە ئەبێ.

شاگوڵ : بە دڵنیاییەوە ڕاستە.



شنۆ : من لەگەڵتام وەک لە سمینارەکەشدا
ئاماژەت پێدا کە کوشتنی ژنان لەژێر ناوی
ناموسپەرستی دیاردەی کۆمەڵگە
ڕۆژهەڵاتی و ئاینی و دواکەوتووەکانە. ئەی
گرفتەکانی ژنانی ڕۆژئاوا چین؟

شاگوڵ : ئەگەر پێمان وابێ ژنانی ڕۆژئاوا ئازادن
و یەکسانن بە پیاو لەبوارەکانی کۆمەڵایەتی و
سیاسی و ئابووری
ئەوا هەڵەین. چونکە لەڕۆژئاواش ژنان
بەتەواوی مافەکانیان نەگەیشتوون. بەهەشتی
ڕۆژئاوا بۆ بەشێکی ژنانی ڕۆژئاوا جگە لە
دۆزەخێکی تاڵ هیچی تر نییە. ئەوەشمان
لەبیر نەچێت ژنانی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان لە
ڕۆژئاوا
بەهەمان شێوە دووچاری توندوتیژی
ئەبنەوە و لەترسی کوشتن کچان ناچارن
بەپارەیەکی زۆر پەردەی کچێنیان
بدورنەوە.

لەیلا : ( **بەگاڵتەکردنەوە)** ئەرێ شاگوڵ
ڕۆژئاوای لێکردین بە ئەفغانستان. بەو حیسابە
بێ ئێرە خۆشترە، تۆ ئەڵێی
چی ڤیان؟

ڤیان : نا لەیلا مەبەستی شاگوڵ نیشاندانی ڕاستییەکانە.

لەیلا : ( **پێئەکەنێ**) کچێ گاڵتە ئەکەم.

شنۆ : دەی خۆ ناکرێ هەر جدییات بێ. دەی شاگوڵ کەی سەفەر ئەکەیتەوە؟

شاگوڵ : دوو هەفتەی تر.

**( ئیتر ئەمان هەر خەریکی قسەکردنن و پێئەکەنن و ڕووناکی تا دێت کز ئەبێ و شانۆ تاریک ئەبێ)**

پەردە دائەدرێتەوە

2009



شانۆگەری

## هەڵوەرینی خەونەکان

کارەکتەرەکان

خەسرەو : تەمەنی چل و دوو ساڵ ئەبێ. باڵا بەرزە. ورگێکی بچووکی هەیە. قژێ ماش و برنجە. تۆزێک قەڵەوی پێوە دیارە. دوکاندارە.

گوڵەباخ : تەمەنی سی و هەشت ساڵ ئەبێ. قژ ڕەش و کورتە. باڵا بەرزە، لاوازە. ژنی ماڵەوەیە.

پۆلا : تەمەنی نۆزدە ساڵە، باڵا بەرزە، لاوازە، قژی ڕەش و کورتە. قوتابی زانکۆیە لە قۆناغی یەکەمی کۆلیژی ئاداب بەشی زمان و ئەدەبی کوردی.

ترێ : تەمەنی حەڤدە ساڵ ئەبێ. قژی درێژ و ڕەشە. باڵا بەرزە. لاوازە. قوتابییە لە پۆلی پێنجەمی وێژەیی.

سەوزە : تەمەنی بیست ساڵ ئەبێ. باڵا بەرز و لاوازە. قژی درێژ و ڕەشە. قوتابییە لە دوا ساڵی ئامۆژگای مامۆستایان.

شوانە : تەمەنی بیست و پێنج ساڵ ئەبێ. قژی ڕەش و پڕە. تۆزێک تێکسمڕاوە، باڵا مامناوەندییە. مامۆستای سەرەتاییە لە قوتابخانەی سەرەتایی تێکەڵاو.

هەڵەبجەی شەهید (کچێک) : تەمەنی لاوە، جلێکی سەرتاپا سپی لەبەردایە. شێوەی جەستە و تەمەن و وردکاری کەسێتی ئەو کچە گرنگ نییە.

پشتیوان : تەمەن سی و دوو ساڵە. دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانە. تازە پەناهەندەیە لە کەنەدا.



سەرکێش : تەمەن بیست و حەوت ساڵە، قوتابییە.

لانە : تەمەن بیست و پێنج ساڵە، قوتابییە و شانۆ ئەخوێنێ.

سۆما : تەمەن بیست و چوار ساڵە، قوتابییە.

تێبینی : جلوبەرگ و مکیاژ(ئارایشت) بۆ دەرهێنەر بەجێهێڵدراوە.

## دیمەنی یەکەم

### کات

سەرلەبەیانی ڕۆژی بیست و یەکی مانگی ئاداری دوو هەزار و پێنجە

### شوێن

پارکێکە لە شاری ڤانکۆڤەر لەکەنەدا.

پەردە لائەدرێت

دیمەن : شانۆ وا دیزاین کراوە وەک ئەوەی یەکێک لەپارکەکانی شاری ڤانکۆڤەرە بێت لە کەنەدا. کورسییەکی درێژ دانراوە .دیواری پشتەوەی شانۆ سادەیە و دیمەنی هەندێ داری لەسەرە. بەکورتی شانۆ زیاتر وەک پارکێک دەبینرێ. لای ڕاستی شانۆ تۆزێک تاریکە و شوێنی هاتنە ژوورەوەی ئەکتەرەکانە. ڕووناکی لەسەر سۆما و سەرکێشە کە لەسەر کورسییە درێژەکە دانیشتوون و خەریکی قسە کردنن .

سۆما : **(سەیرێکی ئەملاو و ئەولا ئەکات و ڕوو لە سەرکێش ئەکات)** ئەرێ نەورۆزی ئەمساڵ قەرەباڵغ نییە!. بۆ وا چۆڵە؟

سەرکێش : هێشتا زووە. نەختێکی تر خەڵکی دەرئەکەون. خۆت ئەزانی کۆمەڵگای کوردی هەرگیز لەکاتی دیاریکراو ئامادە نابن.

سۆما : لانە گووتی دێم؟ زەنگت بۆ لێداوە؟

سەرکێش : بەڵێ. لەگەڵ ماڵەوەیان دێت.



سۆما : باشە با بزانین...**( سۆما و سەرکێش سەرقاڵ ئەبن بە قسە کردنەوە و خولەکێک بێدەنگی)**

**( لانە لای راستی شانۆوە دێتە ژوورەوە و یەکسەر بەرەو لای سۆما و سەرکێش دێت)**

لانە : سڵاوتان لێ بێ. ببورن دوواکەوتم. دایکم خواردنەکەی درەنگ پێگەیشت.

سۆما و سەرکێش : **( پێکەوە)** سڵاو لە لانە. فەرمووو دانیشە.

لانە : ئەوە چییە هەست ناکەن پارکەکە چۆڵە؟

سەرکێش : ئاخر تۆزێک زووە، ماوەیەکی تر قەرەباڵغ ئەبێ ئەوسا هەرکەسێکت بوێ لێرەیا ئەیبینی.

لانە : **( وەک ئەوەی شتێکی بێتەوە یاد)** ئەزانن کوڕێکی هەڵەبجەیی تازە هاتووە بۆ کەنەدا؟ ئەو ڕۆژە لەگەڵ کاک هەڵۆ هات بۆ ماڵمان و باسی بەسەرهاتی خۆی کرد بۆمان

هەموو گەرووومان گیرا. پریاریشە ئەمڕۆ بێت بۆ ئێرە.

سۆما : کێیە؟ ناوی چییە؟

لانە : ناوی پشتیوانە. هونەرمەندیشە و بەشی شانۆی تەواو کردووە.

**( دوای بێدەنگییەکی کورت پشتیوان دێتە ژوورەوە بەرەو لای سۆما و سەرکێش و لانە ئەڕوات.)**

پشتیوان : **( بە ڕووخۆشییەوە)** ئەم کاتەتان باش.

لانە : ژیانت باش . سڵاوت لێ بێ کاک پشتیوان.

پشتیوان : سڵاو لە خۆشتان لانە خان.

سۆما و سەرکێش : ژیانت باش،

**( لانە پشتیوان بە سۆما و سەرکێش ئەناسێنێ - پشتیوان – سۆما،سەرکێش – سۆما ، سەرکێش– پشتیوان)**



پشتیوان **:( ڕوو لە سۆما و سەرکێش ئەکات)** خۆشحاڵم بەناسینتان.

سۆما و سەرکێش : **( پێکەوە و دەم بەبزە)** خۆشحاڵین بە ناسینت. فەرموو دانیشە.

پشتیوان : **(لەسەر ئەسکەمیلەکە لە تەنیشتیانەوە دائەنیشێ)** سوپاستان ئەکەم.

سۆما : (**ڕوو لە پشتیوان ئەکات**) کاک پشتیوان خەڵکی هەڵەبجەی وا نییە؟

پشتیوان : بەڵێ خەڵکی هەڵەبجەم.

سەرکێش : ئەی لەگەڵ کێ هاتووی بۆ کەنەدا؟ ماڵەوەت لەگەڵە؟

پشتیوان : چەند مانگێکە هاتووم بۆ ئەم وڵاتە و بەتەنهام. ماڵەوەمان لە کارەساتی کیمیابارانەکە لە ساڵی هەزار و نۆسەد و هەشتاو هەشت هەموو تیا چوون.

**( سەرکێش و لانە و سۆما هەریەک بەجۆرێ داخ و خەم لە سیمایاندا دەرئەکەوێ و پێناخۆشحاڵی بوونی**

**خۆیان دەرئەبڕن و سەرێش دەست دەخاتە سەر شانی پشتیوان)**

سەرکێش : (**بەدەم دڵدانەوەوە**) بەداخەوە، داوای لێبووردن ئەکەم. کاک پشتیوان ئەی بە نیازی چیت؟ بەرنامەت چییە و ئەتەوێ چی بکەی؟

پشتیوان : ڕاستی من خۆم خوێنکاری پەیمانگای هونەرە جوانەکان بووم لە سلێمانی و ئێستاش حەز ئەکەم شانۆ بخوێنم لێرە. ئەگەر بۆشم بلوێ شانۆگەرییەک لەسەر ئەو کارەساتی هەڵەبجە ساز بکەم.

سۆما : ئەی چۆن ناکرێ. خۆ ئێرە کۆمەڵگاکان بەو پەڕی ئازادییەوە ئەتوانن گوزارشت لەخەم و خۆشییەکانی خۆیان بکەن.

لانە : (**سەر ئەلەقینێ و بیرۆکەکەی پێباشە**) ئەی بۆ نا... من لە کۆرسی شانۆم. تۆش ئەتوانی لەوێ بخوێنی و درێژە بە کاری شانۆیی بدەی چ بەزمانی ئینگلیزی یان بە زمانی کوردی.

پشتیوان : (**بە دڵخۆشییەوە**) یانی ئەکرێ؟



سەرکێش : بەڵێ ئەگەر خۆت بتەوێ چاکیش ئەکرێ.

پشتیوان : جا تکا ئەکەم یارمەتیم بدەن بۆ ئەوەی بە کورتترین ڕێگا بگەمە ئەو کۆرسە و ئاواتم بێنمە دی.

لانە : سەرەتا ئەبێ هەندێ زمانی ئینگلیزییەکەت بەهێز بکەیت، ئەوسا کێشە نییە بۆ کۆرسەکە.

پشتیوان : (**ڕوو لە لانە ئەکات**) ئەی بۆ شانۆگەرییەکە؟ لانەخان تۆ خۆت ئەکتەری و ئەتوانی یارمەتیم بدەیت.

لانە : بەخۆشحاڵییەوە ئامادەم و سەرکێش و سۆماش دێن.

پشتیوان : (**ڕوو لە سۆما و سەرکێش ئەکات**) بەڕاست ئێوەش ئامادەن؟

سۆما و سەرکێش : (**پێکەوە**) بەڵی ئامادەین و کەسانی تریش ئامادە ئەبن ئەگەر بزانن کارێکی لەو جۆرەمان بەدەستەوەیە.

پشتیوان : (**جیددی بوونی پێوه دیاره**) من ئەمەوێ کارەساتی هەڵەبجە لە کارێکی هونەری جوان لەئاستێکی بەرز پێشکەش بکەین و ببینە پێشڕەو لە بواری نواندن و لەمەش گرنگتر پێویستە وێنەیەکی جوانی ئاشتیخوازیمان نیشانی کۆمەڵگاکانی میللەتانی تر بدەین.

لانە : زۆر ڕاستە. من بەوپەڕی توانا هەوڵ ئەدەم یارمەتیت بدەم.

سۆما : منیش درێغی ناکەم و چیم پێبکرێ دەیکەم.

سەرکێش : مادام وایە ئەتوانین خۆمان ئامادە بکەین و پلانی بۆ داڕێژین.

پشتیوان : من دەقێکی جوانم لایە و ئەتوانین لەسەر ئەو دەقە ئیش بکەین. من لەمیانی ئەو دەقەوە هەست ئەکەم کەسوکارم زیندوو ئەبنەوە.

**( وچانێکی کورت)**



لانە : ئەڵێن چی با نەورۆزەکەمان پیرۆز بکەین، دوواتریش وردتر لەسەر شانۆگەرییەکە قسە ئەکەین.

سۆما و سەرکێش و پشتیوان : (**پێکەوە**) زۆر باشە

**( هەموو هەڵدەستن و ئەڕۆنە دەرەوەی شانۆ و شانۆش تاریک ئەبێ)**

دیمەنی دووەم

کات
عەسری ڕۆژی شانزەی ئاداری هەزار و نۆسەد و هەشتاو هەشتە

شوێن
قەدپاڵ شاخێکە لە شارەزوور

پەردە لائەدرێت

ديمەن : سەر شانۆ خاڵييە. شتێكى واى لێ نييە جگە لە يەک دوو تاشە بەرد. ديوارى پشتەوەى شانۆ ئاسمانێكى دوكەڵاوييە لەگەڵ ديمەنى چەند گرد و ياڵێک. لاى چەپى شانۆ دەرگايەكە، شوێنى هاتنە ژوورەوەى ئەكتەرەكانە، كە بريتييە لە توولەڕێيەک بەرەو ئەو قەد پاڵە. هەرچى لاى ڕاستى شانۆشە هەندێک تاريکە کە بەڕاستى بەردەوامبوونى توولەڕێيەکە ديار نييە. بەگشتى شانۆ بارگاوييە بەڕووناکييەکى کز.

**( خەسرەو ژێر باڵى گوڵەباخى خێزانى گرتووە لەگەڵ پۆڵاى كوڕى و ترێ دێنە ژوورەوە. سيمايان ناتوانێ ئەو ترس و تۆقينەيان بشارێتەوە كە هەر هەمووى چەند كاتژمێرێكە كارەساتێكى هێندە جەرگبڕيان بينيوە كە هەرچەند ئەكەن بڕواييان نايەت كە چۆن بەو ڕێكەوتە ڕزگاريان بووە. هەرچەندە گوڵەباخ بەركەوتووە و حاڵى پەرێشانە. بەڵام خەسرەو و پۆڵا و ترێ لەم سەرەتاييەوە هيچ نيشانەيەكى بەركەوتوويان پێوە ديار نييە، بەڵام دوايى كاريگەرى گازى خەردەلەكە لەسەر جەستەيان ئەبينرێ.)**



خەسرەو : ( **لەپاڵ يەكێك لە تاشە بەردەكان ڕوو بە پۆڵا و ترێ** ) ئێرە شوێنێكى چاكە، با لێرەيا پشوويەک بدەين.
ئادەى پۆڵا با دايكت پشت بەو تاشە بەردەوە بدات.

پۆڵا : ( **بەدەم هەناسە سوارييەوە)** دايە گيان لێرە پشوو ئەدەين. زۆر ماندووين و ماوەيەكى زۆرە بەڕێوەين. ئەرێ دايە باشتر نەبوويتە؟

**( دەنگى تەقينەوەى تۆپێک لەدوورەوە دێت)**

گوڵەباخ : ( **بەلرخەلرخ بێ ئەوەى ئارەزووى وەڵامدانەوەى هەبێ**) نا.. هيچ باشم نيم پۆڵا گيان.

خەسرەو : ( **لەتەنيشت گوڵەباخەوە هەڵتروشكاوە و پەشێوحاڵ ديارە**) گوڵە گيان هەر ئەوەندە بگەينە سەرسنوور ئيتر چارەسەركردن ئاسانە. ورەت بەرز بێ و هيواپڕ مەبە. لەوديو يەكسەر ئەتگەێنمە نەخۆشخانە و دونيات پێئەكەم بۆ ئەوەى چاك ببيتەوە.

گوڵەباخ : ( **بەزەحمەت ئەدوێ**)خەسرەو زۆر ئاگات لەترێ و پۆڵا بێت، فەرامۆشیان نەکەیت. ترێ و پۆڵا ئەمانەتن بەدەستتەوە. تۆ و خوا نەکەی دڵیان بشکێنی.

خەسرەو : گوڵە گیان ئەوە باسی چی ئەکەی؟ تۆ بەس دان بەخۆتا بگرە، لەودیو کارێک ئەکەم کە چاک بیتەوە. ئەوسا هەموو پێکەوە وەکو جاران بەشادی ئەژین.

گوڵەباخ : (**دەست لە قۆڵی کراسەکەی خەسرەو گیر ئەکات**) خوێندنەکەیانت لەیاد نەچێ. زۆریان لەگەڵ هەوڵبدە تا خوێندنەکەیان تەواو ئەکەن.( **ئەکۆخێ و لرخەی سینگی دێ**) ئەوسا ڕوحی منیش ئازاد ئەبێ.

ترێ : ( **لەتەنیشت دایکییەوە لەسەر چنچکان دانیشتووە**) دایە گیان خوا ئەکا تۆ چاک ئەبیتەوە و هیچی لێنایە، بەس تۆ سەلامەت بیت چش لە خوێندن. من یەک چرکەی ژیانی تۆ بەهەموو خوێندنی دونیای ناگۆڕمەوە.

پۆڵا : دایە گیان تۆ بەس ورەت هەبێ، ئا بەو خوایە بەس لەم ئاگربارانە دەربازمان بێ سواڵی



دونیام کردبێ ئەبێ چارەسەرت بکەم. دایە بەس بگەینە ئەودیو ڕۆژانە ئەچم کرێکاری ئەکەم و داو و دەرمانت بۆ ئەکڕم. ( **گەرووی ئەگیرێ**) دایە گیان بەس تۆ سەلامەت بیت هیچی ترم ناوێ.

گوڵەباخ : (**ڕوو لە خەسرەو ئەکات**) تۆ هیچ هەواڵێکی ماڵی پیرۆزی خۆشکممان نەزانی...بەخوا باوەڕ ناکەم کەسیان ڕزگاریان بووبێ.

خەسرەو : حەمید ئازا و چاپووکە.بەس ئەوەندە دەرفەتی هەبێ ئەوا ڕزگاریان ئەکات. (**وچانێک**) خۆت ئەزانی ناتوانین بگەڕێینەوە ناو شار و ئەبێ چاوەڕوان بین تا هەواڵێکمان چنگ ئەکەوێ.

گوڵەباخ : (**بێتاقەتانە**) وەی لەم بەڵایەی بەسەرماندا هاتووە. دەک بایەقووش لەسەر کەلاوەتان بخوێنێ.

خەسرەو : تۆ بەس ئارام بگرە، سبەینێ هەموو شتێکمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە.

گوڵەباخ : ئارامی چی کوڕە وا ئەمرم.

خەسرەو : گوڵە... یەک تۆز عەزمت بەهێز بێت، تۆ تەنها تۆزێک دەموچاوت سوور بۆتەوە. ژێرخانەکە و تەنکیە ئاوەکە چاک فریامان کەوتن. ماڵیشمان لەپەڕەوە بوو، ئەگینا کەسمان بەساغی دەرنەئەچووین. تۆ ئەو هەموو تەرمەت لەسەر ڕێگاکە نەبینی؟ ئێمە شوکور زۆر باشین و دڵنیاشم باشتر ئەبین.

پۆڵا : ( **ڕوو لە باوکی ئەکات**)چی ئەڵێی باوکە، نەکەوینە ڕێ؟ ئەڵێم تا تاریکی دانەهاتووە بجوڵێین بەڵکو لەم ئاگر بارانە دوور ئەکەوینەوە و ئەچینە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی سەربازانی ڕژێم.

ترێ : (**ڕوو لە باوکی ئەکات**) ڕاست ئەکات بابە با بڕۆین، بەڵکو دایکیشم زوو ئەگەێنینە ئەودیو سنوور بۆ چارەسەرکردن.

**( دەنگێک لەدەرەوە ئەبیسترێ، لەدەنگی پێ و هاتنی کەسێک ئەچێ. لەلای چەپی شانۆوە سەوزە دێتە ژوورەوە)**

سەوزە : (**گەرووی گیراوە**) ئای خوایە چیمان کردبوو بۆ وات لێکردین؟ ئاخر گوناهمان چی بوو؟



ئای بابە گیان،ئای دایە گیان. ئای کاکە باڵا بەرزەکەم.

**( خەسرەو هەڵئەستێتە سەر پێ و بانگی سەوزە ئەکات)**

خەسرەو : کچم سەوزە وەرە ئێرە، ئەی باوک و دایکت و شوانە چییان بەسەر هاتووە، ئاگات لێیان نییە؟

سەوزە : ( **بەرەو لای خەسرەو و گوڵەباخ ئەڕوات**) کاک خەسرەو ،پوورە گوڵە.. دایکم مرد. دایکم لەناو حەوشەکە لای دار هەنجیرەکەوە بەلادا هات! یەکەمجار وامزانی لەوێدا لەناو حەوشەکە پاڵی داوەتەوە. بەڵام دوایی زانیم کە مردووە.( **سەوزە دەگریێ**). باوکیشم و کاکە شوانەم نازانم چییان بەسەردا هاتووە.

خەسرەو : ( **دەست بەسەر سەری سەوزەدا ئەهێنێت**) مەگری کچی خۆم، مەگری. من لەشوێن باوکتم. مەڕۆ و لەگەڵ ئێمە بمێنەوە و لەگەڵ خۆماندا ئەتبەین بۆ ئەودیو تا وەزعەکە بەلایەکدا ئەکەوێتەوە و ئەوسا باوکت و کاکە

شوانەت ئەبینینەوە.

سەوزە : سوپاست ئەکەم کاک خەسرەو (**ڕوو لە گوڵەباخ ئەکات**) ئەی پوورە گوڵەباخ تۆ چۆنی؟

گوڵەباخ : ( **چاو بە فرمێسک و بەلرخەلرخ**) وا ئەبینی سەوزە گیان، بەخوا هێزم لێبڕاوە. باوەڕ ناکەم بژیم. دڵنیام ناگەمە ئەودیو.

سەوزە : (**ڕوو لە گوڵەباخ**) نا..وا مەڵێ پوورە گیان. مردن و ژیان بەدەست خۆمان نییە. بەڵام نابێ بێ هیوا بی.

پۆڵا : ( **ڕوو لە باوکی ئەکات**) بابە گیان چی ئەڵێی ئێوە لێرە بمێننەوە، من ئەڕۆم تا ئەگەمە گوندێک و ئۆتۆمبێلێک پەیدا ئەکەم و دێمەوە بۆ لاتان.

گوڵەباخ : (**قۆڵی ڕاستی خەسرەو ئەگرێ**) نەهێڵی بڕوا. با دانەیڕێت لێمان، شتێکی بەسەر دێ.نەهێڵی.



خەسرەو : (**ڕوو لە پۆڵا ئەکات**) نا..کوری خۆم بەتەنها مەڕۆ...هەموو پێکەوە ئەبین. مان و نەمانمان ئەبێ پێکەوە بێ.
دوای ئەوەش نەختێکی تر ئەکەوینە ڕێ و بۆ مەغریبیش ئەگەینە گوندەکانی سەر سنوور. لەبەر ڕەبیە و مۆڵگای سەربازانی ڕژێم نەبێت قەدبڕ بەنیو سەعات ئەگەینە شوێنی مەبەست.

**( دەنگی تەقینەوەی یەک دوو تۆپ دێ و ئینجا دەنگی فڕینی فڕۆکە و هەلیکۆپتەر بەئاسمانەوە ئەبیسترێ. هەموو لەدەوری یەک کۆ ئەبنەوە و بەترسەوە تەماشای ئاسمان ئەکەن)**

گوڵەباخ : (**هەر قۆڵی ڕاستی خەسرەوی بەدەستەوەیە**) ئاو...ئاوم ئەوێ..وا ئەخنکێم.

خەسرەو : گوڵە گیان...لەبەر ئەو ڕەبیانە ناوێرم بچمە چەمەکە و ئاو بهێنم، هەروەها هیچیشمان پێ نییە تا ئاوی پێ بهێنم.

**( گوڵەباخ نائومێدانە سەری بەرئەداتەوە و بێدەنگ ئەبێ. ترێ نازانێ لەتاو دایکی چی بکات. زۆر لەدایکی نزیک ئەبێتەوە. دەستی ڕاستی دایکی ئەگرێ کەلێی ورد ئەبێتەوە ترس و سەرسوڕمانی پێوە دیارە)**

ترێ : ( **بەسەرسوڕمانەوە)** وەی خوایە گیان ئەوە دەستی دایکم یەک پارچە سوور هەڵگەڕاوە و سووتاوە. بەقوربانت بم دایە گیان. خوایە ئازارەکانم دایکم بۆ من بێت.

پۆڵا : (**ڕوو لە باوکی ئەکات**) دەی باوکە گیان با بچم تراکتۆرێک، ئۆتۆمبێلیک بهێنم، دەنا شەومان بەسەردا دێ و لەم یاڵە ئەمێنینەوە.

خەسرەو : (**ڕوو لە پۆلا ئەکات**) هەموو پێکەوە شەومان بەسەردا بێ باشترە لەوەی تۆ ون بکەم. نا ناڕۆی، ئای خوایە گیان بە چ ڕۆژێکت گەیاندم..دوێنێ ئەم وەختە لەکوێ و ئەمڕۆ لەکوێ. شایی و لۆغانی نەمانی بەعس لەکوێ و مەرگەساتی ئەمڕۆ لەکوێ؟



**( سەوزە کە تا ئەو دەم لەتەنیشت ترێ وە لەسەر چینچکان دانیشتبوو. تەماشایەکی لای چەپی شانۆ ئەکات،وەک ئەوەی کەسێکی بینێبێ و خەریک بوو ئەیناسییەوە)**

سەوزە : ( **بە دەنگی بەرز و خۆشییەوە هاوار ئەکا**) ئەرەوەڵڵا ئەوە کاکە شوانەمە. کاک خەسرەو ئەوە کاکە شوانەیە.

**(شوانە دێتە ژوورەوە و سەوزە بەرەو پیری ئەڕوا و باوەشی پێدا ئەکات)**

سەوزە : کاکە گیان یاخوا بەخێر بێی. وەی کاکە بەقوربانت بم. ئەوە بۆ وات بەسەر هاتووە؟ چاوی خوشکت کوێر بێ.

شوانە : ( **بێئەندازە ماندووە،سینگی گیراوە، بەڵام حاڵی لە گوڵەباخ باشترە و ئەشتوانێ باشتر قسە بکات.**) سڵاوتان لێ بێ.( **ڕوو لە کاک خەسرەو ئەکات و بەقورگی نووساوەوە**) هەموو مردن، باوکم مرد، دایکم مرد، مامم سەعید مرد، خۆیشم بزانە چیم بەسەر هاتووە.

(**سەوزە لەگەڵ بیستنی باوکم مرد، دایکم مرد،دەست ئەکات بە گریان و لە خۆدان)**

خەسرەو : (**هەوڵ ئەدات بێدەنگیان بکات)** ووس بن ووس..خوایە ئەمە چ بەڵایەکە یەخەی گرتووین.(**ڕوو لە شوانە ئەکات)**

شوانە ماندوویت، تۆزێ پشوو بدە و ئینجا ئەڕۆین، بۆ ئەوەی شەومان بەسەردا نەیەت.

شوانە : **(بەدەم گریانەوە)** کاک خەسرەو باوکم نایلۆنی لەگەروو بوو. ئەو گازە گەرووی گرتبوو و ئینجا خنکاندبووی.

خەسرەو : شوانە گیان ئەو زاڵمە دەستی نەپاراست. زیندەوەری دەرباز نەکرد. نازانێ گوناه چییە. تاوانبار و بێتاوانی

بەیەکەوە سووتاند. بینیت ئەو منداڵە بێتاوانانەی چۆن وەک گەڵای وەریوی پایز وەراندە سەر زەوی؟

ئێمە دەرگیری دوژمنێکی هار و دڕندەین. ڕۆژی ئێمەش دێت.

شوانە : (**ڕوو لە کاک خەسرەو ئەکات)** کە بەڕێگاکەدا هاتم سەدان تەرمم بینی لەمبەروئەوبەری ڕێگاکە



کەوتبوون. زۆربەیانم ناسییەوە. ئەمانە تەرمی ئەو مرۆڤانە بوون کە پڕ بوون لە هیوا، لێوانلیو بوون لە خەون

بەدواڕۆژ، خەون بەکامەرانی و ژیانێکی بەختەوەر. ئاخر هەڵوەرینی ئەم خەونانە هەڵوەرینی ژیانە، کاک

خەسرەو...هەموویان لەسەر گازەرای پشت یان لەسەر سک کەوتبوون. دەمیان داپچڕیبوو ئەتگووت هاوار

بۆ ئاسمان ئەکەن،تەنانەت هاوارەکان لەناو گەروویاندا قەتیس ببوو. هاوار بۆ فریادڕەس،بۆ دەستێک

ڕزگاریان بکات و لەگەرووی مەرگ دەریان بێنێ.

خەسرەو : شوانە ئەم هاوارانە هاوارکردنی بێدەسەڵاتي نییە، بەڵکو هاوارکردنە دژ بە"دەست بەکڵاوەکەتەوە بگرە با

نەیبات" هاوارە بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئارامنشینی ژیان، هاوارە لەپێناو ژیان خۆی. ( **بێدەنگی ئینجا**

**دەنگی دەستڕێژی گوللە ئەبیسترێت)**
شوانە بینیوتە چۆن وەک سەگی هار تەقە لەسێبەری خۆشیان ئەکەن.

شوانە : بزانن لەم هەڵەتە خۆمان حەشار داوە دێن و ئەمانگرن.(**وچانێک**) باشترە بیر لە ڕێگاچارەیەک بکەینەوە.

گوڵەخان توانای ڕێکردنی نییە، بۆیە ئەبێ ئۆتۆمبێلێک پەیدا بکەین،(**ئێستا ڕوو لە کاک خەسرەو ئەکات**)

تۆ ئەڵێی چی؟

خەسرەو : پۆڵاش هەر وای پێباش بوو، بەڵام من نەمهێشت بەتەنها بڕوات.(**وچانێک**) بەڵام با من و تۆ بەپاڵ

گردەکان بڕۆین تا ئەگەینە پێچی سەرەوەی چەمەکە و ئینجا بەناو چەمەکەیا ئەڕۆین تا ئەگەینە

ئاوەدانی.

شوانە : من ڕازیم...با ئەمان لێرە بمێننەوە و نەجوڵێن تا دێینەوە.

خەسرەو : گوڵەباخ، پۆڵا،سەوزە، ترێ لێرە نەجوڵێن تا دێینەوە.

گوڵەباخ : خەسرەو شوانە ئاگاتان لەخۆتان بێت.

**( خەسرەو و شوانە ئەچنە دەرەوە)**



**( ترێ سەوزەی لە ئامێز گرتووە...گوڵەباخ داوای ئاو ئەکات...ترێ شڵەژاوە...پۆڵا لەتەنیشت دایکییەوە دانیشتووە و لەچاوەڕوانیدایە. ئەم دیمەنە یان تابلۆیە لەگەڵ دەنگی کەوتنە خوارەوەی تۆپێک شڵەژانێکی تێ ئەکەوێ. ئینجا مۆسیقایەکی هێمن و غەمبار لەگەڵ سیمای پڕ لەترس و دڵەڕاوکێی دیمەنەکە تێکەڵ ئەبێ..ڕووناکی تا دێت کز تر ئەبێ و پەردە دائەدرێتەوە)**

دیمەنی سێیەم

**( لەم دیمەنەیا شانۆ بەتەواوەتی تاریکە و هیچ دیار نییە و هیچ دەرناکەوێ. ئەوەی ئەبیسترێ تەنها دەنگی هاڕەی ئۆتۆمبێلێک و دەنگی ئەکتەرەکانە لەتاریکی کەلەپشتەوەی ئۆتۆمبێلەکە سوار بوونە. دەنگی دەستڕێژی گوللە دێت،)**

دەنگی خەسرەو : خۆتان مات بکەن و نقەتان لێوە نەیەت. سەر بەرز نەکەنەوە.

دەنگی ترێ : بابە تۆ بڵێی نەکوژرێین؟

**( دەنگی دەسترێژێکی تر ئەبیسترێ)**

دەنگی شوانە : (**تۆزێک نزمە**) بزانن لەم شەوە بێجگە لەدەنگی تۆپ باران و دەسترێژ هیچی تر نابیستین. نەلوورەی گورگ،نەوەڕینی سەگ. نە زەڕینی گوێ درێژ...ئەڵێی مەرگ هەموو زیندەوەرێکی لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچاوە.

دەنگی پۆڵا : ئەگەر زوو بیان هێشتایە بچینە دەرەوە، ئەو خەڵکە وای بەسەر نەئەهات. بەس نەیان هێشت.

دەنگی خەسرەو : پاسدارەکان و ئەوانەی لەگەڵیان بوون ڕێیان لەخەڵکەکە گرت. ئەگینا خەڵکەکە بەو شێوەیە تیا نەئەچوون.

دەنگی سەوزە : کاکە شوانە،ئەی ئەوانەی لەگەڵ پاسدارەکان بوون، شۆڕشگێڕەکان نەبوون؟



دەنگی شوانە : بەڵی شۆڕشگێڕەکان بوون.

دەنگی ترێ : ئەی بۆ لەگەڵ پاسدار هاتبوون.

دەنگی خەسرەو : ئەم هەویرە ئاو زۆر ئەکێشێ . با واز لەم بابەتە بهێنین.(**بێدەنگییەکی کورت)** ئێستا تا ئەتوانن بێدەنگ بن ،بێدەنگ .زۆرمان نەماوە دەربازمان بێت.

دەنگی شوانە : زۆرمان نەماوە ..پاڵ بدەن بەیەکەوە. بێدەنگ بن.. لەو هەڵەتەوە دەرباز بین ئیتر ترسمان نامێنیت.

**(ئۆتۆمبێلەکە بەخێرایی دەڕوات، لەتاسەی گەورە گەورە ئەدات)**

دەنگی سەوزە : وەی پشتم شکا.

دەنگی شوانە : بێدەنگ بە. سەوزە وا گەیشتین.

**(دەنگی بڵاچەی تەقینەوەی تۆپ لەدوورەوە ئەبینرێ و ئەبیسترێ)**

دەنگی خەسرەو : ئەوە بەسەر بەرزاییەکە سەر کەوتین. باش بوو بەسەلامەتی لە بازنەی سەربازانی ڕژێم نەجاتمان بوو
گوڵە بزانە وا گەیشتینە نزیک ئاوەدانی. ئەمشەو لێرە ئەمێنینەوە و بەیانی زوو ئەتپەڕێنمەوە ئەودیوو و
چارەسەرت ئەکەم. گوڵە هیوامان تا دێت گەشتر ئەبێت. ترسمان کەمتر بۆتەوە. ئاسیاوی خۆمان هەیە لەو
دەوروبەرە. ئیستا ئەچین بۆ ماڵی ئەوان. ئەگەر ئۆتۆمبێلیش نەبێ بە وڵاخ ئەتپەڕێنمەوە بۆ ئەودیو. گوڵە
هەوڵ ئەدەین ماوەیەک لەودیو بمێنینەوە، تا تەواو چاک ئەبیتەوە ئینجا کە وەزع باش بوو،دێینەوە و دەست ئەکەینەوە بە ژیانی ئاسایی خۆمان. ها گوڵە تۆ ئەڵێی چی؟

**(گوڵە نقەی لێوە نایەت)**

دەنگی خەسرەو : ها چیت گووت گوڵە گوێت لێم بوو، چیم گووت؟

**( گوڵە هەر بێدەنگە)**



دەنگی پۆڵا : دایە گیان گوێت لێیە بابە چی گووت؟

**گوڵەباخ هەر بێدەنگە و دەنگی خەسرەو دەبیسترێت کە دەست بەهاوار دەکات)**

دەنگی خەسرەو : دەک ماڵی وێرانم..گوڵە بەتەنها جێمان نەهێڵێ. گوڵە ماڵم کاول نەکەیت.گوڵە بەرگەی بێ تۆیی ناگرم
گوڵە بۆ خاتری خوا نەکەی..نەکەی..

**( دەنگی گریان و فیغان بەرز ئەبیتەوە و دواتر لەگەڵ وەستانی ئۆتۆمبێلەکە هەموو شتێک خامۆش ئەبێ)**

دیمەنی چوارەم

کات
سەرلەبەیانی ڕۆژێکی مانگی ئایاری ساڵی دوو هەزار و چوارە

شوێن

شوێنێکی گشتییە لە شوێنێکی
بێناو و نیشان

کچێک( هەڵەبجەی شەهید) : (**ڕووناکی
لەسەر هەڵەبجەیە و بەسەر شانۆ دێت و
ئەچێ و بەدەنگی بەرز ئەڵێ ( بەتەنیا
جێم مەهێڵن ، ئەمشەو
زریان ئەمچێنێ، تەمومژ دامئەپۆشێ ،
مانگەشەو ئەمرفێنێ) ئینجا
لەناوەڕاست شانۆ ئەوەستێ** )

بەپێنج هەزار خەونی
وەریوەوە هاتووم،بە پێنج هەزار دار ئەناناسەوە
لە کۆڕی ماتەمینی
خۆمدا بەشدارم. هاتووم
پێتان بڵێم ڕاستی لەدەرەوەی گومان جێگای
گومانە. گومان هەمیشە لە
ڕاستیمان نزیک ئەکاتەوە.
سەردەمی یەقین بەسەرچووە. ئەوەی هەیە
تێکەڵییەکە لە گومان و
ڕاستی. ئەوەی بۆنی
سێوی پیاکردم تێکەڵییەکە لە خەبات و خیانەت.
تێکەڵییەکە لەو
پێکهاتە سەیر و سەمەرەیەی کەناوی
بەرژەوەندییە.



شوانە : من لەباوەشی تۆوە چووم و بەسەر
ئاسمانە شین و خەردەلییەکەتدا وەک
هەڵۆیەکی پێکراو دام لەشەقەی باڵ و
لەگەڵ گوڵەباخ و هەزاران گوڵی باخی تر
لەو بەرزەخەوە لێتان ئەڕوانین. من چەند ساڵ
دوای سێو بارینەکە
بەکاروانی وەڕێ کەوتووی گوڵەباخەکان
گەیشتم. من زۆر نەبوو هەوای سەربەستیم
هەڵمژیبوو، کە سییەکانم
دووچاری دەرد بوون و گەشتی ئەبەدیم
کرد.

کچێک( هەڵەبجەی شەهید) : هەموو ڕۆژێ
لەپرسەی خۆم دائەنیشم. بوومەتە خێروخۆشی
بۆ خێر لەخۆدیوەکانی ئەم
هەرێمە. ئەز زامێکی
ساڕێژ نەبووم لەسەر جەستەی ئەم پیرە خاکە.
گۆرانییەکم بەسەر لێوی
وردو درشتەوە،کەچی
نامۆم بەهەتوانی برینەکانم. هەتوانم من
کەوتۆتە کن قولەی قاف و
بۆ ناگیرێ.
هەی لێ هەی لێ هەی
لێ هەی لێ

ئەز لە ئاوێنەی
جەلادەکەمەوە ناڕوانمە شنروێ و بەمۆ،
لەگوێسوانەی بێ ناسنامەییەوە
دڵداری ناکەم لەگەڵ
کۆترەکانی بەهەشت
وەی لێ وەی لێ وەی لێ
وەی لێ

شوانە : من خۆشەویستیم لەسەر لەپی دڵ داناوە. هەموو ڕۆژێ ماڵە و ماڵی سەر ئەم خاکەی پێئەکەم و ئێوارانیش
لەباوەشی شارەزووردا ئەنوێ و ئەبێ بەکۆرپەیەک لە ئارامی، ئەبێ بە سۆزی شنەیەک و ئەئاڵێتە قەد و
باڵای دار ئەناناسەکانی غوربەتی نالی.
ئەبێت بە وەلی دێوانە و لەدەوری باڵای شەمی ئازادیدا ئەکەوێتە باڵەفڕکێ
هەی لێ هەی لێ هەی لێ

هەڵەبجە : لە غروری نالییەوە دەسماڵی غوربەتم ناوەتە سەر شان. شارەزوور لەبەر پێمدا بۆتە پێدەشتی پرسە و
وتنەوەی هۆرەی غەمگینیی. هەموو شەوێ دەبمە پەیژە و سەرئەکەومە سەر هەورە بەرزەکان و خوا ئەدوێنم.



هەموو شەوێ ئەبمە تەیمان و پێنج هەزار پاساری لە فڕینی خۆشنوودی ئەپارێزم.
ئەبم بە مەتەڵ و گۆرانی و
ئەبم بە باوەشێک لە تریفەی ڕژاوی مەرگ.
وەی لێ وەی لی وەی لێ وەی لێ

شوانە : (**ڕووی لە ئامادەبوانە**) کێ لە ئێوە ئەزانێ شەوان لەژێر تارمایی ئەم مۆنۆمێنتە من سەربردەی چ منداڵێک
ئەگێڕمەوە؟ کێ لەئێوە ئاگادارە لە هەموو پرسە و ماتەمینێکدا چۆن دێینەوە و لەهەموو بۆنەیەکیشی فەرمیشدا
ئامادە ئەبین و تف ئەگرینە چاوانی ئەو تاوانبارانەی بازرگانیمان پێوە ئەکەن.
هەی لێ هەی لێ هەی لێ

**( گوڵەباخ دێتە سەر شانۆ. لە هەڵەبجە نزیک ئەبێتەوە. دەستێکی ئەخاتە سەر شانی هەڵەبجە و ڕوو لە شوانە ئەکات)**

گوڵەباخ : ئەرێ پۆڵا و ترێت نەبینیوە؟ لەکوێن؟ (**ڕوو لە ئامادەبوان ئەکات**) ئەی ئێوە ئەیانناسن؟ ماون؟ کوان لەکوێ؟

خۆزگە یەکجاری تر ئەمبینینەوە. وەی وەختە شێت بم بۆیان.

**( ژمارەیەک دە تا پانزە کەس لەناو ئامادەبوانەوە هەڵئەستن و ئەڕۆنە دەرەوە. گوڵەباخ و شوانە و هەڵەبجە یەکەمجار بە هێمنی و دواتریش بەدەنگی بەرز هاوار ئەکەن)**

گوڵەباخ و شوانە و هەڵەبجە : (**پێکەوە**)

بەتەنها جێم مەهێڵن
ئەمشەو زریان ئەمچێنێ
تەمومژ دامدەپۆشێ
مانگە شەو ئەمرفێنێ

**( دەنگیان وردە وردە کز ئەبێ و ڕووناکیش بەهەمان شێوە لەکزبووندایە. تا تاریکی شانۆ دائەپۆشێ)**

پەردە دائەدرێتەوە

2010

چەند تێبینییەکی پێویست :



1- ئەم دەقە بەو نیازە نووسرا تا لەیادی هەژدە ساڵەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا لەلایەن چەند ئەکتەرێکی لاوی شاری ڤانکۆڤەر و لەژێر سەرپەرشتی کاک ڕزگار حەمەڕەشید دەرهێنانی بۆ بکرێ و پێشکەش بکرێ. بەڵام بەداخەوە ئەو ئەکتەرانە نەیانتوانی درێژە بەکاری ڕاهێنان بدەن و شانۆگەرییەکەش نمایش نەکرا.

2- بەشێک لە بیرۆکەی دیمەنی یەکەم هی کاک ڕزگار حەمەڕەشیدە.

3- بەتەنها جێم مەهێڵن ئەمشەو زریان ئەمچێنێ ...تاد شیعری شاعیری ناوداری کورد کاک ڕەفیق سابیرە.

شانۆگەری

## جێگۆڕکێ(لنگەوقووچ)

## کاراکتەرەکان

ئارام : تەمەنی لەدەوروبەری چل و پێنج ساڵ ئەبێ. قژی پڕە، ڕیش و سمێڵ تاشراو، کەیبانووی ماڵە.

پیرۆز : تەمەنی لەدەوروبەری چل و پێنج ساڵ ئەبێ. قژ خورمایی و چاو کاڵە. فەرمانبەرە .

گلێنە : تەمەنی هەژدە ساڵە. قژ ڕەشە، باڵا بەرزە، قوتابییە.

باهۆز : تەمەنی حەڤدە ساڵە. قژ ڕەشە، باڵا بەرزە، قوتابییە.

دەرهێنەر : ژنێکە تەمەنی سی و پێنج ساڵ ئەبێ. باڵا مامناوەندییە، قژ ڕەشە. کابۆیەک و کراسێکی لەبەردایە.

بینەری یەک : تەمەنی چل ساڵ ئەبێ.

بینەری دوو : تەمەنی سی ساڵ ئەبێ.



بینەری سێ : تەمەنی بیست و پێنج ساڵ ئەبێ.

( بینەرەکان با دەرهێنەر ڕەگەز و جلوبەرگ ...تاد دیاری بکات)

شوێنکات

بەپێی دیمەنەکان ئەگۆڕێ

## دیمەنی یەکەم

ژووری ماڵێکی گوزەران مامناوەندی شارێکە لەکۆمارە هەڵگەڕاوەکەی ئەفلاتوون. کات دەمەو ئێوارەی ڕۆژێکی وەرزی پایزە.

پەردە لادەدرێت

دیمەن : شانۆ کراوەتە دوو بەش. بەشێکیان بەتەواوی پێداویستییەکانی ژوورێکی مێوانی ئاسایی بەڵام سادە ڕازێنراوەتەوە. سێ دەرگا

لەسەر دیواری پشتەوەی شانۆ هەن کەبەرەو ژووری نووستنی ئارام و پیرۆز و گلێنە و باهۆز دەکرێنەوە. بەشەکەی تریش مووبەقە و مێزی نانخواردنە کە تەنها دەرگایەکی هەیە ڕوو بەدەرەوە. ڕووناکی لەسەر بەشی مووبەقەکەیە. ئارام لە مووبەقەکە قات بێجامەیەکی دامەدامەی لەبەردایە و بەروانکەیەکی مووبەقیشی کردۆتە مل و خەریکی خواردن ئامادەکردنە.

ئارام : ( **بەدەم دانانی قاپ و پەرداخ لەسەر مێزەکە بانگی باهۆز ئەکات**) باهۆز ئەوە بۆ خۆت شاردۆتەوە و نایەی دەست بدەیتە شتێک، وەرە تۆزێ یارمەتی باوکت بدە.

باهۆز : **( بەدەنگێکی نزم و خراپ بیستراوەوە)** ها، ئەڵێی چی؟

ئارام : (**بەدەنگی بەرزتر**) ئەڵێم بۆ نایەی ئەو شتانەم لەگەڵ ئامادە بکەی، ئێستا دایکت و گلێنە دێنەوە و برسییانە.

باهۆز : **( بە بێ تاقەتییەوە لەدەرگای موبەقەکەوە دێتە ژوورەوە)** ئێ..ئێ وا هاتم **( باهۆز دەست ئەداتە سوراحییەک و بەرەو لای مێزی نانخواردنەکە ئەڕوات و**



**بە هێمنییەوە)** باوکە بۆ دەبێ ئەرکی ئێمە خزمەتکردن بێ و دایکم و گلێنەش دەست بەهیچەوە نادەن و کەچی هەر بۆڵەشیانە؟

ئارام : **( هەناسەیەکی سارد هەڵئەکێشێ)** ئەمە قەدەری خوایە. خوا وای کردووە ئێمەی پیاوان ئیش و کارمان خزمەتکردنی ژنان بێ. لەوەتەی دونیا هەیە ئێمە ئیش و کاری ناوماڵ ئەکەین کەچی تەنها ڕۆژێک چییە ئامادە نین یەک قاپمان بۆ بشۆن.

باهۆز : ( **بەبێزارییەوە**) ئاخر بابە بزانە خوشکم هەموو ڕۆژێ دوای قوتابخانە لەگەڵ هاوڕێکانیدا ئەچێتە دەرەوە و پیاسە ئەکات و جلی جوان لەبەر ئەکات و بەئارەزووی خۆی ئەگەڕێ، کەچی منیش هەفتەی دوو کاتژمێر بۆم نییە لەگەڵ کوڕە هاوڕێکانمدا بچمە دەرەوە.

ئارام : ئاخر کوری خۆم چوونە دەرەوە بۆ کوڕ جایز نییە، خەڵکی چیمان پێئەڵێ. بەخوا دایکت گوێی لەم قسانە بێت هەر شێت ئەبێت.

باهۆز : ( **بەغەمبارییەوە**) ئێ خۆ چوونە دەرەوە مانای ئەوە نییە کاری ناپەسند بکەی.

ئەوە نییە خوشکم هەموو ڕۆژێ
لەدەرەوەیە و کەسیش لەگوڵ کاڵتری پێناڵێ.

ئارام : (**بەسەرزەنشتکردنەوە**) ئاخر ئەو کچە، کچ. بۆ ئەو ئاساییە پرواتە دەرەوە بەڵام بیرت نەچێ تۆ کوڕی. بۆیە ناشێ و ناکرێ وەک ئەو بکەی.

باهۆز : (**بەتوورەییەوە**) ئۆی لەم ژیانە بێمانایە!

**( زەنگی مۆبایلەکەی ئارام لێئەدا. ئارام ئەڕوا بەرەو لای چەپی شانۆ بۆ وەڵامدانەوەی مۆبایلەکەی)**

ئارام : ئەلوو، ئارام قسە ئەکات.

دەنگی پیرۆز : چۆنی ئارام؟

ئارام : زۆر باشم. تۆ چۆنی؟

دەنگی پیرۆز : من باشم. ئەوە چییە بۆ درەنگ وەڵامت دایەوە؟

ئارام : خەریکی خواردن ئامادەکردن بووم. دەستم گیرابوو.



دەنگی پیرۆز : ( **بەنەرمییەوە**) باشە قەیناکە. گوێبگرە چاوەڕوانی من مەکەن و نانی خۆتان بخۆن. من لەگەڵ ژنە فەرمانبەرەکانی هاوڕێم لەدەرەوە نان ئەخۆین و بۆ ئێوارەش ئەچین بۆ یانەی فەرمانبەران. شەو تۆزێک درەنگ ئەگەڕێمەوە.

ئارام : ( **بەبێزارییەوە**) ئێ خۆ بەدڵی تۆ ئەو خواردنانەم لێناوە، ئەگەر بێیتەوە ئێوارێ ئەچینە ماڵی خوشکم...

دەنگی پیرۆز : ( **پێی ئەبڕێ**) نا ڕۆژێکی تر ئەچینە ماڵی خوشکت. تۆ گوێ بگرە تازە ئەمشەو بەڵێنم داوە و پەشیمان نابمەوە. بەڵام دڵنیابە ئەچینە ماڵی خوشکت.

ئارام : ئێ باشە چ قازانجێک لەم یانەیە ئەکەن. پارەیەکی زۆر خەرج ئەکەن و ماڵومنداڵیش لە تەنیایی و چاوەڕوانی ئەهێڵنەوە. من زۆرم پێناخۆشە ئاوا ئەکەی بەڵام بڵێم چی.

دەنگی پیرۆز : چاوەکەم شتێکی خراپمان نەکردووە تەنها تۆزێک خۆمان مەست ئەکەین.

ئارام : (**بەجۆرێک لە پاڕانەوەوە**) ئەی نازانی ئەم مەست بوونە لەسەر حیسابی ئێمەیە.

دەنگی پیرۆز : **( تووڕەیە)** وا نییە. بۆ لەسەر حیسابی ئێوەیە؟ ئێوە لەهیچتان کەم نییە.

ئارام : **(بە گلەییەوە)** چۆن لەهیچمان کەم نییە، تۆ هەفتەی دوو تا سێ جار ئەچیتە یانە و لەدەرەوە نان ئەخۆی. ئەی ئێمە ئارەزوومان نییە بچینە دەرەوە و یانە و بەخۆشی بیگوزەرێنین. بۆ پێت وایە خوا ئێمەی بۆ مووبەق دروست کردووە.

**(وچانێکی کورت)**

دەنگی پیرۆز : دڵی من هەوڵ ئەدەم لەمەودوا کاتتان زیاتر لەگەڵ بەرمەسەر. بەڵام ئەم دانیشتنەمان تازە بڕیاری لەسەر دراوە. نامەوێ بێبەڵێن دەربچم. بۆیە هەر دەڕۆم.

ئارام : باشە ئارەزووی خۆتە،لەڕێگاوبان ئاگات لەخۆت بێ. ناخەوم شەو چاوەڕوانت ئەکەم.

دەنگی پیرۆز : چاکە شەو ئەتبینم. بەنیازی دیدار.

ئارام : بەنیازی دیدار.



**( ئارام مۆبایلەکە دائەخا. مۆسیقایەک غەمبارانە دێتە بەر گوێ، باهۆز دێتە ژووری دانیشتن، مۆسیقاکە کز ئەبێ)**

باهۆز : (**ڕوو لە ئارام ئەکات**) بابە ئەوە دایکم بوو؟

ئارام : بەڵی خۆی بوو. گووتی چاوەڕێم مەکەن و نانی خۆتان بخۆن.

باهۆز : ئەی گلێنە بۆ نەهاتەوە؟ خۆ ئەبوایە ئێستا لەماڵ بوایە.

ئارام : ئەی باوکی بەقوربانی قەد و باڵای گلێنە بێ لەوانەیە لەگەڵ دەستە خوشکەکانیدا سەرقاڵ بێ و هاکا هاتەوە. ئێمە بابچین نانەکەمان بخۆین.

**( ئارام و باهۆز ئەچنەوە مووبەقەکە و خواردن تێئەکەن و لەسەر مێزەکە دائەنیشن و دەست ئەکەنە نانخواردن.**
**دەرگای مووبەقەکە ئەترازێ و گلێنە دێتە ژوورەوە)**

گلێنە : ئێوارەتان باش. ئەوە چیمان هەیە؟

ئارام : پێموابوو پێشبینییەکەم ڕاست دەرچوو، ئەمزانی ئێستا دێیتەوە. ئێمەش تازە هاتینە سەر مێزەکە و دانیشتین. برنج و فاسۆلیام لێناوە.

گلێنە : (**بەدەم چوونە لای دەستشۆرەکەوە**) دەستت خۆش بێ.

**( ئارام هەڵئەسێ دوو قاپ برنج و فاسۆلیای بۆ تێئەکات و لەشوێنەکەی خۆی دائەنیشێتەوە. گلێنەش دائەنێشێ و دەست ئەکات بەنان خواردن)**

باهۆز : دادە بەخێر بێیتەوە.

گلێنە : سوپاست ئەکەم.(**وچانێک**) ئەی دایە نایەتەوە؟

ئارام : نا ئەو هەندێ کاری هەیە و شەو هەندێک درەنگ دێتەوە.

**( ئارام و گلێنە و باهۆز خەریکی نانخواردنن. ڕووناکی لەسەریان کز ئەبێ)**



## دیمەنی دووەم

شوێنکات

هەمان ژووری دانیشتنە و کات نزیکەی دووی شەوە.

ڕووناکییەکی زۆر کەم لەسەر ژووری دانیشتنە. پیرۆز بەهێواشی دێتە ژوورەوە. ڕووناکییەکە زیاتر لەسەر پیرۆزە. پیرۆز لەتر ئەدا و پارسەنگی خۆی بۆ ڕاناگیرێ. پێئەچێ زۆری خواردبێتەوە و چاک مەست بووبێ. پیرۆز گڵۆپێک پێئەکات و کێکێک لەسەر تەبلەکە بچکۆلەکە هەڵئەگرێ و ئەیخاتە دەمییەوە. ئەیەوێ هێمنی ماڵەکە ڕابگرێ. لەو کاتەیا ئارام کەقات و بێجامەی لەبەردایە لەدەرگای ژووری نووستنەوە دێتە دەرەوە و شانۆ ڕووناک ئەبێتەوە.

پیرۆز : (**بەهێواشی و ڕوو لەئارام**) ئەوە چییە هێشتا نەنووستووی؟

ئارام : (**بەچاو هەڵگلۆفینەوە**)نووستبووم بەڵام بەئاگا هاتم.

پیرۆز : دەی تا منداڵەکان بەئاگا نەهاتوون با پڕۆین بنووین.

ئارام : ( **تەماشای سەعاتەکەی سەر دیوارەکە ئاکات**) ئەوە بۆ وا درەنگ گەڕایتەوە، خۆ سەعات دووی شەوە.

پیرۆز : ( **هەوڵ ئەدا خۆی لە وەڵامی پرسیارەکە بدزێتەوە**) سەعات یەک و پەنجاوپێنج خولەکە. باپڕۆین بنووین و بەیانی بۆت ئەگێڕمەوە.

ئارام : **( شانی داوەتە لێوار دەرگاکەوە)** ئەی بۆ ئێستا نایگێڕیتەوە؟ جیاوازی ئێستا و بەیانی چییە خانمی بەڕێز؟

پیرۆز : گووتم با منداڵەکان بەئاگا نەیەن و سبەینێ قوتابخانەیان هەیە و زیاتریشی لەسەر مەڕۆ.

ئارام : ( **بەتوانجەوە**) ئینجا تۆ کەی قوتابخانەی منداڵەکانت بۆ گرنگ بووە . تۆ ئاگات لەچییە. سبەینان لەخەو هەڵدەستی و ئەچیت بۆ کار و تا شەو درەنگانێک نایەیتەوە ئیتر کوا ئاگات لەماڵ و منداڵ ماوە؟



پیرۆز : چاوەکەم با بەم درەنگ شەوە دەنگمان دەرنەچێ. (**وچانێک**) من زۆر ماندووم و سبەینێش ئەچم بۆ سەر کار.

ئارام : ماندووی؟ وەڵڵا جوانە. پێم ناڵێی لەچی ماندووی؟ لەخواردنەوە؟ لەئاهەنگ و سەفا؟ لە سەیرانی نیوەشەوانت؟ یان لەچاوپرکێ و شتر تر؟

پیرۆز : ( **بەپاڕانەوەوە**) ئارام گیان بەس ئەمشەو لێمگەڕێ پەیمان بێ ئیتر بەدڵی تۆ ئەبێ.

ئارام : ( **بەگاڵتەپێکردنەوە**) پەیمان، کام پەیمان؟ تا ئێستا چەند پەیمانی لەم شێوەیەت پێداوم و دواتریش فەرامۆشت کردووە. تۆ نازانی پەیمان شکاندن ئەبێتە هۆی متمانە لەدەستدان. من متمانەم بەبەڵێن و پەیمانەکانت نەماوە. (**بێدەنگییەکی کورت**) لەبیرت چۆوە چەند شەوانی تر پەیمانی لەم جۆرەت پێدام؟ تۆ کەی ئەزانی مانای پەیمان چییە؟

پیرۆز : (**بەتوورەییەوە**) ئینجا بۆ مامۆستایشم بەسەردا ناکەیت؟ ها؟ خۆت لێکردووم بە سوقرات. ئەوە چییە دونیا گۆڕاوە و

هەموو شتێک لەگۆراندایە تەنها تۆ نەبێ.( **بەبێزارییەوە**) ئەی بەزیادی خێرم نەکرد.

ئارام : وەی لەو گۆرانە؟ کامە گۆران؟ بۆ تۆ فەرامۆشکردنی خێزان و ماڵومنداڵ و دانیشتن و خواردنەوەت تا نیوەشەو لەگەڵ هاوڕێکانتا بەگۆران ئەزانیت؟ بۆ پێت وایە نیوەشەوان بەسەرخۆشی بێیتەوە ماڵ، پێشکەوتنە؟

پیرۆز : (**بەتوورەییەوە**) گوێبگرە ئارام. من پێمگووتی باپرۆین بنووین و سبەینێ قسە ئەکەین بەڵام وا دیارە ئەتەوێ بەم شەوە فەرتەنەیەک بقەومێنی.( **توورەتر**) پێت ئەڵێم دەمت دابخە و بڕۆ ژوورەوە تا دونیام بەسەرتا کاول نەکردووی.

ئارام : بۆ نا... ئێوەی ژنان باڵا دەستن و خوا و کۆمەڵگا ئەو هێز و قودرەتەی داونەتێ هەر لەوە ئازان چاو سوور بکەنەوە و هەڕەشە بکەن و لێمان بدەن. بۆ ناکرێ بیر لەڕێگایەکی تر بکەنەوە.

پیرۆز : ( **بەتوورەبوونەوە**) پێمگووتی دەمت دابخە و زیاتری لەسەر نەڕۆ.( **ڕوو لە بینەران ئەکات**) ئەو پیاوانە تۆزێک بدەی بەدەمیانەوە خۆ لەدەست دەرئەچن.



ئارام : بۆ پێتوایە ڕێزگرتن لە منداڵ و خێزان و پاراستنی ئاسوودەیی ماڵ هەر بەهەنها ئەرکی پیاوە؟ توخوا شەرم نییە دوای دوو منداڵی چاوگەش ئێواران ئەڕۆی بۆ یانە ئەوە چییە کوڕێکی قۆزی لێیە. من چ عەیبێکم هەیە وا چاوت لە کوڕ و موڕە؟

پیرۆز : ( **هێمنترە**) نەچاوم لە کوڕە و نەلەهیچ. بەڵام من ژنم و ئێ خۆ ناکرێ لەبەردەم ژنانی تر و هاوڕێکانمدا خۆم بشکێنمەوە و چاو دابخەم.( **وچانێک**) دوای ئەوەش لەهیچت کەم نییە. خانوو، ناوماڵ، ئۆتۆمبێل...تاد چیشت ویستووە بۆم کردووی. دەتۆش بهێڵە بەئاسوودەیی هەناسە بدەین.

ئارام : من چی لەماڵ و حاڵ بکەم کەدڵم خۆش نەبێ. ژنەکەم تا نیوەشەو لەیانەکان خەریکی خواردنەوە و چاوباشقاڵی بێ. ئەمە چ ژیانێکە ئەی خوا بیبڕێ.

پیرۆز : ( **بەتوند و توورەییەوە**) ئێستا ئەچیتە ژوورەوە یان بەتانییەک هەڵبگرم و بچم لەناو ئۆتۆمبێلەکەم بنووم.

ئارام : نا...لەناو ئۆتۆمبێلەکەت مەخەوە. با ئەمجارەشی لەسەر بێ و بزانین بەڵێنی ئەمجارەتان چۆن ئەبێ.

**( ئارام ئەڕواتە ژوورەوە(دەرەوەی شانۆ) پیرۆزیش بەشوێنیدا ئەڕواتە ژووری. گڵۆپەکە ئەکوژێنێتەوە و سەر شانۆ تاریک دادێ)**

دیمەنی سێیەم

شوێنکات

هەمان ژووری دانیشتنە و کات ڕۆژی هەینی نزیکەی یەکی پاش نیوەڕۆیە.

ڕووناکی لەسەر ژووری دانیشتنە. ئارام و باهۆز و گلێنە دانیشتوون. ئارام و باهۆز سەیری تەلەفیزیۆن ئەکەن. دەنگی تەلەفیزیۆنەکە بەهیچ شێوەیەک نایەت. گلێنەش سەرقاڵی مۆبایلەکەیەتی و یاری پێئەکات.

گلێنە : (**ڕوو لە ئارام ئەکات**) باوکە تینوومە. پەرداخێ ئەوم بۆ بێنە.



ئارام : ( **ڕوو لە باهۆز ئەکات**) دەی کوڕم هەستە پەرداخێ ئاو بۆ خوشکت بێنە.

باهۆز : ( **بەیاخیبوونەوە**) وەڵڵا ناچم. ئەی بۆ خۆی ناچێ ئاو بخواتەوە؟ خۆ من خزمەتکاری ئەو نیم.

ئارام : ( **ڕوو لە باهۆز ئەکات و بە توورەییەوە** )وەی چ سەرەخۆرەی. چی ئەبێ ئەگەر بچی پەرداخێ ئاو بۆ خوشکت بێنی.
**( وچانێک. ئمێک لە باهۆز ئەکات و ئینجا خۆی هەڵئەستێ و ئەڕوا سوراحییەک و سێ پەرداخ لەسەر سینییەک دێنێ و لەسەر مێزە بچکۆلەکە دائەنێ و پەرداخێ ئاو تێئەکا ئەیداتە دەست گلێنە و بەمیهرەبانییەوە)** ئا ئاوەکەت بخۆرەوە باوکت بەقوربانت بێ.

گلێنە : ( **ئاوەکە وەرئەگرێ و ئەیخواتەوە**) سوپاس باوکە گیان.

باهۆز : ( **ڕوو لە ئارام ئەکات**) ئەی ئاو بۆ من؟

ئارام : **( بەتوورەییەوە)** ئەی بۆ خۆت هەڵناسی ئاو بخۆیتەوە؟ ئاخر پێمناڵێن کوڕ

بەکەڵکی چی دێت؟ خۆزگە تۆش کچ بوویتایە.

باهۆز : ( **بە قورگی پڕ لەگریانەوە** ) ئەێ چیبکەم کوڕم و کچ نیم. گوناهم چییە کە کوڕم؟( **بەهەنسکدانەوە بەرەو ژووری نووستنەکەی ئەڕوات** ).

گلێنە : ( **بە نازکردنەوە** ) باوکە ئێوارێ بەنیازم لەگەڵ کچە هاوڕێکانم بچم بۆ سەیری فلیمێکی خۆش. هەندێ پارەم پێویستە.

ئارام : ( **دەست ئەخاتە باخەڵی و پارە دەرئەهێنێ** ) ئا بگرە ئەوە بیستوپێنج هەزار دینار ،باوە لەدەورت گەڕێ. بەڵام بیرت نەچێ دوای فلیمەکە یەکسەر بێیتەوە و نەچی لەوسەر کۆڵانانە ڕابوەستی و شتی ناقۆڵا بکەیت.

گلێنە : نا بابە گیان دڵنیابە زوو دێمەوە.

**( گلێنە بەرەو ژووری نووستنەکەی واتا دەرەوەی شانۆ ئەڕوات. باهۆز دێتە ژوورەوە)**

باهۆز : (**ڕوو لە باوک ئەکات**) ئەوە کوا گلێنە؟



ئارام : گلێنە خۆی ئامادە ئەکات و ئەچێ بۆ سینەما. ئێوارە زوو دێتەوە.

باهۆز : ( **بەدەم سکاڵاوە** ) ئەی من بۆ نەچم بۆ سینەما؟

ئارام : ( **بەسەرزەنشتکردنەوە** ) بزانە هەر ئەوەمان کەمە، کوڕمان بچێت بۆ سینەما. تۆ لەبری ئەوەی لەماڵەوە لەگەڵ مندا بی و یارمەتیم بدەی ئەڵێی ئەچم بۆ سینەما. وەڵڵا چاک کوڕم گەورە کرد.

باهۆز : ( **بەتۆزێک شەرمەوە** ) باشە ئەی بۆچی بۆ گلێنە ئاساییە و بۆ من قەدەغەیە؟ هەر لەبەر ئەوەی ئەو کچە و من کوڕم.( **هەناسەیەک هەڵئەمژێ** ) خۆزگە منیش کچ بوومایە و کەس پێی نەگووتمایە چی ئەکەی چی ناکەی.

ئارام : ( **بەدەم ئامۆژگاریکردنەوە** ) کوڕی خۆم کوڕ بوون خۆ عەیب نییە. ئیتر ئەوە سروشتی ژیان وایە. تۆ کوڕێکی ژیری و ئەم ژیرییەتیەش ئەبێتە مایەی بەختەوەریت لەداهاتوودا.

**( بێدەنگی )**

باهۆز : **(ڕۆژنامەکەی سەر مێزەکە هەڵدەگرێ)** چی ئەڵێی باوکە ئەم شیعرەت بۆ بخوێنمەوە کەلەم ژمارە تازەیەی ڕۆژنامەی "ڕەنگاڵە"دا بڵاو بۆتەوە.

ئارام : شیعری کێیە؟

باهۆز : ( **بەدەم هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە**) شیعری عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)ە.

ئارام : نایناسم. ناسراو نییە.

باهۆز : منیش نایناسم باوکە. گرنگ نییە ناسراوە یان نا،گرنگ ئەوەیە بزانین چی نووسیوە. شاعیر چ ناسراو بێت و یان نەناسراو هەریەکە هەوڵدەدا شتی جوان بنووسێ.

ئارام : ئافەرین باهۆز ئافەرین. فەرموو شیعرەکەم بۆ بخوێنەوە.

باهۆز : ( **ڕۆژنامەکە دەگرێتە دەست و دەست ئەکات بەخوێندنەوەی شیعرەکە**)



خۆشەویستی نە ڕێبوارێکی پیادەیە و
نە سوارێکە شمشێر بەدەس
نە لافاوە و نە گۆمێکی بێ ورتە و هەس
نە تریشقەی هەورە و نە با
نە سێبەرەو
نە هاواری گەرووی دەم با
نە جوانێکی بەلەنجەیە و نە پیرێکی کەنەفتەیە.
نە گەرمایی بیابانە و نە چلوورە و نە شەختەیە.
خۆشەویستی گۆرانییە،لایلایەیە
هێزە بۆ دڵ و لەش و چاو
تریفەیە،خەم ڕەوێنە
بۆ ژیان ئازار شکێنە...........

( **دەنگی کردنەوەی دەرگا و داخستنەوەی دێ. باهۆز لەخوێندنەوەی شیعرەکە ئەوەستێ و پیرۆز دێتە ژوورەوە و ئارام لەبەری هەڵدەستێ**)

پیرۆز : ئەم کاتەتان باش. ئەوە خەریکی چین و چی ئەخوێننەوە؟ ( **ڕوو لە باهۆز ئاکات**) ئەوە چییە ماندوو دیاری ؟ چی بووە؟

باهۆز : دایە گیان گلێنە ئەچێت بۆ سینەما و منیش ئەبێ لەماڵەوە بمێنمەوە. ئێ باشە با ڕۆژێکیش ڕێی من بدرێ بچمە دەرەوە.

پیرۆز : باشە ڕۆژێک لەگەڵ خۆم ئەتبەم بۆ سینەما.( **ئەچێتە تەنیشت باهۆزەوە و دەست بەسەریدا دێنێ**) تۆ لەوانەکانت زیرەک بە و لەماڵەوە یارمەتی باوکت بدە چونکە ئیش و کارەکانی ماندووی ئەکەن. منیش هەفتەی ئایندە ئەتبەم بۆ سینەما.

ئارام : ( **ڕوو لە پیرۆز ئەکات و بەدەم سکاڵاکردنەوە**) وەڵڵا پیرۆز باهۆز زۆر کەم یارمەتیم ئەدات. سووتاوم لەژێر ئیش و کاری ماڵەوەدا. بەناشکوری نەبێ کەس یارمەتیم نادات.

باهۆز : (**ڕوو لە پیرۆز ئەکات**) بەخوا ئەگەر خوێندنم نەبێ یارمەتی ئەدەم. ( **بەدەم ڕۆیشتن بەرەو ژوورەکەی**) من خوێندنم هەیە و ئەچم سەعی ئەکەم.

پیرۆز : (**باشە کورم بڕۆ. ئینجا ڕوو بە ئارام**) ئەتەوێ چیت بۆ بکەین، خواردنەکەشت بۆ ئامادە ناکرێ؟



ئارام : تۆ سەیری گێلاس بکە چۆن یارمەتی جوامێر ئەدات و گوێی لەقسەی خەڵکیش نییە.

پیرۆز : ئەوە بە من ناکرێ ئیشی دەرەوە بکەم و ئیشی ماڵەوەشم لەسەر بێ.

( **زەنگی موبایلەکەی لێئەدا. پیرۆز موبایلەکەی دەردێنێ و وەڵام ئەداتەوە**)

پیرۆز : ئەلو، پیرۆز قسە ئەکات. (**وچانێک**)

دەنگی سروە : پیرۆز گیان چۆنی، ئەحواڵت؟( **وچانێک**)

پیرۆز : سوپاست ئەکەم گیانەکەم.تۆ چۆنی؟ (**وچانێک**)

دەنگی سروە : زۆر باشم، ڕیزت هەیە. ئەڵێم خۆ ناوەخت نەبوو زەنگم دا؟ (**وچانێک**)

پیرۆز : نا نا ناوەڵڵا لەگەڵ ئارام و باهۆز بۆ خۆمان دانیشتووین و کارێکی تایبەتم نییە. (**وچانێک**)

دەنگی سروە : ئەڵێی چی سبەی ئێوارە دوای دەوام بچین بۆ ئەو یانە تازەیە. ئەڵێن کوڕێکی

گەنجی قۆزی لێو ئەستووری سینگ توند و پتەوی لێیە کە لەتەماشاکردنی تێر نابی.

پیرۆز : (**هەڵئەستێ و ئەچێتە گۆشەیەکەوە تا ئارام دەنگی باش نەبیستێ**) گووتت گەنجی قۆزی لێو ئەستووری سینگ توند و پتەو. وەی لەم وەسفانە. ئێ کێ و کێ ئەچن؟

دەنگی سروە : من و کوێستان و نازەنین و شیرین و ئەگەر تۆش بێی خۆشتر ئەبێ.

پیرۆز : ( **بەدڵخۆشییەوە**) بەڵی دێم، پێمخۆشە.

دەنگی سروە : باشە با لەوە زیاتر کاتت نەگرم. سڵاوم هەیە بۆ ماڵەوەتان و بەنیازی دیدار.

پیرۆز : منیش سڵاوم هەیە و دەستت خۆش بێ بۆ پەیوەندییەکەت و بەنیازی دیدار.

( **پیرۆز بە کەیفسازییەوە مۆبایلەکەی دائەخات و بزەیەک لەسەر لێوەکانیەتی و لەگەڵ مۆسیقایەکی هێمن لەبەر خۆیەوە ئەم وشانە ئەڵێتەوە"گەنجی قۆزی لێو ئەستووری**



**سینگ توند و پتەو". لەپڕێکا سەرهەڵئەبڕێ و ئارام ئەبینێ لێی وردبۆتەوە**)

( **مۆسیقایەک**)

ئارام : ( **ڕوو لە پیرۆز دەکات** ) ئەوە چییە گەنجی قۆزی لێو ئەستووری سینگ توند و پتەو، دیسانەوە خۆت و سروەخان چیتان لەژێر سەردایە؟

پیرۆز : ( **بەنەوازشەوە**) هیچمان لەژێر سەردا نییە تەنها ئەوە نەبێ سبەی ئێوارە ئەچین لەدەرەوە نان ئەخۆین. بۆیە سبەی ئێوارە چاوەڕوانی من مەکەن و ئێوە نانی خۆتان بخۆن.

ئارام : (**بەسەرزەنشتکردنەوە**) کچی ژنەکە شەرمە بۆ تۆ لەگەڵ سروە لووت پاپەجانە بەدوای کوڕ و موڕ ئەکەون. سەری زار و بنی زارتان سینگی توندە، باڵای بەرزە، لێوی گۆشتنە و بۆ ماچ خۆشە. ئەرێ کەی واز لەم ئەتوارانە ئەهێنن؟

پیرۆز : ( **بە تووڕەییەوە**) دەی دیسانەوە دەستی پێکردەوە.

ئارام : **(بە بێتاقەتییەوە)** ئینجا توخوا ناحەقمەپێت بڵێم ئەو کارانە ناشیرینن و لە تۆ ناوەشێنەوە. بیرێ لەماڵ و منداڵەکانت بکەیتەوە چاکتر نییە؟

پیرۆز : **(هێمنترە)** تۆ ئەتەوێ وەکو مریشکی ناو قەفەس بم لەبەر دەستت. ئاخر من ژنم و ژنیش یانی چوونە دەرەوە و دانیشتن و خواردنەوە.

ئارام : ئەوە ژنسالارییە دەک خوا بیبڕێ.

پیرۆز : پێت خۆش بێ یان ناخۆش بێ هەر ئەوەیە. ئەگەر نا فەرموو جلەکانت هەڵگرە و بڕۆرەوە ماڵی خوشکەکانت.

ئارام : ( **زۆر تووڕەیە و لەتاوا هەنسک ئەدات**) ئای خوایە ئەگەر ئێستا جێی بهێڵم خەڵکی چیم پێئەڵێن؟ کەس ئاگای لەو زووخاوە نییە کەپیرۆز بە گەروومیدا دەکات.

**( ئارام بەدەم گریانەوە هەڵئەستێ و بەرەو دەرەوەی شانۆ ئەڕوات)**

پیرۆز : **(بەبێزارییەوە)** دەڕۆ فینگە فینگی ئەم پیاوە نەڕایەوە. ناوێرم شتێ بکەم ئەیکاتە هەرا



و بەزم.( **ڕوو لە بینەران ئەکات**) بەسەری ئێوە ئەو پیاوە ئەیەوێ لەهەموو خۆشییەکی ئەم ژیانە بێبەش بم. ڕواتان بێ و سوێندتان لەسەرم نییە وەختێ لەگەڵ سروە و شیرین و وان ئەچم بۆ یانەو ئەو کوڕە سینگ توند و تۆڵ و بازوو پڕ لەماسوولکانە دێن و ئەچن و خزمەتمان ئەکەن، هەست بەخۆشییەکی لەڕادەبەدەر ئەکەم و مەست ئەبم، مەست ئەبم پێش ئەوەی یەکەم پێکێک هەڵبدەم. ئەم پیاوەی من زۆر گوناهە. ئەیەوێ هەموو جوانی ژیان لەچاوی ئەوەوە ببینم. ئەو نازانێ ئێمەی ژنان پێویستیمان بەختووکەی چەندین دەستی جیاواز هەیە و قەتیش تێر ناخۆین. لەوانەیە پیاوانیش وا بن. چووزانم خۆ من ژیانی پیاوم ئەزموون نەکردووە. بۆیە ئەگەر خوانەخواستە ببم بە پیاو بڕوا بکەن یەک ڕۆژ ناتوانم بژیم. ناتوانم بژیم..نا..نا..

**( لێرەدا دەنگێک بەرز ئەبێتەوە و هاوار ئەکات(STOP) . ژنێک بڵندگۆیەکی بەدەمەوەیە و لەلایەکی شانۆوە دێتە سەر شانۆ کە پێئەچێت دەرهێنەری شانۆگەرییەکە بێت)**

دەرهێنەر : ڕاوەستە دادە ڕاوەستە. ئەم دیالۆگەی دوایی کەی لەدەقەکەدا هەیە؟ ئەوە چییە لەخۆتەوە شت ئەڵێی؟

پیرۆز : ( **بەپاڕانەوەوە**) داوای لێبووردن ئەکەم دیالۆگەکەم لەبیر چووبۆوە و نەشمویست بوەستم بۆیە ئەم چەند دێرەم لەخۆمەوە بۆ زیاد کرد.

دەرهێنەر : ( **بەتوورەییەوە**) ئاخر ناکرێ و نابێ لەخۆتەوە شت بڵێی کەخزمەت بەدەقەکە نەکات. تۆ نازانی بینەران چاوەڕوانی چیمان لێئەکەن. بینەران دەقی جوان و شیاویان ئەوێ، هونەریان ئەوێ ، هونەر، تێگەیشتی؟

پیرۆز : **( هەناسەیەک هەڵئەمژێ)** تێگەیشتم خوشکی دەرهێنەر تێگەیشتم. ئەبێ ببووری.

( **بینەرێک لەناو بینەرانەوە هاوار ئەکات**)

بینەری یەک : **( ڕوو لە دەرهێنەر ئەکات)** وەڵڵا دادە شانۆگەرییەکە هیچ عەیبی نەبوو تا جەنابت پەیدا بووی و تێکت دا.تۆ



پڕۆرەوە جێگاکەی خۆت با شانۆگەرییەکە تەواو بکەن.

دەرهێنەر : (**ڕوو لە بینەری یەک ئەکات**) جا تۆ هەقت چییە ئەفەنی. من دەرهێنەرم و من بڕیار ئەدەم چی پێشکەش بکرێ نەک تۆ. تۆ بینەرێکی و هیچیتر.

بینەری دوو : خوشکی دەرهێنەر چۆن ئێمەی بینەران هەقمان نییە. ئەگەر ئێمە نەبین تۆ شانۆگەری بۆ دیوار و کورسی و گڵۆپەکان ساز ئەکەی؟
بینەری سێ : دادە گیان کاتمان نییە بەدیار ئەم قسە بێکەڵکانەوە دانیشین. ئەگەر شتێکتان پێیە بۆ وتن فەرموو بیڵێن و ئەگەریش نا با پڕۆین بەلای ئیش و کارمانەوە.

دەرهێنەر : (**ڕوو لە بینەران دەکات**) ئێوە ئەگەر ئاوا دەمتان گەرمە بۆ ناچن دژ بە ناهەقیەکانی کۆمەڵگە شاتەشات بکەن.
خۆ من دووژمنی باوەگەورەی ئێوە نیم. من ئەمەوێ هونەرێکی مەزنتان پێ ببەخشم، چێژبەخش بێ. لەبەرئەوە داوای لێبووردنتان لێئەکەم و ئەمەوێ شتەکان بەئارەزووی من بڕوات نەک بەئارەزووی ئێوە.

بینەری یەک : ئێ باشە خۆ تا ئێستا دەیان دەرهێنەری شانۆیی پیاومان هەبووە کەچی کەسیان بەئەندازەی تۆ لەخۆبایی نەبوون. ئەوە چی وای لێکردووی ئاوا بێ منەت قسە بکەی. تۆ نازانی بەگژ چیدا ئەچیتەوە؟ تۆ ناتوانی پێناسەی خۆت لەدەرەوەی ئێمە بکەیت. بۆیە باشترە وریا بی و قسەی زیاتر هەڵنەبزرکێنیت.

دەرهێنەر : بەڕێزان...من تەکنیکم زۆر بۆ مەبەستە لەگەڵ ڕێچکەی دەرهێنان. من ئەمەوێ تازەگەری بکەم و بەداهێنانێکی جوانتان ئاشنا بکەم ئینجا...
بینەری دوو : ( **قسەکەی پێئەبڕێ**) ئینجای چی و تازەگەری چی دادە گیان. ئەگەر پێت وایە خۆتێهەڵقورتاندنی تۆ و ئێمەش تازەگەرییە ئەوا بەهەڵەدا چووی. چونکە تۆ نە جێرسی گرۆتۆڤسکیت تا بەرگری لە شانۆی هەژاران بکەیت و و نەڕێبازی برێختیشت گرتۆتەبەر. ئەم شێوازە زۆر کۆنە بۆیە چاکترە بیر لە شێوازێکی تر بکەیتەوە.

دەرهێنەر : (**بەلەخۆبایبوونەوە**) نا شانۆی واقیعیتان لەخەیاڵا پێشکەش ئەکەم. ئەمەش شتێکی تازەیە.



بینەری یەک : ( **بەگاڵتەپێکردنەوە**) وەی کەوا نییە. شانۆی واقیع لە خەیاڵ هەر بوونی نییە. تۆ زیاتر بەس ژنەکەت کردۆتە پیاو و جێگۆڕکێت پێکردوون.

دەرهێنەر : جێگۆڕکێم بە واقیع کردووە. تۆ نازانی دەست لەواقیعدان مانای چییە؟ مانای گۆڕانە. مانای ڕەتکردنەوەی شتە پێناسەکراوەکانە، مانای ڕەتکردنەوەی کۆن و شتە باوەکانە. ڕەتکردنەوەی شتە باوەکانیش یانی نوێخوازی.

بینەری سێ : خانمی دەرهێنەر هاوکێشەیەکی بۆ خۆی دروست کرد و خۆشی لەوپەڕی شۆڕشگێڕی دانا. دەی دادە گیان شانۆگەرییەکەمان بۆ تەواو بکە.
دەرهێنەر : شانۆگەری چی. شانۆگەرییەکە تەواو. هەر ئەوە بوو کە بینیتان.
بینەری یەک : بەڵام ئێمە دەرئەنجامەکەی نازانین.

بینەری دوو : تۆ دەرت نەخست ئەو ستەمە کەی کۆتایی دێ؟

دەرهێنەر : ئەوانە کێشەی ئێوەن. ئەوە ئێوەن بڕیار لەسەر دەرئەنجامەکەی ئەدەن نەک من. من کارم تەواو بوو و هەر خۆش بن.

**( بینەرانی یەک و دوو و سێ لەجێگای خۆیان دائەنیشنەوە و ڕووناکی وردە وردە کز ئەبێ و شانۆ تاریک دادێ)**

2010

ناواخن


1- پێشکەشە ........................................... 3
2- لە ڕوانگەی ئەم دەقانەوە ئەمەوێ بڵێم چی؟...... 5
3- ماڵئاوا ئەی خەون ................................ 11
4- ڕۆژە مردووەکان .................................. 35
5- پرسیارە سەرمەدییەکان ........................... 46
6- کرتە .............................................. 55





7- ئاوابوونی ڕیپۆرتاژێک ............................ 67
8- تارمایی نیشتمان ................................. 88
9- برایەتی ......................................... 97
10- نقوومبوون لە گۆمی لێڵ .......................... 116
11- هەڵوەرینی خەونەکان ............................ 140
12- جێگۆڕکێ (لنگەوقووچ) ........................... 172
13- ناواخن ......................................... 202


پرۆفایلی عەبدوڵا سلێمان( مەشخەڵ)

* عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) لە ساڵی 1964 لە شاری کەرکوک لە دایک بووە.
* خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی وپاشان پەیمانگای تەکنەلۆجیای لە ساڵی 1986 هەر لە کەرکوک تەواو کردووە.

* لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە شیعر دەنووسێ و لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان و سایتە ئەلەکترۆنییەکان شیعر و وتاری ڕەخنەیی ئەدەبی و سیاسی و جەماوەری بڵاوکردۆتەوە.
* بەشداری چەندین کۆڕی شیعری کردووە لە شاری هەولێر لە ساڵی (1983) و لە کەرکوک لە ساڵی (1985).
* دوو کۆڕی شیعری تایبەتی کردووە لە شاری ڤانکۆڤەر لە کەنەدا لەساڵی 2001 و لە ساڵی 2010 .
* لە ساڵی 1987 لەگەڵ جەماڵ کۆشش و هۆشەنگ "حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست" دادەمەزرینن و بۆ ماوەی سێ ساڵ 12 ژمارەی گۆڤاری ڕابەر دەردەکەن.
* سەرنووسەری چەندین ژمارەی ڕۆژنامەی "دەنگی بێکاران" بووە لەنێوان ساڵانی 1992 – 1994 .
* ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هانا بووە لەنێوان ساڵانی 1997 – 2000 .
* ئێستاش شانزە ساڵە لە وڵاتی کەنەدا دەژێت.

لە بڵاوکراوەکانی شاعیر

* چرای شۆڕش، شیعر (دەستنووس) 1989



* دیوارەکان ئەڕوخێنین، وەرگێڕانی بەشێک لە شیعرەکانی برێخت لەژێر ناوی(دلاوەر حوسێن)(دەستنووس) وەرگێڕان 1990
* چاوم لێیە، شیعر 1992
* چەند گۆرانییەک لە جەنگەڵستانی ژیانەوە، شیعر 1992
* نامیلکەی (دەربارەی قانونی جەمعیاتی حکومەتی هەرێم) لێکۆڵینەوە - دیداری سیاسی 1993
* نامیلکەی (با ئاوڕێک بۆ دواوە تەکانێک بێت بۆ پێشەوە) لەژێر ناوی(مارف عوسمان) مێژوویی - سیاسی 1993
* ڕژانی دڵۆپەکانی مەنفا، شیعر 2005
* بیابانێکی پڕ لە دووکەڵ، شیعر - وەرگێڕان 2006
* گوڵە مۆرەکان، منداڵان -چیرۆک- وەرگێڕان 2006
* ئەڵاس، شیعر - وەرگێڕان 2007
* ئاکشن، شانۆگەری - وەرگێڕان 2008
* لولا و سەگەکەی منداڵان - چیرۆک - وەرگێڕان 2009
* دڵی سەرباز شانۆگەری – وەرگێڕان 2009

کتێبی ئامادە بۆ چاپ

* چەند تێکستێکی سەر تاشە بەردەکانی وەرکا، شیعر
* لە پەنای ئێوارەیەکی مەخمەلیدا..گووتمان، دیدار و ووتارو وەرگێڕان
* ئێدوارد ئەلبی، شانۆگەری و چاوپێکەوتن
* لەژێر دووکەڵێکی ڕەشدا، بیرەوەری کارەساتی ڕۆژی هەولێر
* فیفوخان و هاوڕێکانی، شانۆگەری - وەرگێڕان
* کۆمەڵێ دەقی شانۆیی، شانۆگەری - وەرگێڕان
* پاسارییەک گشت سبەینان ئەڵی سڵاو چیرۆک بۆمنداڵان- وەرگێڕان



**Lying next to the State's Ghost**

Several Short Plays

Written By: Abdullah Sulaiman (Mashkhal)

## ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد پاش کۆنفرانسی ئازادی بەچاپی گەیاندوون جگە لە گۆڤاری گزنگ کە بەردەوام مانگانە دەردەچێت

| ز | ناوی کتێب | بابەت | نووسەر | وەرگێڕ | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| 108 | خوێندنەوەی چەند دەقێکی ئەدەبی و فیکری | خوێندنەوە | سامان محەمەد | | 2010 |
| 109 | هەرمێیەکانی فیرعەون | شیعر | ئەحمەدی مەلا | | 2010 |
| 110 | تەونێك لە شیعر و وشە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | مەحمود نەجمەدین | | 2011 |
| 111 | 1 1 1 نامەی سۆزداری | تێکستی دڵداری | کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: حەمە سەعید زەنگنە | | 2011 |
| 112 | دانای کوێخا شەوکەت | ڕۆمان | موعتەسەم ساڵەیی | | 2011 |
| 113 | سەمای روح | کورتە چیرۆك | نەوزاد یوسف کاکەیی | | 2011 |
| 114 | سلێکوك هۆکلێر عاجباتیی هەشتەم | ڕۆمان | عەبدوڵڵا سەڕاج | | 2011 |
| 115 | خەزان و شنەی بەیان | شیعر | غازی ڕەشید زەنگنە | | 2011 |
| 116 | بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی حەفتا و هەشتاکانی هەولێر | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | د.هیمدادی حوسێن | | 2011 |
| 117 | ئاوابوونی جەستە لە سەفەری دڵدا | شیعر | ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان | | 2011 |
| 118 | دەرگاکان | کۆچیرۆك | خالید مەجید فەتحوڵڵا | | 2011 |
| 119 | تەنیا لەبەر مەعاشەکەیە | کورتیلە چیرۆك | بەکر دەروێش | | 2011 |
| 120 | گەشەکردنی زمانی منداڵ | زمانی منداڵ | | و: د.ئازاد باخەوان و ناصح محمد | |
| 121 | لە لووتکەی ئەدەبی ئەڵمانەوە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | عومەر عەلی شەریف | | 2011 |
| 122 | وازیەکانی ڕەشە گۆم | ڕۆمان | کاکە مەم بۆتانی | | 2011 |
| 123 | شاری لەغەم ئاوسبوو | ڕۆمان | سالار ئیسماعیل سەمین | | 2011 |
| 124 | ململانێ لەگەڵ پرسیاردا | کۆدیدار | دانا عەسکەر | | 2011 |
| 125 | ئەو نامانەی بۆ پیرێتی خۆم دەیاننێرم | دەق | سوارە نەجمەدین | | 2011 |
| 126 | عامُ الصِّفْرْ | شعر | صباح ڕەنجدەر | ترجمة: المهندس محمد حسين رسول | 2011 |
| 127 | ڕاکشان لە تەنیشت تارمایی نیشتمانەوە | چەند دەقێکی شانۆیی | عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ) | | 2011 |